عەلی باپیر



بنەڕەتەکانی مرۆڵانەتییەکی ڕاست وهاوسەنگ

2021-1442

www.alibapir.com

بنەڕەتەكانی مسوڵمانەتییەكی
ڕاست وهاوسەنگ

www.alibapir.com

بنەڕەتەکانی مسوڵمانەتییەکی ڕاست و هاوسەنگ

نووسین: عەلی باپیر

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نوسینگەی تەفسیر

چاپی یەکەم ١٤٤٢ك - ٢٠٢١ز

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوە
هەولێر- شەقامی 30 مەتری تەنیشت مناره‌ی چۆلی
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
/TafseerOffice

ئامادەکردنی پێڕست - نوسینگەی تەفسیر
عـــەلی بـــاپیر (نووسەر)
بنەڕەتەکانی مسوڵمانەتییەکی ڕاست و هاوسەنگ
١٩٤ لاپـــەڕە
١٤ * ٢١ سـم
بابـەت : ئایینی
ISBN : 978-99-22-632-11-7

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان
ژمارە سپاردنی (٢١٩) ی ساڵی ٢٠٢٠ پێدراوە

"بیروبۆچونی ئەم کتێبە، مەرج نیە هەمان بیرو بۆچونی نوسینگەی تەفسیر بێ"

خـــەتی بـــەرگ : نـــــەوزاد کۆیـــی
دیزاینی ناوەوە : زەردەشت کاوانی

www.alibapir.com

مەوسووعەی

بەرەو باشترتێگەیشتن و پێگەیشتن

- کتێبی ١٢ -

بنەڕەتەکانی مرۆڵانەتیەکی ڕاست و هاوسەنگ

نووسینی

عەلی باپیر

www.alibapir.com

www.alibapir.com

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱصۡبِرُواْ وَصَابِرُواْ وَرَابِطُواْ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٢٠٠ ﴾ آل عمران.

www.alibapir.com

www.alibapir.com

پێشکەش بێ

بەو مسوڵمانانەی بە عەقڵێکی هۆشیارو دڵێکی بێدارەوەو، بە شێوەیەکی هاوسەنگ: دوور لە بە زایەدان و زێدەڕۆیی، دینداربییەکی ڕاست و ساغ دەکەن و، لە قووڵایی ناخیانەوە، ڕەزامەندیی و بەخششی خوا داوا دەکەن.

www.alibapir.com

www.alibapir.com

پێشەکی و ڕێ خۆشکردن

إِنَّ الْحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ، وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا، وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَن يَهْدِه اللهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضلِلْ فَلاَ هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَن لاَ إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسولُهُ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ آل عمران.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾ النساء.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ الأحزاب.

أَمَّـــا بَعْـــدُ:

فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيثِ كَلاَمُ الله، وَخَيْرَ الْهَدِي هَدْيُ مُحَمَّد صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَة، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ، وَكُلَّ ضَلاَلَةٍ فِي النَّار.

www.alibapir.com

مسوڵمانانی بەڕێز و خۆشەویست!

بێگومان گەورەترین و بەرزترین مەبەست (غاية) کە مرۆڤی مسوڵمان لە ژیانی دنیای دا بیهێنێتەدی و پێی بگات، بریتیە لە ڕەزامەندیی خوا (رضوان الله) وەك خوای کارزان و میهرەبان، فەرموویەتی:

﴿وَرِضْوَانٌ مِّنَ ٱللَّهِ أَكْبَرُ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٧٢﴾﴾ التوبة.

واتە: ڕەزامەندییش لە خواوە گەورەترینە (لە هەموو شتێك، تەنانەت بەهەشتیش) ئەوە سەرفرازیی مەزنە.

خواش سبحانه وتعالی تەنیا بەوە لە مرۆڤ ڕازیی دەبێ، کە شوێن ئایین و بەرنامە تێر و تەواوو بێ خەوشەکەی (ئیسلام) بکەوێ، بە بەڵگەی ئەوە کە خوای زانا و شارەزا، تەنیا ئیسلامی بە بەرنامەی ژیانی مرۆڤەکان پەسند کردوە، وەك فەرموویەتی:

﴿وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا ۚ ﴿٣﴾﴾ المائدة.

واتە: ئیسلامم بە بەرنامە بۆ پەسندکردوون.

کەواتە: کەسێك شوێنی ئایین و بەرنامە پەسندکراوەکەی خوا عزوجل نەکەوێ، خوا لێی ڕازی نابێ و پەسندی ناکات.

بەڵام ئایا: هەر شوێنکەوتنێکی ئیسلام و، هەر جۆرە دینداریی و مسوڵمانەتییەك، لەلای خوا پەسندە؟ بێگومان نەخێر، بەڵکو وەك چۆن مەرجە دەبێ تەنیا خوا بپەرستین، مەرجیشە کە تەنیا بەو جۆرەی داینناوە، بیپەرستین، هەروەها وەك چۆن پێویستە: تەنیا ئیسلام بەرنامەی ژیانمان بێت و، بەس شوێن ئەو ئایین و تێر و تەواوەی خوا بکەوین، بە هەمان شێوەش پێویستە: تەنیا بەو شێوە و

www.alibapir.com

چۆنیەتییە پەسندکراوەش، شوێنی بکەوین و جێ بەجێی بکەین، کە خوای کاربەجێ دیاریی کردوە، لەمیانی ڕێباز (سنة)ی پێغەمبەری کۆتایی خۆی (محمد)دا صلی الله علیه وسلم.

ئنجا بەڕێــزان!

ئەم کتێبە {بنەڕەتەکانی مسوڵمانەتییەکی ڕاست و هاوسەنگ} ئامانج لێی دەستنیشانکردنی ئەو پایە و بنەڕەتانەیە، کە مسوڵمانەتیی و دینداریەکی ڕاست و هاوسەنگیان لەسەر بنیات دەنرێ، لە ژیانی تاك و کۆی مسوڵمانان دا، بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە، کە من هەوڵم داوە گرنگترین و سەرەکییترینی ئەو بنەڕەتانە، لە سی و یەك (٣١) دانەدا، کورت بکەمەوە.

بۆیەش گوتوومانە: {مسوڵمانەتییەکی ڕاســت و هاوسەنگ} چونکە:

مسوڵمانەتیی و دینداریەك لە لای خوای تاك و پاك، پەسندە، کە لە ڕووی خود و چییەت (ذات و ماهیّة)ەوە، ڕاست و تەواو بێ و، لە ڕووی شێوە و چۆنیەتیی (شکل وکیفیة)ەوە، هاوسەنگ و نەلەخشاو بێ، هەڵبەتە هەتا لە کتێبی موبارەکی خواوەش نیزیکتر بین و، کارلێکی چاکتری لەگەڵدا بکەین، دینداریی و مسوڵمانەتییەکەمان ڕاستتر دەبێ و، هەتا بە ڕێبازی(محمد) پێغەمبەریشەوە صلی الله علیه وسلم، پابەندتر بین، پێی ئاشناتر بین، مسوڵمانەتیی و دینداریەکەمان، هاوسەنگتر دەبێ.

www.alibapir.com

شایانی باسیشە: ئەم کتێبە لە پێنج بەش پێکهاتوە، بەمجۆرەی خوارێ:[1]

بەشی یەکەم: حەوت پایەی کۆکەرەوەی ئیسلام.

بەشی دووەم: هەشت بنەمای پێویست، بۆ ڕاست تێگەیشتنی ئیسلام.

بەشی سێیەم: هەشت پایەی سەرەکیی، بۆ دروست پێکەوە مامەڵە کردنی مسوڵمانان.

بەشی چوارەم: حەوت ڕۆشنکەرەوەی، شێوازی کاری پاکسازیی و چاکسازیی.

بەشی پێنجەم: هاوسەنگیی (إتِّزان) بناغەی کەسایەتیی (شخصية)ی مسوڵمانە.

هیواداریشم هەموو لایەکمان بوێرانە و دڵسۆزانە و وردبینانە و، دووربینانە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو سی (٣١) بنەڕەتەدا، چاوێکی

---

(١) - لە کۆی ئەو سی و یەك (٣١) بنەڕەت (أصل)ە، حەڤدە (١٧) یان، لە بەشی دەیەمی کتێبی پێنجەمی: {مەوسووعەی: بیرکردنەوەی ئیسلامیی لە نێوان وەحیی و واقیع دا} گوازراونەتەوە، (لاپەڕە:٢٢٧- ٢٧٦)و، سێزدە (١٣) شیان، لە کتێبێکی عەرەبی خۆم، بە ناوونیشانی: {حوارات ساخنة حول قضايا راهنة: في ميادين الفكر والفقه والدعوة و السياسة} وەرگیراون، (لاپەڕە:٢٨٥- ٢٩٥- ٢٩٨- ٣٠٨) هی کۆتاییشیان باسێکی سەربەخۆیە کاتی خۆی نووسیومەو سەرجەمیان بوونە: سی و یەك (٣١) بنەڕەت، بێگومان لە هەردووك گواستنەوەو وەرگرتنەکەش دا، سووکە دەستکاریی و پاش و پێش و جێگۆڕکێ هەبووە، بۆ گونجانی زیاتر لە گەڵ سروشتی ئەم کتێبی دوازدەیەم و کۆتاییەی:(مەوسووعەی: بەردو باشتر تێگەیشتن و پێگەیشتن)دا.

www.alibapir.com

جیددیی بە مسوڵمانەتیی و دینداریی خۆمان دا بگێڕینەوە، لە هەردووك ڕووی فیکریی و کردەیی(تیۆریی و پڕاکتیکییەو) و، هەر هەڵە و پەڵە و لاریی و لاسەنگییەکمان تێدا بینی، لایبەرین و ڕاستی بکەینەوە.

٢٢ / ڕەجەب /١٤٤١ك

١٧ / ٣ / ٢٠٢٠ ز

هەولێر

ئەلی باپیر/AliBapir
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر
AliBapir/ئەلی باپیر
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر
archive.org/details/@alibapir
AliBapir
کەناڵی
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر

www.alibapir.com

www.alibapir.com

بەشی یەکەم

حەوت پایەی کۆکەرەوەی ئیسلام

www.alibapir.com

www.alibapir.com

دەستپێك

بەڕێـــزان!

لەم بەشی یەکەمە دا، حەوت بنەڕەت (سبعة أصول) لە (بنەڕەتەکانی مسوڵمانەتییەکی ڕاست و هاوسەنگ) وەك: (حەوت پایەی کۆکەرەوەی ئیسلام) دەخەینەڕوو کە ئەمانەن:

پایەی یەکەم: بووننناسیی (معرفة الوجود)، ئەو بناغەیە کە کۆی ئیسلامی لەسەر بنیاتنراوە.

پایەیی دووەم: ئیمان، بەرهەمی بووننناسییە.

پایەیی سێیەم: خواپەرستیی، هەڵقوڵاوی ئیمانە.

پایەیی چوارەم: تەزکیەو تەقوا، بەرهەمی خواپەرستیین.

پایەیی پێنجەم: ڕەوشتی پەسند، بەرهەمی ئیمان و خواپەرستیی و تەزکیەو تەقوایە.

پایەیی شەشەم: خێزان بناغەی کۆمەڵگای ساغ و تۆکمەیە.

پایەیی حەوتەم: بنیاتنانی قەوارەی سیاسیی: دوا ئاڵقەی پابەندییە بە ئیسلامەوە.

لە سۆنگەی ئەوەشەوە کە لە کتێبەکانی پێشووی ئەم مەوسووعەیەدا، کەم و زۆر ئەو بنەڕەت و پایانەمان، لە ژێر ناوونیشانی دیکەدا شیکردوونەوە، لێرەدا بە کورتیی و گوشراویی، لەبارەیانەوە دەدوێین و،

www.alibapir.com

ئەوەی لێرەدا پێویستە جەختی لەسەر بکەینەوە، ئەوەیە کە ئەو حەوت پایە کۆکەرەوەیەی ئیسلام، وەك ئاڵقەکانی زنجیرێك پێکەوە پەیوەستن و، هەرکامێکیان بەوەی پێش خۆی و دوای خۆیەوە، بەستراوە.

www.alibapir.com

پایەی یەکەم

بووننناسیی ئەو بناغەیە، کە کۆی ئیسلامی لەسەر بنیاتنراوە

خوێنەرانی سەنگین!

لە کتێبی پێنجەمی ئەم مەوسووعەیەدا، لە بەشی یەکەمی: (پایەکانی بووننناسیی)دا، بە درێژیی باسی بووننناسیی و پێنج پایە سەرەکییەکانیمان کرد و، لێرە پێویست بە دووبارە کردنەوە ناکات، بەڵام ئاماژە بە هۆکاری بناغە بوونی بووننناسیی (معرفة الوجود - ontology) دەکەین بۆ کۆی ئیسلام و دەڵێین:

زانایانی ئیسلام هەمیشە کە باسی ئیسلامیان کردوە، لە باسی ئیمانەوە دەستیان پێکردوە: ئیمان بە خواو فریشتەکان و کتێبەکانی و پێغەمبەرەکانی و ڕۆژی دوایی و قەدەرو قەزا!

بەڵام من پێم وایە: ئیسلام پێش ئیمان، لە بووننناسیی (معرفة الوجود)ەوە دەست پێدەکات، مەبەستیشمان لە بووننناسیی ئەوەیە کە فەلسەفە بە درێژایی مێژوو خۆی، پێیەوە سەرقاڵ بووە، فەلسەفە بە گشتی: هی یۆنان و میزوپۆتامیا و هیندو چین و میصرو فارس و .... هتد، کە لە نهێنی بوون (سرُّ الوجود)ی کۆڵیوەتەوە:

١- ئەم بوونە چییە؟

٢- کێ خاوەنیەتی؟

٣- بۆچی هێناویەتە دی؟

٤- بۆ کوێ دەچێ؟

www.alibapir.com

٥- من کێم؟

٦- بۆچی هاتووم؟

٧- سەرەنجامم چییە؟

ئەم پرسیارانەش جگە لە وەحیی خوا، کە بە پێغەمبەرانی خوادا نێردراوە،هیچ شتێك، وەڵامی ڕاست و دروستی نەداونەوە.

بە سەرنجدانی قورئانیش زۆر باش، دڵنیا دەبین کە خوای زاناو شارەزا، بە باسی ئیمان دەستی پێنەکردوە، بەڵکو بە بووناسیی دەستی پێکردە، واتە: ناساندنی گەردوون و بەدیهێنەرو ژیان و مرۆڤ. بۆ نموونە با سەرنجی ئەم ئایەتە بە پێزەی کتێبی خوا بدەین:

﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ وَكَانَ عَرْشُهُۥ عَلَى ٱلْمَآءِ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۗ وَلَئِن قُلْتَ إِنَّكُم مَّبْعُوثُونَ مِنۢ بَعْدِ ٱلْمَوْتِ لَيَقُولَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِنْ هَٰذَآ إِلَّا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿٧﴾ ﴾هود.

واتە: (خوا) ئەو کەسەیە کە ئاسمانەکان و زەوی بە شەش ڕۆژان (لە شەش قۆناغان دا) هێناونەدی و، بارەگاکەشی لەسەر ئاوێ بوو، تاکو تاقیتان بکاتەوە: کامەتان کردەوەی باشترە؟ ئنجا ئەگەر بڵێی بە بێگومان ئێوە دوای مردن زیندوو کراوەن، بە جەختکردنەوە ئەوانەی دەڵێن: ئەم (قورئان)ە تەنیا جادوویەکی ئاشکرایە.

www.alibapir.com

شەش بنەما سەرەکییەکەی بووننناسیی لەم ئایەتەدا:

یەك: [وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ]:

کەواتە: خوا عزوجل بەدیهێنەر و خاوەن و مشوورخۆری گەردوونە.

دوو: [فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ]:

یانی ئەم گەردوونە خوای کاربەجێ و، توانا بە شێوەیەکی پلە پلەیی (تدرج) دروستی کردوە، بە شەش قۆناغ، چونکە وشەی [أَيَّامٍ] کۆی (یوم)ەو، (یوم)یش بەماوەیەك لەکات دەگوترێ بەبێ دیاریکردنی ئەندازەکەی.

سێ: [وَكَانَ عَرْشُهُۥ عَلَى ٱلْمَآءِ]:

کەواتە: بەر لەوەی گەردوون بێتەدی، بەلای کەمەوە دوو دروستکراوی دیکەی خوا عزوجل هەبوون:

١- (عرش) تەخت (تەختی حوکمڕانیی).

٢- (ماء) ئاو.

چوار: [لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا]:

کەواتە: حیکمەت و ئامانج لە دروستکرانی گەردوون هەمووی، تێدا تاقیکرانەوەی مرۆڤانە (هەروەها جندیش).

پێنج: [وَلَئِن قُلْتَ إِنَّكُم مَّبْعُوثُونَ مِنۢ بَعْدِ ٱلْمَوْتِ]:

www.alibapir.com

کەواتە: پاش ئەم ژیانەی دنیا کە جێی تێداتاقیکردنەوەیە، قۆناغێکی دیکەی ژیانیش هەیە کە شوێنی سزاو پاداشتەو ڕۆژی دواییە.

شەش: [لَيَقُولَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِنۡ هَٰذَآ إِلَّا سِحۡرٞ مُّبِينٞ]:

ئەمەش هەڵوێستی چەسپاوی بێبڕوایانی عەقڵ داخراوو ئاست نزمە، کە لە جیاتی لێکۆڵینەوەو پشکنین، هەمیشە پەنایان بردۆتە بەر تۆمەتبارکردن و ناشیرین کردن.

بەڵێ ئیسلام بە هەموو بەش و پێکهاتەکانیەوە، وەك بینایەك لەسەر بناغەی بووناسی وەستاوەو وەك گوتیشمان: پێشتر بە درێژیی لە بارەی بووناسییەوە دواین، بۆیە لێرەوە بەم ئاماژەیە وازی لێ دێنین و، ئەوە دووبارە دەکەمەوە کە:

بۆ ناسین و ناساندنی ئیسلام پێویستە، لە بووناسییەکەیەوە دەست پێ بکەین، نەك لە هەر بەش و پێکهاتەیەکی دیکەیەوە.

پایەی دووەم
ئیمان بەرهەمی بووناسییە

هەڵبەتە مەبەستمان لە (بووناسیی) بووناسیی ئیسلامییە، یان بە تەعبیرێکی ڕاستترو فراوانتر: بووناسیی هەڵقوڵاو لەسەرچاوی زوڵاڵی وەحیی ساغ و دەستکاریی نەکراوی خوا، کە بۆ سەرجەم پێغەمبەرانی هەڵبژاردەی خۆی ناردوویەتی و، تاکە بووناسیی ڕاست و ڕوون و ڕەوانە.

بەڵێ هەر عەقڵ و دڵێك، بووناسیی ڕاستەقینەی تێدا بچەسپێ و، خۆی و خوا، دەوروبەرو گەردوون بناسێ، ئەو ناسین و زانینە پاڵی پێوەدەنێ، بڕوا بە بەدیهێنەرو خاوەن و مشوورخۆری خۆی گەردوون بێنێ و، هەڵوێستێکی ئەرێنیی (إیجابي) و شایستە بەرانبەر بە خوا عز وجل پێشان بدات.

بەڵام لێرەدا مەبەستمان ئەوەنیە کە:

بە هۆی بووناسیی ڕاست و دروستەوە، یەکسەر چییەتی ئیمان و پایەکانی و وردەکارییەکانیشمان بۆ دەردەکەون! چونکە وەك چۆن بووناسیی (معرفة الوجود) پەکی لەسەر وەحیی کەوتوە، ئیمانیش بە هەمان شێوە لە ڕێی وەحییەوە نەبێ، نازانرێ، وەك خوای زانا و شارەزا فەرموویەتی:

﴿ وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا ۚ مَا كُنتَ تَدْرِى مَا ٱلْكِتَٰبُ وَلَا ٱلْإِيمَٰنُ وَلَٰكِن جَعَلْنَٰهُ نُورًا نَّهْدِى بِهِۦ مَن نَّشَآءُ مِنْ عِبَادِنَا ۚ وَإِنَّكَ لَتَهْدِىٓ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٥٢﴾ ﴾ الشورى.

بەڵکو وێڕای ئەوەی ڕابرد، مەبەستیشمان ئەوەیە کە:

www.alibapir.com

١-بووننناسیی بناغەی لەسەر وەستانی ئیمان و سەرچاوەی لێوە هەڵقوڵانیەتی.

٢- دەبێ لە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن و تێگەیاندنی ئیسلامدا، خاڵی دەست پێك و سەرەتا: بووننناسیی بێت، نەك شتێکی دیکە.

پێنج پایەکانی ئیمانیش [ئیمان بەخوا و فریشتەکانی و کتێبەکانی و پێغەمبەرانی و ڕۆژی دوایی] لە قورئان دا، باسکراون: ﴿لَّيْسَ ٱلْبِرَّ أَن تُوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ ٱلْمَشْرِقِ وَٱلْمَغْرِبِ وَلَٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلْكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّۦنَ وَءَاتَى ٱلْمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ ذَوِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينَ وَٱبْنَ ٱلسَّبِيلِ وَٱلسَّآئِلِينَ وَفِى ٱلرِّقَابِ وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ وَٱلْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَٰهَدُوا۟ ۖ وَٱلصَّٰبِرِينَ فِى ٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَحِينَ ٱلْبَأْسِ ۗ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُوا۟ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُتَّقُونَ ﴿١٧٧﴾﴾ البقرة.

ئیمان بە قەدەریش لە فەرمایشتی پێغەمبەردا، پاڵدراوەتە لای پێنج پایەکەی ئیمان: {الإِيمَانِ: أَنْ تُؤْمِنَ بِاللَّهِ وَمَلاَئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَتُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ} أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ: ٨.

شایەنی باسیشە:

(ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی) هەڵەیە جگە لە وەسفی (ئیسلامیی) بە هیچ وەسفێکی دیکە بناسرێ، وەك: (سەلەفیی، صۆفیی، ئەشعەریی، خەلەفیی ... هتد)، چونکە خوای بەرزو مەزن بۆ خۆی لە قورئان دا، لەبارەی ئیمانەوە، نوختەی خستۆتە سەر پیت و، تەنانەت بۆ پێغەمبەریشی صلی الله علیه وسلم بەجێ نەهێشتووە، مسوڵمانانیش تەنیا یەك ئیمان و عەقیدەیان هەیە، کە ئیمان و عەقیدەی ئیسلامییە.

www.alibapir.com

پایەی سێیەم

خواپەرستیی هەڵقوڵاوی ئیمانە

وەك چۆن ئیمان لەسەر بناغەی (بووناسیی) بنیات دەنرێ، بگرە بووناسیی خوازیاری ئیمان بە خوای بەدیهێنەرو خاوەنی گەردوونەو، خوازیاری ئیمان بە فریشتە نوێنەرەکانی خوایە، کە هیدایەت و بەرنامەی خوا بۆ پێغەمبەران: ڕەوانەکراوانی خوا، بێنن، هەروەها خوازیاری ڕۆژی دوایی و دیداری خواشە، بە هەمان شێوەش: ئیمان بە خواو فریشتەکانی و کتێبەکانی و پێغەمبەرەکانی و ڕۆژی دوایی، خوازیاری خواپەرستیی و بەندایەتی کردنە بۆ خواو، هەرکات مرۆڤ بەڕاستیی ئیمانی هێنا، ئیمانەکەی ناچارو واداری دەکات خوای بەدیهێنەرو پەروەردگارو خاوەنی خۆی بپەرستێ، هەر بۆیەش مەگەر چۆن ئەگەرنا هەرکات وشەی (إیمان) لە قورئاندا هاتبێ وشەی (العمل الصالح)یشی بە دوادا هاتوە: (آمنوا وعملوا الصالحات)، (آمن وعمل صالحاً)، کە بێگومان باشترین جۆری کردەوەی چاك خواپەرستییە، بۆیەش خوای کاربەجێ کردوویەتی بە حیکمەت و ئامانجی دروستکرانی مرۆڤ و جن:

﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾ الذاریات.

لە کتێبی شەشەمیش دا: (خواپەرستیی، تەزکیە، تەقوا) بە درێژیی لە بارەی خوا پەرستییەوە دواوین و، لێرە بەم ئاماژە کورتە وازی لێ دێنین.

www.alibapir.com

پایەی چوارەم

تەزکیەو تەقوا بەرهەمی خواپەرستیین

بەڵێ بەڕێزان! هەرکام لە تەزکیە بوونی نەفس: پاك و چاکبوون و گەشەکردنی و، پارێزکاریی زادەو بەرهەمی خواپەرستیین، بە هەردووك چەمکەکەی خواپەرستیی:

١- چەمکی گشتیی و ڕاستەقینەی: ئەو پەڕی خۆشویستن و بە مەزنگرتن و، سام و هەیبەت لێکردن و، پشت پێ بەستن و مل بۆ کەچکردن، بۆ خوا عزوجل.

٢- چەمکی تایبەتی و عورفیی: دروشمەکانی خواپەرستیی (شعائر العبد).

مەبەستیش لە تەزکیەی نەفس ئەوەیە کە: دڵ و دەروون و ناخی مرۆڤ پاك بێتەوەو بشۆرێ لە چڵك وچەپەری خوو و خدەو سیفەتە نزم و پەستەکان و، بڕازێتەوە بە ئاکارو خەسڵەتە بەرزو پەسندەکان و سەرەنجام: شایستەیی ئەوەی هەبێ، میوانی تەقوا پێشوازیی لێ بکات و بیحەوێنێتەوە.

پارێزکاریی (تقوی)یش ئەوەیە کە مرۆڤ حاڵەتێکی وای بۆ دروست بێ، هەمیشە چاودێریی خۆی بکات لە بەرانبەر خوادا کە هیچ فەرمانێکی - بە فەرز و سوننەتەوە - نەچوێنێ و، هیچ قەدەغەیەکیش - بە حەرام و ناپەسندەوە - نەشکێنێ، چونکە (راغب الأصفهاني) لە پێناسەی تەقوادا گوتوویەتی: (وَصَارَ التَّقْوَى فِي تعَارف

www.alibapir.com

الشَّرْعِ: حِفْظُ النَّفْسِ عَمَّا يُؤْثِم)[1]، یانی: تەقوا لە زاراوەی شەرعدا، خۆپاراستنە لە هەر گوناهبارکەرێك، هەڵبەتە گوناهەکانیش بە گشتی دوو جۆرن:

١- چواندنی ئەرکەکان (ترك المأمورات)

٢- شکاندنی قەدەغەکان (ارتکاب المحظورات).

پێشتریش لە کتێبی شەشەم دا، بە درێژیی باسی هەکام لە: تەزکیەو تەقوامان کردوە.

(١) مفردات ألفاظ القرآن، ص ٨٨١، دار القلم، ط٣ / ٢٠٠٢م.

www.alibapir.com

پایەی پێنجەم

ڕەوشتی پەسند، بەرهەمی ئیمان و خواپەرستیی و تەزکیە و تەقوایە

بەڵێ ڕەوشتی پەسندو ئاکاری جوان، میوەیەکە لە درەختی ئیمان و خواپەرستیی و تەزکیەو تەقوا، پەیدادەبێ، هەر بۆیەش پێغەمبەری خوا (محمد) صلى الله عليه وسلم ڕەوشتی بەرزو پەسندی لەگەڵ خواپەرستیی و پارێزکاریی دا، یەکسان کردوەو فەرموویەتی: {إِنَّ الْمُؤْمِنَ لَيُدْرِكُ بِحُسْنِ خُلُقِهِ، دَرَجَةَ الصَّائِمِ الْقَائِمِ} أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُد: ٤٧٩٨، وَابْنُ حِبَّانَ:٤٨٠، وَأَحْمَد: ٢٤٣٩، وَصَحَّحَهُ لألبَاني.

واتە: مسۆگەر بابای بڕوادار بە ڕەوشتی بەرزو جوانی، دەگاتە پلەی بەردەوام شەو نوێژکەری ڕۆژووگر.

هۆکاری ئەوەش ئەوەیە، کە مرۆڤ کاتێك دەتوانێ ڕازاوەبێ بۆ ڕەوشتی بەرزو پەسندو ئاکاری جوان و ڕەند، کە خواپەرست و پارێزکاربێ و، خاوەنی نەفسێکی پاك و چاك (مُزَكَّاة) بێ.

کتێبی نۆیەم: (ڕەوشتبەرزیی: دروشمی سەرەکیی جەماوەری مسوڵمانان) یشمان بۆ قسەکردن لە بارەی ڕەوشت و ئاکاری بەرزو پەسندەوە، تەرخانکردوە، بۆیە لێرە بەم ئەندازەیە لێی دەگەڕێین.

www.alibapir.com

پایەیی شەشەم

خێزان بناغەی کۆمەڵگای ساغ و تۆکمەیە

بابەتی خێزان و پەیوەندیی نێوان ژن و مێرد لە لایەکەوەو، دایك و باب و ڕۆڵەکانیان لەلایەکی دیکەوەو، خێزانەکان پێکەوە لەلایەکی دیکەوە: بابەتێکی یەکجار گرنگ و هەستیارەو، بەندە پانتاییەکی باشم بۆ قسە لەسەرکردنی لە بەرهەمەکانی خۆم دا، بۆ تەرخانکردوە، چونکە وێڕای: (مەوسووعەی: ئافرەت و خێزان لە سایەی شەریعەت دا)، لە کتێبی یازدەیەمی: (مەوسووعەی: الإسلام کما یتجلی فِي کتاب الله)یش دا قسەم لەبارەوە کردوەو، لە کتێبی پێنجەمی: (مەوسووعەی: بیرکردنەوەی ئیسلامیی ..)یش دا بەشێکم بۆ داناوە.

بە دڵنیاییەوەش خێزانانێك دەگونجێ ببنە بناغەی کۆمەڵگەیەکی ساغ و سەلیم و تەندروست، کە لە خودی خۆیاندا ساغ و تۆکمە بن و، ئەویش کاتێك دەبێ کە تاکە پێکهێنەرەکانیان (الأفراد المکوِّنون) ساغ و تەواو بن. ئەوانیش - بە پلەی یەکەم ژن و مێرد و دایك و بابەکان - کاتێك ساغ و ڕێك و پێك دەبن، کە بە ئیمان و خواپەرستیی و تەزکیە و تەقواو ڕەوشت و خووی بەرزەوە پەروەردە کرابن.

کەواتە:

ئەگەر بمانەوێ خێزانەکان مەحکەم و پاك و چاك بن - بە تایبەت لەم ڕۆژگارەدا کە کاری تێکدەرانەی بێڕەزاو سەخت دەکرێ لە دژی خێزان و بەهاو ڕەوشتە بەرزە مەعنەوییەکان - دەبێ کاری جدیی

www.alibapir.com

بکەین لەسەر تێگەیاندن و پێگەیاندنی تاکی مسوڵمان: ئیماندارو خواپەرست و تەزکیە کراوو پارێزکارو ڕەوشتبەرز.

پاشان بنیاتنانی خێزان لەسەر بناغەیەکی مەحکەم و، دواتریش و چاودێریی کردنی و ئاگا لێبوونی و مشوورلێخواردنی و پاراستنی.

www.alibapir.com

پایەی حەوتەم

بنیاتنانی قەوارەی سیاسیی: دوا ئاڵقەی پابەندییە بە ئیسلامەوە

بنیاتنانی قەوارەی سیاسیی (دەوڵەت) لە ئیسلام دا، لە خودی خۆیدا ئامانج نیە، بەڵکو ئامڕازەو، پاشان دوا قۆناغی پابەندیی بە ئیسلامەوەو، جێبەجێ کردنی شەریعەتەکەیەتی، واتە: دەبێ پێشتر لە لایەن کۆمەڵ و کۆمەڵگای مسوڵمانانەوە، سەرجەم بوارەکانی ئیسلام جێبەجێ کرابن و هەزم کرابن:

١- بووننناسیی،

٢- ئیمان و عەقیدە،

٣- تێڕوانینەکان و بەهایەکان و پێوەرەکان (التصورات والقيم والموازين)،

٤- خواپەرستیی،

٥- تەزکیەو تەقوا،

٦- ڕەوشت و ئاکارە بەرزو پەسندەکان،

٧- ئەدەبە کۆمەڵایەتییەکان ..

ئنجا دوای ئەوە کۆمەڵگا شایستەی ئەوە دەبێ کە لە بوارەکانی حوکم و سیاسەت و ئیدارەو ئابوورییی و پەیوەندییەکان و جەنگ و ئاشتیی و ... هتددا، بە شەریعەتەوە پابەند بێ، ئەم ڕاستییەشمان بۆیە خستە ڕوو، چونکە:

www.alibapir.com

زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵ و ڕێکخراوە، لە پێناو ئیسلامدا، تێکۆشەرەکانی ئەم ڕۆژگارەمان، هەر خەون بە دەوڵەتی ئیسلامییەوە دەبینن و، پێیان وایە بەرزترین ئامانج و مەبەستەو، هەر کۆمەڵ و ڕێکخراوێك بەو ئامانجە نەگات، مانای وایە: بە ئامانج نەگەیشتوەو بێ مراد بووە!

کە لە ڕاستیی دا ئەوە ڕاست نیەو، ئەگەر بێت و کارو هەوڵ و خەباتی پێغەمبەرانی پایە بەرزی خوا (علیهم الصلاة والسلام) بەو تەرازووە لاتەڵە هەڵسەنگێنین، - دەبێ بڵێین: زۆربەی هەرە زۆریان بێ مراد بوون! چونکە بە پێی ئەوە کە خوا لە قورئاندا بۆی گێڕاوینەوە لە بەسەرهاتەکانیان - تەنیا ژمارەیەکی بە پەنجەکانی دەست ژمێردراو، توانیویانە قەوارە سیاسیی تەواو یان نیوە چڵ، دروست بکەن:

١- نووح (علیه السلام) دوای طۆفان.

٢- مووسا (علیه السلام) کە قەوارەیەکی سیاسیی بۆ بەنو ئیسرائیل لە بیابانی سینادا پێکهێنا.

٣و٤ - داوود و سولەیمان علیهما السلام کە هەم پێغەمبەرو، هەم حوکمڕانیش بوون و، خاوەن قەوارەی سیاسیی بوون، بەڵام تەنیا لە فەڵەسطین و ئەو پەڕەکەی شامیشدا هەمووی.

٥- ئیبڕاهیم علیه السلام کە خوای کارزان و میهرەبان جۆرێك لە موڵك و دەستڕۆیشتوویی، پێداوە، هەرچەندە زیاتر وا پێدەچێ لە ڕووی ئابوورییەوە بووبێ:

﴿فَقَدْ ءَاتَيْنَآ ءَالَ إِبْرَٰهِيمَ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَءَاتَيْنَٰهُم مُّلْكًا عَظِيمًا ﴿٥٤﴾﴾ النساء.

www.alibapir.com

٦ـ موحەممەد صلی الله علیه وسلم کە قەوارەیەکی سیاسیی دروستکردو، دواتر چوار جێنیشینە سەرڕاست و هیدایەتدراوەکان (أبو بکر و عمر و عثمان و علي) خوا لێیان ڕازی بێ، فراوانیان کرد تاکو بەشێکی زۆری دنیای ئەوکاتەی گرتەوە.

بەڵێ بەڕێـــزان!

پێکهێنانی قەوارەی سیاسیی، یان بە دەستەوە گرتنی جڵەوی حوکمڕانیی و ئیدارەی کۆمەڵگا، نەك هەر گەورەترین ئامانج و لووتکەی هیواو مەبەستی کارو جموجۆڵی ئیسلامیی و دینداریی مسوڵمانان نیە، بگرە لە خودی خۆیشی دا، ئامانج نیەو، تەنیا ئامرازەو، ئەو پەڕی دەتوانین بڵێین: ئەویش یەکێکە لە ئامانجەکان، ئنجا ئەگەر مسوڵمانان پێی گەیشتن، باشە، بەڵام ئەگەر وەك زۆربەی هەرە زۆری پێغەمبەرانی خوا (صلی الله علیهم وسلم)، بۆیان نەلوا بیهێننەدی، ئەوە بێگومان ئەمانە هەموویان و زۆری دیکەش، ئامانج و مەبەستی گرنگ و گەورە گەورەن، کە لە میانی دینداریی و مسوڵمانەتیی خۆیان و مشوور لێخواردنی کۆمەڵگاو دەوروبەریان دا، دەتوانن، دەستەبەریان بکەن:

١- هێنانەدی بەندایەتیی (عبودیة) لە خودی خۆیاندا، بۆ خوا تبارك وتعالی.

٢- ناساندنی خوای بەرزو مەزن بە خەڵکی و، بانگەوازکردنیان بۆ لای ئایین و بەرنامەکەی.

٣- خەڵك کردنە بەندەی خواو، تێگەیاندنیان لە ڕاستییەکانی ئایین و بەرنامەکەی.

www.alibapir.com

٤- بڵاوکردنەوەو ڕەواج پێدان و چەسپاندنی خەسڵەتە بەرزو پەسندە کەسیی و کۆمەڵایەتییەکان، کە قورئانی بەڕێز باسی کردوون و، پێغەمبەری خوا (محمد) لە ژیانی تاکیی و خێزانیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی دا، بەرجەستەی کردوون.

٥- ڕیشەکێش کردنی خەسڵەت و ڕەفتارە، دەروونیی و کردەییەکان، لەسەر ئاستی تاك و کۆ، تێکڕای ئەو کار و ڕەفتارانەی کە شەریعەتی خوا، قەدەغەی کردوون.

www.alibapir.com

بەشی دووەم

هەشت بنەمای پێویست، بۆ ڕاست تێگەیشتنی ئیسلام

www.alibapir.com

www.alibapir.com

دەستپێك

بەڕێـــزان!

لەم بەشی دووەمە دا، هەشت (٨) بنەمای گەورەو گرنگمان دیاریی کردوون، کە پێمان وایە ڕەچاوکردن و کارپێکردنیان و، پێوە پابەند بوونیان، ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێ لە ڕاست و دروست و هاوسەنگ تێگەیشتنی ئیسلام دا، ئەوانیش ئەمانەن:

بنەمای یەکەم: ئیسلام تەنیا لە قورئان و سوننەت دا بەرجەستەیە.

بنەمای دووەم: بەبێ تێگەیشتنی قورئان، نازانین ئیسلام چیەو، بەبێ گرتنی ڕێبازی پێغەمبەریش، نازانین قورئان چۆن جێ بەجێ بکەین!

بنەمای سێیەم: بناغەی دینداریی ڕاست و کاری ئیسلامیی بەجێ، ڕاست تێگەیشتنی ئیسلامی بەرجەستەیە لە قورئان و سوننەت دا.

بنەمای چوارەم: ئیسلام بەبێ نوێکردنەوە - تازەکردنەوەی لێتێگەیشتنی - لە ژیان و گوزەران بەجێ دەمێنێ.

بنەمای پێنجەم: بناغە لە بواری ئیمان و خواپەرستیی دا: شوێنکەوتنی وەحییە، بەڵام لە بواری هەڵسوکەوتەکان دا، بناغە دەستکراوەیی و داهێنانە، بە مەرجی دژ نەوەستان لەگەڵ وەحیی دا.

بنەمای شەشەم: شەریعەت لە بواری چەسپاوەکان (ثوابت)دا، چۆتە نێو وردەکارییەکانەوە، بەڵام لە بواری گۆڕاوەکان (متغیرات)دا، بە کورتیی و گشتیی (إجمال) دواوە.

www.alibapir.com

بنەمای حەوتەم: وەك چۆن ئەسڵ لە شتان دا، پاکییەو، لە هەڵسوکەوتاندا، ڕەواییەو، لە کەسەکاندا، ئەستۆ پاکییە، بە هەمان شێوەش: ئەسڵ لە مسوڵمانانیش دا، مسوڵمانەتییە، هەتا پێچەوانەکەی بە بەڵگەی دڵنیاکەر دەچەسپێ.

بنەمای هەشتەم: قورئان کردنە پێوەرو تەرازوو، بۆ ڕێژەی گرنگیی و بایەخ پێدانی شتەکان.

بەڵێ خوشك و برا مسوڵمانە خۆشەویستەکانم!

پێم وایە ئەگەر ئەم هەشت (٨) بنەما گەورەو گرنگە ـ کە ئایەتەکانی قورئان و، دەقەکانی ڕێبازی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم و، عەقڵ و زگماکی ساغ و تەواو، شایەدو بەڵگەیانن ـ ڕەچاو بکرێن و پابەندییان پێوە بکرێ، مسوڵمانان تێگەیشتنێکی ڕێك و ڕاست و هاوسەنگیان بۆ ئایین و بەرنامە هاوسەنگ و تێرو تەواوەکەی خوای پەروەردگار دەبێ و، بەملاولادا ڕێیان لێ تێکناچێ.

www.alibapir.com

بنەمای یەکەم

ئیسلام، تەنیا لە قورئان و سوننەت دا بەرجەستەیە

ئەم ڕاستییەمان زۆر جار گوتۆتەوە، بەڵام هەتا بگوترێتەوە، هەر دەیهێنێ، چونکە دەردی کوشندەی مسوڵمانان ئەوەیە کە وێڕای وەحیی، شتی دیکەشیان لەخۆیان کردۆتە دین، مەبەست لەم ناوونیشانە، ئەوەیە کە جگە لە قورئانی بەپێز و ڕێبازی پێغەمبەری بەڕێز موحەممەد (صلى الله عليه وسلم)، ئەوی دیکە هەرچی کە لەبەر دەستی مسوڵماناندا هەیە، لە:

١- تەفسیرەکانی قورئان.

٢- ڕوونکردنەوەکانی سوننەت.

٣- کتێب و بەرهەمەکانی بوارەکانی: بووننناسیی، ئیمان و عەقیدە، عیبادەت، تەزکیەو ئەخلاق، فیقە، ئوصووڵی فیقە، سیرە و مێژوو... هتد.

هەمووی بە تێگەیشتنی مسوڵمانان بەگشتی و زانایان بە تایبەت، لەبارەی ئیسلامەوە دادەندرێ، نەك بەخودی ئیسلام، کەواتە: بێجگە لە قورئان و سوننەت، کە وەحیی خوایان تێدا کورت هەڵاتوە، هیچ شتێکی دیکە وەك ئایین پابەندکەر (مُلْزِمْ) نیە بۆ مسوڵمانان، کە نەتوانن لێی لابدەن، بۆ وێنە: ئەبووبەکر (رضي الله عنه)، یان عومەر (رضي الله عنه) شتێکیان گوتوە، ئایا بۆ ئێمە دەبێتە دینێکی پابەندکەر؟ نەخێر، بەڵێ ئەگەر بڵێن: خوا وایفەرمووە

www.alibapir.com

و ئایەت بخوێننەوە، یان فەرمایشتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بگێڕنەوە، ئەو کاتە ئەوان نەقڵی ئایەتەکەو نەقڵی فەرمایشتەکە دەکەن، بەڵام ئەگەر بۆچوونێکی خۆیان بێ، بە ئایین دانانرێ، بۆیەش نموونەم بە ئەبووبەکرو عومەر هێنایەوە خوا لێیان ڕازی بێ، چونکە لە دوای پێغەمبەری خاتەم (صلى الله عليه وسلم) لەوانمان بەڕێزترو گەورەترو خۆشەویستتر نیە، پێیان گوتراوە: هەردووك وەزیرەکەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، بەڵام تەنانەت ئەوانیش، قسەکانیان هەر بۆچوونی ئەوانە، دەربارەی ئەو بابەتە کە لێی دواون، وەك گوتمان: ئەگەر ئایەت بێ، ئەوە ئایەت ئایەتەو، ئەگەر فەرمایشتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بێ، ئەوان نەقڵیان کردوە، بەڵام ئەگەر تێگەیشتن بێ لە ئایەت، یان تێگەیشتن بێ لە فەرمایشتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، تەماشای دەکەین: دەگونجێ پێکابیان و، دەشگونجێ نەیانپێکابێ، هەرچەندە بە تەئکید هاوەڵان بەگشتی خوا لێیان ڕازی بێ و، لە نێویاندا چوار خەلیفە ڕاشیدەکان، پێمان وایە لە هەموو کەس باشتر لە ئیسلام تێگەیشتوون و، لە هەموو کەسیش باشتر پێوەی پابەند بوون، بەڵام هەر چۆن بێ: بۆچوونەکانی ئەوان و تێگەیشتنی ئەوان، بەتێگەیشتنی ئەوان دەربارەی ئیسلام دادەندرێ، نەك بەخودی ئیسلام.

کۆتایی ئەم بنەمایەش بەهێنانەوەی ئەم ئایەتە دێنین، کە بەڵگەو بناغەی ئەوەیە کە گوتمان:

﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَۚ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقٗا ٦٩﴾ النساء

www.alibapir.com

واتە: هەرکەس فەرمانبەریی خواو پێغەمبەر بکات، ئەوانە (لەڕۆژی دوایی) لەگەڵ کەسانێکدان کە خوا چاکەی لەگەڵدا کردوون، لەپێغەمبەران و صیدیقان و شەهیدان و سالّحان و ئەوانەش چاکترین هاوەڵن.

www.alibapir.com

بنەمای دووەم

بەبێ تێگەیشتنی قورئان، نازانین ئیسلام چییەو، بەبێ گرتنی ڕێبازی پێغەمبەریش نازانین قورئان چۆن جێبەجێ بکەین

بەڵێ بەڕێزان! بەبێ لێتێگەیشتنی قورئان، کە نەخشەی گشتیی ئیسلامی گرتۆتە خۆی، نازانین ئیسلام چییە و چۆنە؟ هەربۆیەش نەك هیچ کتێب و بەرهەمێکی هیچ زانا و پێشەوایەك، ناکرێ و ناشێ بکرێتە جێگرەوە (بدیل)ی قورئان بۆ ناسینی ئیسلام و لێتێگەیشتنی، بگرە ڕێباز (سنة)ی پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) جێگرەوە (بدیل)ی فەرمایشتی بەرز و بەپێز و بێ وێنەی خوا عزوجل نیە، چونکە بێگومان پێغەمبەری خوا، هەموو ئەو ڕاستیی و پایە بنەڕەتیی و ئامانج و مەبەستە گەورە و سەرەکییانەی ئیسلام، کە خوای کاربەجێ و زانا لەقورئان دا فەرموونی و، بەباشترین شێواز خستوونیە ڕوو، مەگەر جاروبار بۆ جەختکردنەوە و داکۆکییکردن، یان بۆ ڕوونکردنەوەی وشەیەکی مانا نارووون، بۆ هەندێك لە هاوەڵان، ئەگەرنا بەتەمای قورئان، لەو ڕاستییانەی ئیسلام گەڕاوە و باسی نەکردوون، کەواتە:

هەرکەس بەتەمابێ لەڕێی سوننەت و ڕێبازی پێغەمبەری خواوە (صلی الله علیه وسلم) ئیسلام بناسێ، مانای وایە لەڕێی غەیری خۆیەوە بۆ ئامانجێك چووە و پێی ناگات، چونکە ئەرکی سوننەت و ڕێبازی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) ناساندنی ئیسلام نیە، بەڵکو پێشاندانی چۆنیەتی جێ بەجێکردن و پراکتیزە کردنیەتی لەسەر ئەرزی واقیع.

www.alibapir.com

هەربۆیەش: وەك چۆن بەبێ لێتێگەیشتنی قورئان، نازانین ئیسلام چییە؟ بەهەمان شێوەش:

بەبێ گرتنی ڕێبازی پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) ناتوانین قورئان پراکتیزە بکەین، واتە: هەتا لە قورئان تێ نەگەین، نازانین ئیسلام چییە، ئیسلام بە تیۆریی (نظري) لە قورئاندا بەرجەستەیە و، بەبێ گرتنی ڕێباز (سنة)ی پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم)، ئێمە ناتوانین قورئان جێبەجێ بکەین.

کەواتە: ئیسلام وەك ئایین و بەرنامە، لەقورئاندا بەرجەستەیە و، وەك جێبەجێ کردن و لایەنە کردەییەکەشی، سوننەت لە ئەستۆی گرتوە، یانی: بە لێتێگەیشتنی قورئان، ئیسلام فام دەکرێ و، بەگرتنی ڕێبازی پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) لەسەر ئەرزی واقیع و بەکردەوە، ئیسلام جێ بەجێ دەکرێ.

کۆتایی ئەم بنەمایەش بەم دوو ئایەتە دێنین، کە بناغە و هەوێننی:

١- ﴿ إِنَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ يَهْدِى لِلَّتِى هِىَ أَقْوَمُ وَيُبَشِّرُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا كَبِيرًا ﴿٩﴾ ﴾ الإسراء

واتە: بەدڵنیایی ئەم قورئانە بەرەو چاکترین و ڕاستترین، ڕێنمایی (خەڵك) دەکات و موژدەی پاداشتیکی گەورەش بەو بڕوادارانە دەدات کە بڕوادارن و کردەوە باشەکان دەکەن.

٢- ﴿ قُلْ أَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُوا۟ ٱلرَّسُولَ ۖ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّمَا عَلَيْهِ مَا حُمِّلَ وَعَلَيْكُم مَّا حُمِّلْتُمْ ۖ وَإِن تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا۟ ۚ وَمَا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلْبَلَٰغُ ٱلْمُبِينُ ﴿٥٤﴾ ﴾ النور.

www.alibapir.com

واتە: بڵێ فەرمانبەریی خواو فەرمانبەریی پێغەمبەر بکەن، ئنجا ئەگەر پشتیان هەڵکرد ئەو ئەوەی پێی سپێرراوە لەسەریەتی و، ئێوەش ئەوەی پێتان سپێرراوە لەسەرتانەو، ئەگەر بەقسەی بکەن ڕێی ڕاست دەگرن و، پێغەمبەریش جگە لە گەیاندنی ڕوونی لەسەر نیە.

www.alibapir.com

بنەمای سێیەم

بناغەی دینداریی ڕاست و کاری ئیسلامی بەجێ، ڕاست تێگەیشتنی ئیسلامی بەرجەستەیە لە قورئان و سوننەت دا

بەڵێ براو خوشکانی خۆشەویستم!

هەرکەسێك وەك بەندایەتیی و پەرستن بۆ خوای بەرزو مەزن عزوجل، پابەندبێ بە ئیسلامەوەو، بە شێوەیەکی ڕێك و پێك کار بۆ ئیسلام بکات، ئنجا بە تاکیی، یان لە میانی کۆمەڵێك، یان کۆمەڵەو ڕێکخراوێك، یان دامەزراوەیەك، یان دەزگایەك...،هتد دا، پێویستە بەر لە هەرشتێك:

یەکەم: بە شێوەیەکی قووڵ و ڕاست لە ئیسلام تێبگات، کە ئیسلامیش جگە لە قورئان و سوننەت شتێکی دیکە نیە، بەڵام ئایا تەنیا ڕاست و دروست تێگەیشتنی ئیسلام و ناسینی، لە دوو سەرچاوە ڕوون و زوڵاڵەکەی وەحیی دا، بەسە تاکو بتوانێ دایبەزێنێتە سەر ئەرزی واقیع؟ بێگومان نەخێر، بەڵکو مەرجێکی دیکەش ماوە:

دووەم: دەبێ شارەزایی و بەرچاوڕونییەکی باشیشی لە بارەی واقیعەوە هەبێ و، بزانێ ئەو کۆمەڵگاو خەڵکەی لە نێویان دایە چۆنن: لە ڕووی فیکریی و کۆمەڵایەتیی و کلتوورو نەرێت و سیاسیی و ئابووریی و ... هتدەوە؟!

فەرمایشتی خواش:

﴿ قُلْ هَٰذِهِۦ سَبِيلِىٓ أَدْعُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ ۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِى ۖ وَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٠٨﴾ ﴾ یوسف.

www.alibapir.com

واتە: (ئەی محمد!) بڵێ: ئەوە کە لەبەر ڕۆشنایی و شارەزایی (بە دین و ژین)دا خۆم و شوێنکەوتووانم(خەڵك) بۆ لای خوا (و ئایین و بەرنامەکەی) بانگەواز بکەین، ئا ئەوە ڕێبازی منە، پاکییش بۆ خواو من لە هاوبەشدانەران نیم.

پێویستیشە بگوترێ: کە هۆکاری سەرەکیی هەڵەو پەڵەو خلیسکان و لادانەکانی زۆرێك لە مسوڵمانان بە گشتیی و، بە تایبەت لە بواری کارو چالاکیی و جم و جۆڵیاندا دووان بوون:

١- تێگەیشتنیان بۆ ئیسلام، ناتەواو و کرچ و کاڵ بووەو شتانێکیان لە: ئیجتیهادو مەزهەب و ڕێباز (طریقة)و قوتابخانە (مدرسة) و حیزب ... هتد بە ئیسلام داناون، کە ئیسلام نەبوون و، تێگەیشتن و ئەزموون و هەوڵی مسوڵمانان بوون لە دینداریيان دا.

٢- واقیع و هەل و مەرجەکەی خۆیانیان باش نەناسیوەو، سەرەنجام مامەڵەکەشیان لەگەڵیدا، هەڵەو ناتەواو بووە.

هەڵبەتە جاری واش بووە کەسێك، یان کەسانێك، یان کۆمەڵێك، هەردووك هۆکارەکەی تێدا کۆبوونەوەو، ئەو قورەی تێیکەوتوە هێندەی دیکە خەست بووە.

بنەمای چوارەم

ئیسلام، بەبێ نوێ کردنەوە (تجدید) ـ تازەکردنەوەی لێ تێگەیشتنی ـ لەژیان بەجێ دەمێنێ

ئەمیش بنەمایەکی دیکەی گرنگە، بۆ مسوڵمانەتییەکی ڕاست و دروست، بەڵێ بە دڵنیایی ئیسلام ئەگەر لێ تێگەیشتنی تازە نەکرێتەوە، لەژیان بەجێ دەمێنێ، باشترین بەڵگەش بۆ سەلماندنی ڕاستیی ئەو قسەیە، واقیعی ئێستای مسوڵمانانە، کە بەهۆی بەجێمانیان لە ئایینەکەیان و، ڕاست و دروست و هاوچەرخانە لێ تێنەگەیشتنیەوە، لەهەموو ڕوویەکەوە، لە ژیان دواکەوتوو پەککەوتوون!

ئنجا ئەگەر ئێمە بڵێین: مسوڵمانان باش لەئیسلام تێگەیشتوون و، چاکیش پێوەی پابەندن، حاڵیشیان ئەو حاڵەیە! مانای وایە ئیسلام خۆی ناتەواوە! ڕۆژێك مامۆستایەك (مەلایەك) سەردانی کردم، گوێی لە کەسێك بوو بوو مەدحی (داعش)ی کردبوو، کە ئەوکەسە پێشتر ئیسلامیی بووەو، ئێستا - وا دیارە- هەڵگەڕاوەتەوە، هەرچەندە ڕەنگە خۆی بەهەڵگەڕاوەش دانەنێ، بەڵام بێگومان کەسێك ڕقی لە ئیسلام بێ و بیبوغزێنێ، بە مسوڵمان دانانرێ، هەرچەندە پێشتریش مسوڵمان بووبێ.

ئنجا ئەو مامۆستایە هاتبوو گوتی: مامۆستا! فلانکەس کە خەڵکێك زەمی دەکەن و دەڵێن: دژی ئیسلامە! لەسەر تەلەفزیۆن مەدحێکی زۆری داعشی کرد و، دیارە زۆر دڵسۆزی ئیسلام و مسوڵمانانە!

www.alibapir.com

ئەوکاتیش سەرەتای پەیدابوونی (داعش) بوو و، جارێ خەڵك نەیناسیبوون، گوتم: چۆن! چی گوت؟ گوتی: دەیگوت: ئەوەی داعش دەیکەن، ئیسلام بۆخۆی ئاوایە و ڕێك ئیسلام جێبەجێ دەکەن! منیش گوتم: مامۆستا گیان! وای لێ حاڵی بووی کە ئەوە دڵسۆزی ئیسلام و مسوڵمانانە؟! گوتی: بەڵێ، گوتم: نا، ئەوە دەیەوێ بڵێ: داعش خراپ نیە، ئیسلام بۆخۆی خراپ و غەڵەتە، دەیەوێ بڵێ: خەڵکینە! ڕەخنە لە داعش مەگرن، بڵێن: داعش وایکردو وایکرد، ئیسلام هەر بۆخۆی وایە، یانی: ئەگەر داعش ڕەفز دەکەن، ئیسلامیشی پێوە ڕەفز بکەن!

مەبەستم ئەوەیە: بۆ واقیعی ئێستای مسوڵمانان، یان دەبێ بڵێین: ئێمە لەئیسلام بەجێماوین، هەم لە ڕووی تێگەیشتنی، هەم لە ڕووی پێوە پابەند بوونیەوە، یان دەبێ بڵێین: ئیسلام بۆخۆی هەڵەیە! ئەگەرنا ئەوە حاڵ نیە مسوڵمانانی تێدان، کە لە هەموو ڕوویەکەوە پێویستییان بەغەیری خۆیانە، پەرتەوازەو پەککەوتەو بەجێماو، مسوڵمانان لێرە لێیان دەقەمەوێ، ناحەوێنەوە، دەچن لەوڵاتانی کافرستان، دەحەوێنەوە! وەختی خۆی مسوڵمانان وڵاتی مسوڵماننشینیان ناوناوە: (دار الإسلام و دار الأمان) و وڵاتانی کافرەستانیان ناوناوە: (دار الكفر و دار الخوف)، چونکە مسوڵمان ئەوکاتە لە وڵاتی خۆیدا حەواوەتەوە و ئەمین بووە لەخۆی، بەڵام ئێستا ئەو شوێنەی کە وەختی خۆی: (دار الكفر و دار الخوف) بووە، ئێستا لەوێ لەخۆی ئەمین دەبێ، چەند بانگەوازکار لەوێن؟ کە ئەگەر لەوڵاتی خۆی بێ، یان دەیگرن، یان دەیکوژن، مانای وایە مسوڵمانان بەمانای وشە، دواکەوتوون، هەم لە ڕووی چاك لێ

www.alibapir.com

تێگەیشتنی قورئان و سوننەتەوە و، هەم لە ڕووی چاك پێوە پابەند بوونیانەوە، بۆیەش واقیعمان وەك ئێستایە و، بەو دەردە چووین!

بۆیەش پێغەمبەری خاتەم (صلى الله عليه وسلم) ڕایگەیاندوە کە هەر ماوە ماوە، خوا کەسانێك دەڕەخسێنێ کە ئایین و بەرنامەی ئۆممەتەکەی تازە بکەنەوە، وەك دەفەرموێ: {إِنَّ اللَّهَ يَبْعَثُ لِهَذِهِ الْأُمَّةِ عَلَى رَأْسِ كُلِّ مِائَةِ سَنَةٍ، مَنْ يُجَدِّدُ لَهَا دِينَهَا} أخرجه البيهقي في المعرفة برقم (٤٢٢) عن أبي هريرة، وأخرجه أيضا: أبو داود برقم (٤٢٩١)، والطبراني في الأوسط برقم (٦٥٢٧)، والحاكم برقم (٨٥٩٢)، والخطيب (٦١/٢، ترجمة ٤٥٤)، والديلمي برقم (٥٣٢)، قال المناوي (٢٨٢/٢): قال الزين العراقي وغيره: سنده صحيح، وقال الألباني: صحيح.

واتە: خوا بۆ ئەم ئۆممەتە، لە سەری هەر سەد ساڵێك، کەسانێك دەڕەخسێنێ، کە ئایینەکەی بۆ تازە بکەنەوە.

کە مەرج نیە کەسێك بێ، یان کەسێکی دیارییکراو بێ، گرنگ ئەوەیە بەردەوام پڕۆسەی تازە کردنەوەی ئیسلام هەیە لەنێو ئۆممەتدا، تازە کردنەوەی ئیسلامیش یانی: تازە کردنەوەی لێ تێگەیشتنی، کە چاك لێی تێبگەین و، دووبارە پێیەوە پابەند بینەوە.

بنەمای پێنجەم

بناغە لە بواری ئیمان و خواپەرستییدا: شوێنکەوتنی وەحییە، بەڵام لەبواری هەڵسوکەوتەکاندا، بناغە دەستکراوەیی و داهێنانە، مەگەر لەگەڵ وەحییدا دژ بوەستێ

بۆیە لە بواری ئیمان و خواپەرستییدا، بناغە بریتیە لە: شوێنکەوتنی (وەحیی) و، پابەند بوون بە شەریعەتەوە، چونکە مامەڵە لەگەڵ خوادا سبحانە و تعالی، بەس خوا دەزانێ دەبێ چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەین؟ بەڵام لەبواری هەڵسوکەوتەکاندا، کە مامەڵەی بەینی خۆمانە، ئەوە لە مەودای عەقڵی مرۆڤدایە، بۆیە: بناغە تێیدا دەستکراوەیی و داهێنانە، مەگەر شتێك لەگەڵ دەقێکی ڕوون و بێ چەندو چوونی شەریعەتدا دژ بوەستێ.

زانایان وەك بنچینەیەکی شەرعیی لەو باردوە گوتوویانە: {الأصل في العبادات الحَظْر، إلاّ ما ورد عن الشارع تشريعه، والأصل في العادات الإباحة، إلاّ ما ورد عن الشارع تحريمه}[1].

واتە: بناغە لە خواپەرستییەکاندا بریتیە لە: قەدەغە بوون، مەگەر ئەوەی کە لە شەرعدانەردوە بە ڕەوا داندرابێ و، بناغە لە هەڵسوکەوتەکاندا، بریتیە لە ڕێپێدران، مەگەر ئەوەی کە لە شەرعدانەردوە قەدەغە کرابێ. یانی: پێچەوانەی یەکدیین، جاری

---

(١) أصول الفقه المهمة، لعبدالرحمن بن ناصر السعدي، ص (١٠٥-١٠٦)، هەروەها هەمان مەبەست لە کتێبی: (القواعد النورانية الفقهية)ی (إبن تيمية)ش دا، هاتوە، ص (١١٢).

www.alibapir.com

دیکەش باسمان کردوە کە ئەوە زۆر گرنگە براو خوشکانی بەڕێز! ئێمە لەبواری ئیمان و خواپەرستییەکاندا ڕێمان لێ گیراوە و بۆمان نیە هیچ جۆرە خواپەرستییەك بکەین، مەگەر شەریعەت داینابێ، بەڵام بە پێچەوانەوە: لە بواری عادەت و هەڵسوکەوتەکاندا واتە: حوکم و سیاسەت، ئابووریی، بواری ئیداریی، بواری جەنگ و ئاشتیی، پەیوەندییەکان، ژیانی ڕۆژانە.. هتد، هەموو ئەوانە ئەصڵ تێیاندا دەستکراوەیی و، ڕەواییە و، دەبێ بەڵگە هەبێ لەسەر ئەوەی فلان شتە قەدەغەیە، ئەگەرنا هەمووی ڕەوایە، گرنگ ئەوەیە بەرژەوەندیی بهێنێتە دی و، خەڵك لە ئەنجامی ئەوەدا، تووشی قازانج و خێرو خۆشیی ببن.

www.alibapir.com

بنەمای شەشەم

شــەریعەت لە بــواری چــەسپاوەکان (الثوابت)دا چۆتە نێو وردەکارییەکانەوە، بەڵام لە بواری گۆڕاوەکان (المتغییرات)دا، بە کورتیی و گشتیی (إجمال) دواوە

هەمیشە شەریعەت لەبواری ئەو شتانەدا کە ناگۆڕێن و چەسپاون، وردەکارییەکان باس دەکات و خاڵ دەخاتە سەر پیت، بەڵام لە بواری شتە گۆڕاوەکاندا، بە کورتیی و بەگشتیی خوای پەروەردگار سبحانە و تعالی فەرمایشتی کردوە و، پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) شتی فەرمووە[1].

ئنجا دەتوانین بڵێین: ئەوانە بوارەکانی نەگۆڕەکان و چەسپاوەکانن:

{١- بووننناسیی،

٢- ئیمان و عەقیدە،

٣- خواپەرستییەکان،

٤- باری کەسێتیی،

٥- ڕەوشت و ئاکار،

٦- حەڵاڵ و حەڕام بە گشتی}.

---

(١) لە بەشی دووەمی کتێبی پێنجەمی: (مەوسووعەی: بیرکردنەوەی ئیسلامیی لەنێوان وەحیی و واقیعدا) بەناو و نیشانی: {شەریعەتی چەسپاو و ژیان و گوزەرانی گۆڕاو!}، بە درێژیی لەوبارەوە دواوین.

www.alibapir.com

لەم بوارانەدا شەریعەت خاڵی خستۆتە سەر پیت، هەروەها دەتوانین بڵێین، ئەوانەش بوارەکانی گۆڕاوەکانن:

{١- ئابووریی،

٢- جەنگ و ئاشتیی،

٣- حوکم و سیاسەت،

٤- ژیان و گوزەران،

٥- ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا،

٦- ئەدەب و هونەر}.

ئەوانەش هەموویان شەریعەت بە کورتیی و گشتیی لێیان دواوە و، بە دانانی چەند بازنەیەکی فراوان و چەند هێڵێکی گشتیی، وازی لێ هێناون.

با دوو نموونە بێنینەوە بۆ ڕوونکردنەوە:

نموونەی یەکەم: لە بواری دەوڵەتدارییدا:

لە بواری دەوڵەتدارییدا، شەریعەت تەنیا چەند بنەمایەکی داناون، بۆنموونە:

أ- دەبێ فەرمانبەریی بۆ خواو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و کاربەدەستانێك بکرێ، کە لە ئیماندارانن:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡ ﴾ (النساء:٥٩).

www.alibapir.com

ب- دەبێ کاروباریان بەڕاوێژ بێ ﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ﴾ (الشورى:٣٨).

ج- دەبێ ئەمانەتی حوکمڕانیی بە کەسانی شایستە بسپێردرێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تُؤَدُّوا۟ ٱلْأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهْلِهَا ﴿٥٨﴾﴾ النساء.

چەند بنەمایەکی کەممان هەن، لەو بوارەدا.

بۆیە (إمام الحرمين الجويني)[1] دەڵێ: {ولا مَطْمَعَ في وجدان نص من كتاب الله تعالى، في تفاصيل الإمامة، والخبر المتواتر مُعْوِزٌ أيضاً، فآل مآل الطلب في تصحيح المذهب إلى الإجماع}[2].

واتە: ئومێد نیە کە دەقێك لە کتێبی خوای بەرز بێنین لە وردەکارییەکانی حوکمڕانیی دا، هەروەها هەواڵی (متواتر)یش هەر کەمە، یان نیە (واتە: فەرمایشت) کەواتە: سەرەنجام دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئیجماع [واتە: داخۆ مسوڵمانان چۆنیان پێ چاکە، دەگەڕێینەوە بۆ عەقڵ و بەکارهێنانی عەقڵی خۆیان و ڕاوێژو کۆڕاو یەکدەنگیی].

---

(١)) (الجويني) پیاوێکی زۆر عەقڵ ئازاد بووەو لە ڕۆژگارێکیش دا ژیاوە کە زۆر پاڵی پێوە ناوە ئیجتیهاد بکات، وەك (إبن تيمية) لە زۆر مەسەلەدا ئیجتیهادی کردوە، چونکە لەو کاتەدا هەم دەوڵەتی عەبباسیی هەبووە، هەم دەوڵەتی ئومەویی لە ئەندەلوس هەبووە، بۆ وێنە: گوتوویەتی: لە شەرعدا جێی دەبێتەوە، مادام وڵاتی مسوڵمانان زۆر لێك دووربێ و، دەریایان کەوتبێتە بەینێ، ئاساییە دوو خەلیفە هەبن، پێم وایە یەکەم کەس بووە شتی وا بڵێ. هەروەها باسی: (شغور البِلاد من السلطان) دەکا، کە ئەگەر مسوڵمانان حوکمڕانیان نەما، دەبێ چی بکەن؟ دەڵێ: دەبێ مشوورخۆرانیان کار و بار بەڕێوە ببەن و...هتد.

(٢)) غياث الأمم، ص١٠٠.

www.alibapir.com

نموونەی دووەم: لەبواری خوا پەرستییدا:

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بەلای کەمەوە دووجار لەسەر مینبەری خۆی نوێژی کردوە لەپێش چاوی هاوەڵان و، فەرموویەتی: {وَصَلُّوا كما رَأَيْتُمُونِي أصلى} أخرجه أحمد برقم (١٥٦٣٦)، والبخاري برقم (٧٨٥)، ومسلم برقم (٦٧٤)، والنسائي برقم (٦٣٥)، وابن حبان برقم (١٦٥٨).

واتە: وەك منتان بینی نوێژم کرد، ئاوا نوێژ بکەن.

ئنجا بۆ حەج و عومرەش بەهەمان شێوە فەرموویەتی: {لِتَأْخُذُوا عَنِّي مناسِكَكُم} أخرجه مسلم برقم (١٢٩٧)، وابن خزيمة برقم (٢٨٧٧).

واتە: خوا پەرستییەکانی حەج و عومرەم لێوەربگرن.

بەڵام بۆ حوکم و سیاسەت و وڵات بەڕێوە بردن، بەپێی عورف و باوی سیاسیی ڕۆژگاری خۆی ئیستیفادەی کردوە کە ئەو وڵاتە، ئەو قەوارە سیاسییە، چۆن بەڕێوە بەرێ! نەك وەك نوێژەکە بفەرموێ: وەك چۆن نوێژ دەکەم، ئاوا بیکەن، نەهاتوە بفەرموێ: وەك چۆن دەوڵەت بەڕێوە دەبەم، ئێوەش ئاوا بەڕێوەی ببەن! چونکە زانیویەتی بابەتی دەوڵەتداریی و حوکمڕانیی، مامەڵە کردنە لەگەڵ واقیعێکی گۆڕاودا، بۆیە پێویستی بە عەقڵێکی کراوە دەکات و، دەست و پێی مسوڵمانانی نەبەستوە.

تەماشا بکەن! پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وەفاتی فەرموو، کەسی بۆ جێی خۆی دیاریی نەکرد، بەڵێ بە تەئکید کەسی دیاریی نەکرد،ڕاستە فەرمووی: با ئەبووبەکر نوێژ بە خەڵکی بکات، بەڵام نەیفەرموو: با خەلیفە بێ، لەدوای من! بۆیەش دوایی کە پێغەمبەر

www.alibapir.com

(صلى الله عليه وسلم) وەفات دەکات، هاوەڵان خوا لێیان ڕازی بێ، دەکەونە مشت و مڕو ڕاجیاییەوە، کە ئەسڵەن جارێ لەکوێی بنێژن؟! هەتا فەرموودەیەك لە پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: پێغەمبەران سەلامی خوایان لێبێ، لەکوێ وەفاتیان کرد، دەبێ لەوێ بنێژرێن، ئیدی لە ژوورەکەی دایکمان عائشەدا خوا لێی ڕازی بێ، دەنێژرێ.

ئنجا ڕاوێژ و مشت و مڕدەکەن، چۆن ئەو بۆشاییەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بەجێی هێشتوە، پڕی بکەنەوە؟ ئنجا ئەگەر دەقێك هەبووایە وەك شیعە دەڵێن، یەکسەر دەیانگوت: فلانکەس، جێگرەوەیەتی، بەڵام مشت و مڕیان بۆیە بووە و، بۆیە خراوەتەوە ڕاوێژەوە، چونکە دەق (نص) نەبووە، ئەگەرنا: {لا اجتهاد في معرض النص} لە بەرانبەر دەق دا ئیجتیهاد نیە.

مەبەستم ئەوەیە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) حوکمڕانیی و وڵات ئیدارەدانی، بۆ عەقڵی خۆیان بەجێی هێشتوە، چونکە زانیویەتی کە ئەو دنیا گۆڕاوە، پێویستیی بە عەقڵێکی ئازادو کراوە دەکا، بەڵام بۆ نوێژو حەج و عومرە و عیبادەت بەگشتیی، بەوردیی بۆی دیاریی کردوون، چونکە زانیویەتی ئەوبوارە گۆڕانی بەسەردا نایەت و، پەیوەندیی بە جەوهەری مرۆڤەوە و بەخواوە و، بە دیوی پەنهان (غیب)ەوە هەیە و، گۆڕانی بەسەردا نایەت،، بۆیەش زانایان ئەم بنچینەیان داناوە کەدەڵێ: {إجمالٌ في المتغييرات و تفصيلٌ في الثوابت} واتە: بە کورتیی قسە کردن لە بارەی گۆڕاوەکانەوە و، بەدرێژیی قسە کردن لەباری نەگۆڕەکانەوە.

www.alibapir.com

بنەمای حەوتەم

وەك چۆن ئەسڵ لە شتاندا، پاکییە و، لە هەڵسوکەوتاندا، ڕەوابیە و، لە کەســەکاندا، ئەســتۆ پاکییە، بەهەمــان شــێوەش: ئەســڵ لە مسوڵمانانیشدا، مسوڵمانەتییە، هەتا پێچــەوانەکەی بەبەڵگەیەکی دڵنیاکەر دەچەسپێ:

پێم وایە هەمووتان ئەوەتان بیستوە کە زانایان دەڵێن: {الأصل في الأشياء: الطهارة، والأصل في العادات: الإباحة، والأصل في الأشخاص: براءة الذمّة}، ئەوانە هەموویان بنچینەی شەرعیین:

١- بناغە لە شتەکاندا: پاکییە و، دەبێ بەڵگە هەبێ لەسەر ئەوەی ئەو شتە پیسە، ئەگەرنا لە ئەسڵدا هەموو شتەکان، پاکن، دیارە ئەو شتانەی کە لە خودی خۆیاندا پاکن، بەڵام گۆشتی بەراز، هەروەها ئەو شتەی شەرع بە پیسی دانابێ، پیسە و ئەوە جیایە

٢- ئەسڵ لە هەڵسوکەوتەکاندا: ڕێپێدرانە و، دەبێ بەڵگە هەبێ لەسەر ڕێ لێگیران.

٣- ئەسڵ لە شەخسەکاندا: بریتیە لە ئەستۆ پاکیی و، بێ گوناهیی و، دەبێ بەڵگە هەبێ لەسەر تاوانباریی.

ئنجا بەهەمان شێوە: ئەسڵیش لە مسوڵماناندا، ئەوەیە کە هەر کەسێك گوتی: مسوڵمانم، دەبێ بڵێین: مسوڵمانە و، دەبێ مامەڵەی مسوڵمانانەی لەگەڵدا بکرێ، هەتا بەڵگەیەکی ڕوون و بێ چەندو چوونی پێچەوانەی ئەوە دەبێ و، دەیسەلمێنێ کە ئەو کەسە

www.alibapir.com

هەرچەندە دەڵێ: مسوڵمانم، بەڵام مسوڵمانەتییەکەی هەڵوەشاوەتەوە، دەبێ بەڵگەی دڵنیاکەر هەبێ.

خوای پەروەردگار لەو بارەوە دەفەرموێ:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا ضَرَبۡتُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَتَبَيَّنُواْ وَلَا تَقُولُواْ لِمَنۡ أَلۡقَىٰٓ إِلَيۡكُمُ ٱلسَّلَٰمَ لَسۡتَ مُؤۡمِنٗا ﴾ (النساء:٩٤).

واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! ئەگەر بەڕێی خوادا ڕۆیشتن (بۆ جەنگ و جیهاد) بەرچاوی خۆتان ڕوون بکەنەوە و، بەرپێی خۆتان ببینن و، هەر کەسێك سڵاوی لێکردن، پێی مەڵێن: بڕوادار نی!.

بنەمای هەشتەم

قوڕئان کردنە پێوەرو تەرازوو، بۆ ڕێژەی گرنگیی و بایەخ پێدانی بابەتەکان

ئەمەش بنەمایەکی زۆر گرنگە، براو خوشکانی بەڕێز! ئێمە دەبێ قوڕئان بکەینە پێوەر و تەرازوو و دڵنیابین کە بە ئەندازەو بەڕێژەی ئەوە، کە قوڕئان گرنگیی بە شتێك دەدا، ئەو شتە گرنگە، لەدینداریی و، مسوڵمانەتیی دا، هەروەها بە ئەندازەی ئەوە کە قوڕئان کەمتر گرنگیی پێداوە، کەمتر گرنگە.

بۆنموونە: تەماشا بکەن! لە چەند ئایەتاندا خوا سبحانە و تعالی باسی خوا بە یەکگرتن و باسی خواپەرستیی(توحید و عبادة)ی کردوە؟ بێگومان لەزۆر ئایەتان دا، هەروەها لەچەند ئایەتاندا، خوا باسی پێغەمبەران (علیهم السلام) دەکات؟ باسی ڕۆژی دوایی دەکات؟ باسی بەهەشت و دۆزەخ دەکات؟ باسی فریشتەکان دەکات؟ باسی کتێبەکانی خۆی دەکات؟ باسی پایەکانی ئیمان دەکات؟ بێگومان زۆر ئایەت لەو بارانەوە هەن، ئەدی ئایا لە چەند ئایەتاندا بۆ وێنە: خوا سبحانە و تعالی، باسی ئەوە دەکات کە ئافرەتان دەبێ سەرپۆشیان لەسەر بێ؟ تەنیا دوو ئایەت:

١- ئایەتەکەی سوورەتی (النور) ئایەتی ژمارە (٣٣): ﴿وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ﴾ النور، واتە: با بە سەرپۆشەکانیان یەخەو بەرۆکیان داپۆشن..

www.alibapir.com

٢- ئایەتەکەی سووڕەتی (الأحزاب): ﴿يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّ﴾ الأحزاب.

واتە: با چارشێو (یان پۆشاك)ەکەیان لە خۆیانەوە بپێچن..

هەندێك لە زانایانیش دەڵێن: تەنیا ئایەتەکەی سووڕەتی (النور) دەربارەی سەرپۆشە و، ئەوەی (الأحزاب) دەربارەی کۆی پۆشاکە.

کە واتە: ڕاستە ئافرەتان پێویستە سەرو قژی خۆیان داپۆشن، بەڵام بە ئەندازەی ئەو یەك ئایەتەی کە خوا باسی کردوە، بە ئەندازەی ئەوە گرنگە، ئەدی ئیمان و تەقوایان و، عیبادەتیان بۆ خواو، ڕەوشتی بەرزیان و، ڕاستگۆییان و، ئەمانەتیان، ئەوانە چەند گرنگن؟! ئەوانەش بە ئەندازەی ئەوە کە ئایەتەکان باسیان کردوون.

هەروەها هەموو شتەکانی دیکەش هەر وان، ئێمە دەبێ قورئان بکەینە پێوەر: بە ئەندازەی ئەوە کە قورئان گرنگیی بە شتێك دەدا، ئەگەر لە سەد (١٠٠) ئایەتدا باسی کردبێ، بایی ئەو سەد (١٠٠) ئایەتە گرنگە و، ئەگەر لە ئایەتێکدا باسی کردبێ، بایی ئەو یەك ئایەتە گرنگە، هەر گرنگە بەڵام بە قەدەر ئەوە، دەبێ ڕێژە (نسبة)کەی لە قورئان وەربگرین، نەك لە میزاجی خۆمان! بۆ وێنە: مەسەلەی تەوقەکردنی پیاو لەگەڵ ئافرەت: ئەوە پرسێکی خیلافییە، بەڵام هەندێك وایان لێ کردوە کە ئەگەر کەسێك لەگەڵ ئافرەتێکدا تۆقەی کرد، وەك گوناهێکی زۆر گەورەی کردبێ! کە بەڵێ گوناهە، بەڵام گوناهێکی گچکەیە، ئەویش لەسەر ڕای ئەوانەی کە دەڵێن: گوناهە، هەندێکیش دەڵێن: موباحە و، زانای گەورە: (د.یوسف القرضاوي) بە شتێکی موباحی دەزانێ، بەڵام

www.alibapir.com

(عبدالله بن یوسف الجدیع) کە زانایەکی موعتەبەرە دەڵێ: تەنیا شتێکی ناپەسەند (مکروه)ە.

بۆیە ئەگەر مسوڵمانێك شتێکی وای کرد، نابێ لەبەر چاومان بکەوێ! لەبیرمە کاتی خۆی (أحمد شاه مسعود) لەگەڵ ئافرەتێکی بەرپرسی فەڕەنسایی دا تۆقەی کرد، کەسانێك لەبەر ئەوەندە تۆقە کردنەی، خەریك بوو هەر لە بازنەی ئیسلام و ئیمانی ببەنە دەرێ! لە حاڵێك دا ئەوە گوناهێکی گچکەیە و، غەیبەت کردنەکەی زۆر لەوە گەورەترە، هەروەها: درۆ کردن و ئەمانەت نەپاراستن و...هتد، مەبەستم ئەوەیە گرنگە ئێمە عەقڵ و میزاج و بڕیاری خۆمان، بێنینەوە سەر تەرازووی شەریعەت، نەك میزاجی خۆمان بکەینە پێوەر، یان بکەوینە ژێر کاریگەریی عورفی کۆمەڵگا.

ئنجا بە هەردوو بارەکاندا هەروایە: بەباری سەختگیرییدا و، بە باری شلگیرییشدا، بۆ وێنە: لە هەندێ شوێنان شایی و ڕەشبەڵەك دەکرێ، دەگوترێ: ئەوە عادەتێکەو کلتوورێکە! نا ئەوە حەرامە، بەڵام لەقەدەر خۆی حەرامە و، کەسی پێ لە دین دەرناچێ، خوای کارزان مادام بە کوشتن (قتل)ێ مسوڵمانانی لە ئیمان نەبردوونەدەر، کە بە تەئکید قەتڵ گەورەترین گوناهە لەدوای شیرك و کوفر، مانای وایە بەشتی دیکە، چاکتر لە بازنەی ئیمان ناچنە دەر:

﴿ وَإِن طَآئِفَتَانِ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱقْتَتَلُواْ فَأَصْلِحُواْ بَيْنَهُمَا ﴾ (الحجرات: ٩).

واتە: هەر کات دوو کۆمەڵ لە بڕواداران پێکەوە بەشەڕهاتن، ئاشتەواییان لە بەین دا بکەن.

www.alibapir.com

لەو بارەوەش ئاماژە بە دوو ئایەت دەکەین وەك نموونە:

١)- خوای تاك و پاك دەفەرموێ: ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ وَٱلْمِيزَانَ ﴿١٧﴾ ﴾ الشورى.

واتە: خوا ئەو کەسەیە کە کتێبی دابەزاندوە بە حەق و، تەرازووشی دابەزاندوە، یاخود: کتێبی بەهەق و تەرازوو دابەزاندوە.

چونکە:

أ- ئەگەر بخوێندرێتەوە: (باالحقِّ والميزانِ)[1] واتە: بەحەق و بە تەرازوو دایبەزاندوە.

ب- بەڵام ئەگەر بخوێندرێتەوە: (بالحق والميزانَ) یانی: خوا وەك چۆن کتێبی دابەزاندوە، تەرازووشی دابەزاندوە.

مانایەکەشیان هەروەك یەکیان لێ دێتەوە.

کەواتە: ئەم کتێبەی خوای پەروەردگار، بەتەرازوو هاتوە و، هەر بابەتێك لە بارەیەوە دەدوێ، بەتەرازوو لە بارەوەیە دەدوێ.

٢)- لە سوورەتی (الأنعام) ئایەتی (١١٥)دا خوای بەرز دەفەرموێ: ﴿ وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلًا ۚ لَّا مُبَدِّلَ لِكَلِمَٰتِهِۦ ۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴿١١٥﴾ ﴾.

---

(١) هەرچەندە نەمزانیوە ئەم خوێندنەوەیە هاتبێ، بەڵام لەڕووی ڕێزمانی عەرەبییەوە دروست و ڕێکە.

www.alibapir.com

واتە: وشەی پەروەردگارت تەواو بووە، لەڕووی ڕاستیی و دادگەرییەوە، گۆڕان نیە بۆ وشەکانی و، خوا بیسەری زانایە.

وشەکانی پەروەردگار تەواویان کردوە لە ڕاستیی و لە دادگەرییدا، چونکە، قسە بە گشتی دوو جۆرە: یان هەواڵە، یان حوکمە، ئنجا وشەکانی خواش هەموو هەواڵەکانی ڕاستن و، هەموو حوکمەکانیشی دادگەرانەن، هەر بۆیەش ناگونجێ وشەکانی خوا بگۆڕێن، وەرن ئەزموونی بکەن: بزانن داخۆ وشەیەکی دیکەی عەرەبییش بێتە شوێن وشەیەکی قورئان، واتایەکەی تێك ناچێ؟!

چونکە ڕستەی: (لا مُبَدِّلَ لكلماته) وەك چۆن ئەو مانایەی هەیە کە هەواڵەکان و حوکمەکانی خوا گۆڕانیان بۆ نیە، ئەو مانایەشی هەیە: وشەکانی کە قورئانیان لێ پێك هاتوە، ناگونجێ بگۆڕدرێن، هەر وشەیەك لابەرە و بیگۆڕە بە وشەیەکی دیکەی عەرەبییش، واتاکەشی بدات، هەر لەنگ و لار دەردەچێ.

www.alibapir.com

www.alibapir.com

بەشی سێیەم

هەشت پایەی سەرەکیی، بۆ دروست پێکەوە مامەڵەکردنی مسوڵمانان

www.alibapir.com

دەستپێك

بەڕێزان!

لەم بەشی سێیەمەدا: {هەشت پایەی سەرەکیی، بۆ دروست پێکەوە مامەڵەکردنی مسوڵمانان} هەوڵدەدەین هەشت (٨) پایەی گەورەو گرنگی هەڵقوڵاوی وەحیی و عەقڵ بخەینەڕوو، کە ئەگەر مسوڵمانان لە هەڵسوکەوت و مامەڵەی نێو خۆیان دا، پاش چاك لێتێگەیشتنیان، باش پێیانەوە پابەندبن و جێبەجێیان بکەن، هەتا ڕاددەیەکی زۆر، دەتوانن لە بواری مسوڵمانەتیی و دینداریی دا، پێکەوە ڕێك و پێك و بێ گرێ و گۆتاڵ بن.

ئەوانیش ئەمانەن:

www.alibapir.com

پایەی یەکەم

بێجگە لە نـــاوی مسـوڵمـــانان (مسلمون) بەکارهـــێنانی هـــەر ناوونیشانێکی دیکە، - وەك بناغە بۆ دۆستایەتیی (موالاة) - ناڕەوایە، مەگەر وەك ناوونیشانی سیاسیی و بۆ خەڵکێکی دیارییکراو

خوا عزوجل یەك ناوی لێناوین، وەك لە سوورەتی (الحج) ئایەتی (٧٨)دا، دەفەرموێ:

﴿هُوَ سَمَّىٰكُمُ ٱلْمُسْلِمِينَ مِن قَبْلُ وَفِى هَٰذَا لِيَكُونَ ٱلرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيْكُمْ وَتَكُونُوا۟ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ... ﴾.

واتە: ئەو (خوا) ناوی لێناون مسوڵمانان، لەپێش داو لەمەشدا (لەم قورئانەشدا) بۆ ئەوەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بەسەر ئێوەوە شایەد بێ و، ئێوەش شایەد بن بەسەر خەڵکەوە.

هەڵبەتە پێشتریش [لە هەردووك کتێبی حەوتەم و نۆیەم دا] باسی ئەو مەسەلەیەمان کرد و تیشکی باشمان خستەسەری و، ڕوونیشمان کردەوە لەبەرچی ڕەوا نیە دۆستایەتیی (موالاة) لەسەر هیچ ناوێکی دیکە جگە لەناوی: (مسوڵمانان) بنیات بنرێ، تەنانەت بەناوی (ئەهلی سوننەت و جەماعەت)یشەوە؟ لەوێ هۆکارەکانمان باس کردن، بەڵام لەبەر گرنگیی، لێرەش ئاماژەیەکمان پێکرد.

ئنجا ئەگەر کەسێك بڵێ: ئەدی ناوەکانی: کۆمەڵی ئیسلامیی و، یەکگرتووی ئیسلامیی و، حیزبی تەحریرو، (الإخوان المسلمون)و

www.alibapir.com

چی و چی؟! دەڵێین: ئەوانە هەموویان وەك ناوونیشانێکی سیاسیی و بۆ خەڵکێکی دیارییکراون، چونکە کە تۆ دەڵێیی: (کۆمەڵی ئیسلامیی)م، واتە: وەك قەوارەیەکی سیاسیی و، وەك خەڵکێك کە لەو چوارچێوەیەدا کۆبوونەتەوە.

ئنجا کەس ناڵێ: هەرکەس ئەو ناوونیشانەی لەسەر نەبێ، لەو چوارچێوەیەدا نەبێ، دۆستایەتیی لەگەڵدا ناکەم و، لە دەرەوەی بازنەی ئیسلام حیسابی دەکەم!! بەڵام ئەو وشانەی کە مەبەست پێیان خەڵکێکی دیارییکراو و قەوارەیەکی سیاسیی نیە، وەك (سەلەفیی) و (ئەهلی سوننەت و جەماعەت) و هەر ناوێکی دیکە، ئەو ئیشکالانە پەیدا دەکەن.

www.alibapir.com

پایەی دووەم

دڵسۆزیی و بە تەنگەوە بوون (نُصْح) بۆ خوا (عزوجل) و خەڵك، جەوهەری دینداریی ڕاست و ساغە

دەبێ دڵسۆز بین و بە تەنگەوە بین، هەم بۆ خوا (عز وجل) و، هەم بۆ خەڵکی خوا، ئا ئەوە جەوهەری دینداریی و مسوڵمانەتیی ڕاست و ساغە، خوا سبحانە و تعالی لەوبارەوە دەفەرموێ:

١- ﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ دِينًا مِّمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ وَٱتَّبَعَ مِلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفًا ۗ وَٱتَّخَذَ ٱللَّهُ إِبْرَٰهِيمَ خَلِيلًا ﴿١٢٥﴾ ﴾ النساء.

واتە: دینداریی کێ چاکترە لەهی کەسێك، کە ڕووی خۆی بەخوا سپاردوە و چاکەکاریشە و، بەپاکیی شوێن ڕێبازی ئیبڕاهیم کەوتوە و، خواش ئیبڕاهیمی کرد بە دۆست و خۆشەویستی خۆی.

لێرەدا خوا سبحانە و تعالی کەسێك بەخاوەنی باشترین دینداریی دەزانێ، دوو سیفەتی تێدا بن:

أ- (أَسْلَمَ وَجْهَهُۥ لِلَّهِ)، یانی: (أَخلص وَجهَهُ لله)، خۆی بۆ خوا ساغ و یەکلا کردۆتەوە.

ب- (وَهُوَ مُحْسِنٌ) چاکەکاریشە، واتە: لەگەڵ خەڵکی خوادا چاکەکارەو، بۆ خواش ساغ و یەکلایە.

٢)- هەروەها لەسوورەتی (الحج)، ئایەتی (٧٧)دا، خوا دەفەرموێ:

www.alibapir.com

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱرۡكَعُواْ وَٱسۡجُدُواْ وَٱعۡبُدُواْ رَبَّكُمۡ وَٱفۡعَلُواْ ٱلۡخَيۡرَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ﴾

واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! ڕکووع بەرن و، کڕنووش بەرن و، پەروەردگارتان بپەرستن و، چاکە بکەن، بەڵکو سەرفراز بن.

﴿وَٱعۡبُدُواْ رَبَّكُمۡ وَٱفۡعَلُواْ ٱلۡخَيۡرَ﴾ پەروەردگارتان بپەرستن و، چاکە بکەن، یانی: چاکە لەگەڵ خەڵکدا بکەن.

٣)- پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: {الدِّينُ: النَّصِيحَةُ، قُلْنَا: لِمَنْ؟ قَالَ لِلَّهِ وَلِكِتَابِهِ وَلِرَسُولِهِ وَلِأَئِمَّةِ الْمُسْلِمِينَ وَعَامَّتِهِمْ}[1].

[(دین) لێرەدا بەمانای دینداریيە]، واتە: دینداریی بریتیە لە دڵسۆزیی، گوتمان: بۆ کێ؟ فەرمووی: بۆ خوا و، بۆ کتێبی خوا و، بۆ پێغەمبەری خوا و، بۆ پێشەوایانی مسوڵمانان و، بۆ مسوڵمانان بە گشتیی.

---

(١) أخرجه أحمد برقم (١٦٩٨٢)، ومسلم برقم (٥٥)، وأبو داود برقم (٤٩٤٤)، والنسائي برقم (٤١٩٧)، وأبو عوانة برقم (١٠١)، وابن خزيمة في السياسة كما في إتحاف المهرة للحافظ برقم (٢٤٥٦)، وابن حبان برقم (٤٥٧٤)، والبغوي في الجعديات برقم (٢٦٨١)، والبيهقي في شعب الإيمان برقم (٥٢٦٥)، وأبو نعيم في المعرفة برقم (١٢٩١)، وأخرجه أيضا: الطبراني برقم (١٢٦٧)، وابن عساكر (٥٤/١١).

www.alibapir.com

پایەی سێیەم

هاوسەنگیی (إتّزان) هەوێن و هۆکاری دینداریی ڕاست و ڕەسەنەو، مایەی پارێزرانە لە زێدەڕۆیی و بە زایەدان (إفراط والتفريط)

١)- خوای کارزان و شارەزا دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا۟ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا ﴾ (البقرة: ١٤٣).

واتە: ئاوا ئێوەمان کردوە بە کۆمەڵێکی میانجیی، تاکو شایەد بن بەسەر خەڵکەوەو، پێغەمبەریش بەسەرتانەوە شایەد بێت.

٢)- پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) لە فەرمایشتێکدا کە لەگەڵ عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص خوا لێیان ڕازی بێت، فەرمایشت دەکات، کاتێك دەبیستێتەوە کە عەبدوڵڵا زۆر خۆی ماندوو دەکات: لە بەڕۆژوو بوون و شەونوێژو تاعەت دا، لێی دەپرسێ: بیستوومە: ئاوا زێدەڕۆیی دەکەی لە تاعەت و عیبادەتدا؟ ئەویش دەڵێ: بەڵێ، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئامۆژگاریی دەکا و دەفەرموێ: {فَإِنَّ لِجَسَدِكَ عَلَيْكَ حَقًّا، وَإِنَّ لِعَيْنِكَ عَلَيْكَ حَقًّا، وَإِنَّ لِزَوْجِكَ عَلَيْكَ حَقًّا، وَإِنَّ لِزَوْرِكَ عَلَيْكَ حَقًّا} أخرجه أحمد برقم (٦٨٦٧) والبخاري برقم (١١٠٢)، ومسلم برقم (١١٥٩) والنسائي في الكبرى برقم (٢٩٢٣).

www.alibapir.com

واتە: بە دڵنیایی جەستەت مافی لەسەرتە و، چاوەکانت مافیان لەسەرتە [ئینسان ئەگەر تێر نەخەوت، چاوی ئاڵۆز دەبن] و، هاوسەرت مافی لەسەرتە و، میوانیشت[1] [کە سەردانت دەکات] مافی لەسەرتە.

٣)- هەروەها لەو بارەوە ئەم دەقەی سوننەتیش هەیە: {آخَى النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بَيْنَ سَلْمَانَ وَأَبِي الدَّرْدَاءِ، فَزَارَ سَلْمَانُ أَبَا الدَّرْدَاءِ، فَرَأَى أُمَّ الدَّرْدَاءِ مُتَبَذِّلَةً، فَقَالَ لَهَا: مَا شَأْنُكِ؟ قَالَتْ: أَخُوكَ أَبُو الدَّرْدَاءِ لَيْسَ لَهُ حَاجَةٌ فِي الدُّنْيَا، فَجَاءَ أَبُو الدَّرْدَاءِ فَصَنَعَ لَهُ طَعَامًا، فَقَالَ: كُلْ، فَإِنِّي صَائِمٌ، قَالَ: مَا أَنَا بِآكِلٍ حَتَّى تَأْكُلَ، قَالَ: فَأَكَلَ، فَلَمَّا كَانَ اللَّيْلُ ذَهَبَ أَبُو الدَّرْدَاءِ يَقُومُ، قَالَ: نَمْ فَنَامَ، ثُمَّ ذَهَبَ يَقُومُ، فَقَالَ: نَمْ، فَلَمَّا كَانَ مِنْ آخِرِ اللَّيْلِ، قَالَ سَلْمَانُ: قُمْ الْآنَ فَصَلَّيَا، فَقَالَ لَهُ سَلْمَانُ: إِنَّ لِرَبِّكَ عَلَيْكَ حَقًّا، وَلِنَفْسِكَ عَلَيْكَ حَقًّا، وَلِأَهْلِكَ عَلَيْكَ حَقًّا، فَأَعْطِ كُلَّ ذِي حَقٍّ حَقَّهُ، فَأَتَى النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَذَكَرَ ذَلِكَ لَهُ، فَقَالَ النَّبِيُّ: صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ صَدَقَ سَلْمَانُ} أخرجه البخاري برقم: (٦١٣٩).

واتە: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەبو دەردەداء و سەلمانی کردبوون بە برا، سەلمان سەردانی (أبو الدَّرداء)ی کرد، (أم الدَّرداء)ی بینی دەستی بەخۆیدا نەهێنابوو، گوتی: بۆچی ئاوای؟ گوتی: (أبو الدَّرداء)ی برات هیچ کاری بەدنیا نیە!

ئنجا ئەبو دەردەداء گەڕایەوە و خواردنێکی بۆ سەلمان سازکرد، پێی گوت: بخۆ، چونکە من بەڕۆژووم، سەلمان گوتی: ناخۆم تاکو نەخۆی، ئیدی ئەبو دەردەداء خواردی {واتە: سەلمانی فارسیی

---

(١)) زَوْر: ضيف = میوان.

www.alibapir.com

ڕۆژووە سوننەتەکەی پێ شکاند، دیارە سەلمان برا گەورەی بووەو، لە ئەبوددەرداییش باشتر لەدین تێ گەیوەو هەردووکیشیان خاوەنی ڕێزو حورمەتن} دوایی شەوێ ئەبو دەردداء دەیەوێ هەڵسێ بۆ شەو نوێژان، سەلمان دەڵێ: جارێ بنوو {دیارە هەر لەسەرەتای شەوێوە دەستی کردوە بە شەونوێژان تاکو بەیانی} دوایی دیسان دەیەوێ هەڵسێ، سەلمان دیسان دەڵێ: جارێ بخەوە.

ئنجا لەکۆتایی شەوێدا سەلمان دەڵێ: ئێستا هەڵسە، ئیدی پێکەوە شەونوێژێ دەکەن.

دوایی سەلمان پێی دەڵێ: بەدڵنیایی پەروەردگارت مافی لەسەرتە و، جەستەت مافی لەسەرتە و، خێزانت مافی لەسەرتە، ئنجا هەر خاوەن مافێك، مافی خۆی پێ بدە!

دوایی ئەبو دەردداء دەچێ بۆ لای پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و ئەوەی بۆ دەگێڕێتەوە، پێغەمبەری خواش (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ: {صدق سلمان}، واتە: سەلمان ڕاستی کردوە.

مەبەستم ئەوەیە ئەگەر مسوڵمانەتیی و دینداریی بەهاوسەنگیی بگیرێ، ئەوە هەوێن و هۆکاری تەباییە، چونکە سەرنج بدەن! بەزۆریی وایە ئینسان کە بە لایەکدا تێدەپەڕێنێ، دوایی خۆی زۆر پێ موهیممە و، بەکەم تەماشای خەڵکی دیکەدا دەکات! هی وا هەیە بە دوو سێ سوننەتانەوە سەرقاڵ بووە، ئەو دوو سێ سوننەتەی لە خۆی کردوونەتە پایەی گەورەی ئیسلام! دەلینگی وابێ و، ڕیشی وابێ و، پەنجەی وا لێ بکاو، خێزانی دەبێ پەچە (نقاب)ی هەبێ و، هەندێ لەو وردە شتانە، ئنجا کە ئەو شتانە دەکا، پێی وایە

www.alibapir.com

لە دینداریدا گەیشتۆتە لووتکە، ئیدی خەڵکی دیکە: ئەگەر زۆر زۆر لەو عاقڵترو بەدیندترو بۆ خوا صوڵحاوتر بن، مادام دەلینگیان کورت نەبێ و، پەنجە نەجووڵێنن و، ڕیشیان زۆر درێژ نەبێ و، خێزانیشیان پەچەی نەبێ، پێی وایە: مسوڵمانەتییەکەیان ناتەواوە و، هی خۆشی زۆر پێ تەواوە!!

جارێکیان برایەکی خۆم (برای باب و دایکییم) من نوێژم دەکرد ئەویش گوتی: کاکە! ئەوە چۆنە ئەو سوننەتە جێ بەجێ ناکەی، پەنجەت ناجووڵێنی لە تەحییاتدا؟ منیش گوتم: بۆچی؟ گوتی: ئاخر ئەوە سوننەتە، گوتم: چۆنت زانی؟ گوتی: دەرسم خوێندوە، گوتم: لەلای کێ؟ گوتی: لەلای فلانکەس، گوتم: چەند دەرس؟ گوتی: هەر یەك دەرسم خوێندوە، گوتم: زۆر باشە، بەڵام ئەگەر چوویەوە لای مامۆستایەکەت، سەلامی منی پێ بگەیەنە و، بڵێ: کاکم گوتوویەتی: دینداریی لە پەنجەوە دەست پێ ناکا، لەعەقڵ و دڵەوە دەست پێ دەکا!

تۆ جارێ بزانە: چەندە لەدین تێگەیشتووی، چەندە خوا دەناسی؟ چەندە پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم) دەناسی؟! چۆن وا زوو گەیشتیە قامکێ؟!

www.alibapir.com

پایەی چوارەم

گەڕان بەدوای خاڵە هاوبەشەکانداو، هاوکاریی یەکدی لەسەر کردنیان و، ڕێزگرتن لە تایبەتمەندییەکانی یەکدی

کەسی وا هەیە، بەردەوام بەدوای خاڵی جیاوازدا دەگەڕێ! تۆ دەبێ لەگەڵ نامسوڵمانانیشدا، بەدوای خاڵی هاوبەشدا بگەڕێی، خوای بەرزو مەزن دەفەرموێ:

﴿ قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَآءٍۭ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ ﴿٦٤﴾ ﴾ آل عمران.

واتە: بڵێ خاوەن کتێبەکان! وەرن بۆ وشەیەك، کە هەموومان تێیدا هاوبەشین، واتە: بۆ خاڵە هاوبەشەکان وەرن، دوایی سێ خاڵی هاوبەش باس دەکا:

﴿ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِۦ شَيْـًٔا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴾.

واتە: باجگە لەخوا نەپەرستین و، هیچ شتێك نەکەینە هاوبەشی و، هەندێکمان هەندێکمان لە جیاتی خوا نەکەینە پەروەردگار.

ئێستا کە باسی ئەوە دەکرێ: زانایەکی ئیسلام پاپای بینی، یان سەردانی مەسیحییانی کرد، یان لەگەڵ جوولەکان دا دانیشت، کەسی ناحاڵیی وا هەیە یەکسەر دەڵێ: ئەوە ناشەرعییە، بەڵام پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) نەصرانییەکانی نەجران هاتن لە مزگەوتەکەی

www.alibapir.com

خۆیدا موناقەشەیان لەگەڵدا دەکرد، دەیانگوت: عیسا (سەلامی خوای لێبێ) کوڕی خوایە! سێ ڕۆژان لە مزگەوتی پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) خەوتن، دواییش ئیمانیان نەهێناو گەڕانەوە و گوتیان: سەرانە دەدەین[1].

بەڵێ ئەهلی ئیسلام زۆر پشت ئەستوورن بە ڕاستێتیی ئایینی خۆیان و، ناترسێن لە ڕوو بەڕوو بونەوەو، خەڵك بینین و کۆبوونەوە و دانیشتن لەگەڵ خەڵك.

ئێستا ئەگەر ئێمە لەگەڵ ئەوانەدا کە بەڕاستیی نەصرانیین [هەر چەندە دینەکەیان گۆڕاوە، بەڵام ئەو ئینجیلانەی ئێستاش هەن، ئەگەر لەگەڵیان ڕاست بکەن: نابێ گۆشتی بەراز بخۆن و، زینا حەرامەو، شەراب خواردنەوە لانی کەم بە شتێکی ناپەسند دانراوە] بەڵێ ئەگەر لەگەڵ ئەوانەدا کە بەڕاستیی نەصرانیی بن، کۆببینەوە و بڵێین: وەرن با پێکەوە بەرەیەك پێك بێنین، بەرەیەکی ئەخلاقیی بۆ پاراستنی خێزان و هەڵنەوەشاندنەوەی خێزان - کە ئێستا لە ئەورووپا گەورەترین مەترسیی هەڵوەشانەوەی خێزانە، هاوسەرگیریی، یەك ڕەگەزیی هەیە، دوو پیاو پێکەوە، یان دوو ژن، ژن خۆی دەکاتە پیاو، پیاو خۆی دەکاتە ژن! - ئەگەر کارێکی وا بکەین، بۆچی خراپە؟!

یان خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، کە تۆکمەییان هەیە لە بواری خێزان دا، ئایا ئەگەر لەگەڵ ئەوان بڵێین: وەرن بۆ خاڵە هاوبەشەکانمان: یەك، دوو، سێ، چوار، پێنج، ئەوانە خاڵی هاوبەشن لە بەینماندا، چی تێدایە؟ بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستا ئێمە کەوتووینەتە حاڵەتێکی

---

(١) صحيح البخاري: ٤١١٩، و أخرجه الطبراني في الأوسط: ٣٩٨.

www.alibapir.com

بێ هێزیی و بێ دەسەڵاتیی، هەر لە کەوڵی خۆمان دا بجووڵێین، پێمان وایە: ئیمانەکەمان هەڵدەوەشێتەوە، ئەگەرنا وەختی خۆی کە دەوڵەتی ئیسلامیی هەبووە، شاندی جۆرا و جۆر لە ئەورووپاوە، لە ئەفریقیاوە، لە ئاسیاوە: نەصرانیی، جوولەکە، بووزایی، بتپەرست... هتد، هاتوون و مسوڵمانان لەگەڵیان دانیشتوون و، زانایانی ئیسلام موناقەشەیان لەگەڵدا کردوون، ئەوان کتێبیان نووسیوە دژی ئیسلام و، مسوڵمانان بەرپەرچیان داونەتەوە و، هەر گوێشیان لێ نەبووە، چونکە ئیسلام پشت ئەستوورە بەخۆی.

ئنجا با سەرنجی دوو فەرمایشتی خوای زانا و شارەزا بدەین:

١)- خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ تَعَالَوْاْ إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَآءٍۭ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِۦ شَيْـًٔا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ۚ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقُولُواْ ٱشْهَدُواْ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴿٦٤﴾﴾ آل عمران.

واتە: ئەی خاوەن کتێبەکان! وەرن بۆ وشەیەك کە یەکسانە لە نێوان ئێمەو ئێوەدا: با تەنیا بەندایەتیی بۆ خوا بکەین و، هیچ شتێك نەکەینە هاوبەشی و، هەندێکمان لە جیاتی خوا هەندێکیان نەکەینە پەروەردگار و مشوورخۆر، ئنجا ئەگەر پشتیان هەڵکرد بڵێن: شایەدیی بدەن کە ئێمە ملکەچین (بۆ خوا).

٢)- لە سوورەتی (المائدة) ئایەتی (٢)دا دەفەرموێ: ﴿...وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ﴾.

www.alibapir.com

واتە: هاوکاریی یەکدی بکەن لەسەر چاکەکاریی و پارێزکاریی.

واتە: لەگەڵ نامسوڵماناندا، چونکە سیاقی ئایەتەکە ئەوە دەگەیەنێ، وەك لە هەندێك لە کتێبەکانی خۆمدا هەموو ئایەتەکەم هێناوە و، سیاقەکە هەمووی قسە کردنە لەگەڵ مسوڵمانان، لەبارەی مامەڵە کردنیانەوە، لەگەڵ هاوبەش بۆ خوادانەران دا.

www.alibapir.com

پایەی پێنجەم

ئیمان و فەرمانبەریی و ڕەوشتی پەسەند، سێ پێکهێنەری بنەڕەتیی موسڵمانەتیی تاکن

بەڵێ مسوڵمانەتیی مرۆڤ وەك تاك، سێ پێکهێنەری بنەڕەتیی هەن:

١- ئیمان.

٢- فەرمانبەریی.

٣- ڕەوشتی پەسەند.

(الإيمان والطاعة والخُلُق الحسن)، ئەمەم لەم دوو ئایەتە موبارەکەی سوورەتی (إبراهيم) وەرگرتوە، کە خوای دادگەر دەفەرموێ:

﴿ أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِى ٱلسَّمَآءِ ﴿٢٤﴾ تُؤْتِىٓ أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍۭ بِإِذْنِ رَبِّهَا ۗ وَيَضْرِبُ ٱللَّهُ ٱلْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٢٥﴾ ﴾.

واتە: ئایا سەرنج نادەی! چۆن خوا وێنەی هێناوەتەوە بۆ وشەیەکی پاك و چاك، بە درەختێکی پاك و چاك، بنکەکەی چەسپاوە و، لق و پۆپەکانی بەرز بوونەتەوە، هەموو کاتێك بە فەرمانی خاوەنەکەی (بە فەرمانی پەروەردگاری) میوە دەردەکا، خوا وێنان دێنێتەوە بۆ خەڵك، بۆ ئەوەی پەند وەربگرن.

خوا سبحانە و تعالی وشەی پاك و چاك - کە هەموو زانایان دەڵێن: مەبەست پێی وشەی خوا بەیەکگرتن (توحید)ە، (لا إله إلاّ

www.alibapir.com

الله)- بەراورد دەکات و دەیشوبهێنێ بە درەختێکەوە و، درەختەکەش دەکات بە سێ بەش:

١- بنك (أَصل).

٢- لق (فَرع).

٣- میوە (أُكُل).

ئنجا ئەسڵەکەی بنکەکەیەتی و چەسپاوە و، لق و پۆپەکان بەرزبوونەتەوە، بەر و میوەکەشی چوار فەسڵەیە، مسوڵمانەتییش لەسەر ئاستی تاك (فرد) ئەو سێیەیە: ئیمان و عەقیدەیە، کە لە عەقڵ و دڵدا جێگیر دەبێ، وەك چۆن درەختەکە بنك و ڕیشەکەی لە زەوییدا جێگیر دەبێ، دەبێ مسوڵمانەتییش، ئیمان و عەقیدەکەی لە عەقڵ و دڵدا جێگیر بێ، ئنجا وەك چۆن درەختەکە لق و پۆپەکانی بەرز دەبنەوە، ئەو ئیمان و عەقیدەیەش کە جێگیر بوو، ئەو جار ڕەنگ دەداتەوە لەسەر ئەندامەکانی مرۆڤ، دواییش وەك چۆن درەختەکە میوە دەردەکا، بەهەمان شێوەش: ڕەوشتی پەسەندو ئاکاری جوان و سیفەتی بەرز و جوان، لەو مرۆڤەدا پەیدا دەبن.

www.alibapir.com

پایەی شەشەم

بانگەواز بۆ چاکەو، فەرمان کردن بە پەسەند و، ڕێگریی کردن لە ناپەسەند، سێ پایەی سەرەکیی کۆمەڵگایەکی سەرفرازن

تاکێکی مسوڵمان، دەبێ ئەم سێ یەی هەبن:

١- ئیمان و عەقیدە.

٢- تاعەت و بەندایەتیی بۆ خوا.

٣- ڕەوشت و ئاکاری پەسەند.

بەڵێ تاکێکی مسوڵمان (مرۆڤ) دەبێ ئیمان و عەقیدەیەکی ڕاست و دامەزراوی هەبێ لە عەقڵ و دڵیدا و، تاعەت و بەندایەتییەکی باشی هەبێ، لە جەستەیدا دەربکەوێ و ڕەنگ بداتەوە لە سەر ئەندامەکانی و، ڕەوشت و ئاکارێکی بەرزو جوانی هەبێ، کە لە مامەڵەکردن لەگەڵ خواو خەڵکدا، خۆییان پێ برازێنێتەوە.

ئەوە بە نسبەت تاکەوە، بەڵام بە نسبەت کۆمەڵگایەکی مسوڵمانەوە:

١- بانگەواز بۆ چاکە.

٢- فەرمان کردن بە پەسەند.

٣- ڕێگریی کردن لە ناپەسەند.

لە هەموو بوارەکان دا، ئەوانە سێ پایەی سەرەکیی کۆمەڵگایەکی سەرفرازن، ئەمیشم لەم ئایەتە موبارەکە وەرگرتوە، کە خوای پەنهانزان لەسووڕەتی (آل عمران) ئایەتی (١٠٤)دا، دەفەرموێ:

www.alibapir.com

﴿ وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى ٱلْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ ۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿١٠٤﴾ ﴾.

واتە: با لەنێو ئێوەدا کۆمەڵێك هەبن: کەبانگەواز دەکەن بۆ چاکە و، فەرمان دەکەن بە پەسەند و، ڕێگریی دەکەن لە ناپەسەند و، هەر ئەوانەش سەرفرازن.

جاری دیکەش باسمان کردوە: کە بانگەواز بۆ چاکە واتە: هەموو چاکەیەك لە ئیسلامدایە، بەڵام مەرج نیە لە دەرەوەی ئیسلامیش، هیچ چاکەیەك نەبێت، (ٱلْخَيْرِ) یانی: هەرچی سوودی هەیە بۆ خەڵك و مایەی بەرژەوەندییانە، وەك (راغب الأصفهاني) دەڵێ: (الخير: ما يَرْغَبُ فيه الكُلُّ)[1] (خیر) ئەوەیە کە هەموو لایەك بۆی ئارەزوومەندن، ﴿ يَدْعُونَ إِلَى ٱلْخَيْرِ ﴾ کۆمەڵگایەکی مسوڵمان دەبێ نێو خۆیان و دەرەوەی خۆشیان، بانگ بکەن بۆ هەر شتێك کە هەموو خەڵك بۆی ئارەزوومەندەو، هەموو خەڵك بۆی تامەزرۆیەو، قازانج و سوودی دنیاو قیامەتیانی تێدا دەبینن.

﴿ وَيَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ ﴾ فەرمان دەکەن بە هەرچی پەسندە، لە بواری بووننناسییدا، لە بواری ئیمان و عەقیدەدا، لەبواری فیکردا، لە بواری ڕاگەیاندندا، لە بواری هەڵسوکەتی کۆمەڵایەتییدا، لە بواری حوکم و سیاسەت دا، لە بواری ئابووریی دا، لە هەموو بوارەکاندا، دەبێ فەرمان بکەن بە شتی پەسند.

---

(١) مفردات ألفاظ القرآن، ص ١٧٦.

www.alibapir.com

﴿وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ﴾ هەروەها ڕێگریی دەکەن لە ناپەسند، ئەویش لە هەموو بوارەکاندا.

﴿وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ﴾ هەر ئەوانەش سەرفرازن، یانی: کۆمەڵگایەك بەو شێوەیە نەبێ، سەرفراز نیە و، بەختەوەر نیە، نە لە دنیاو نە لە دواڕۆژدا.

www.alibapir.com

پایەی حەوتەم

دۆستایەتیی و پشتگیریی یەکدی کردنی بڕواداران، مایەی بۆ ئەنجامدرانی ئەرکی فەرمان بە پەسند کردن و ڕێگریی لە ناپەسەند کردنیان و، نوێژ کردن و زەکاتدان و، فەرمانبەریی کردنی خواو پێغەمبەر و (صلى الله عليه وسلم)، هۆکاری بەزەیی خوایە بۆیان

ئەمیشم لەو ئایەتە موبارەکەی ژمارە (٧١)ی سوورەتی (التوبة) وەرگرتوە، کە خوا دەفەرموێ:

﴿ وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ يَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَيُطِيعُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ ٱللَّهُ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٧١﴾ ﴾.

مەبەستم ئەوەیە کە دۆستایەتیی و یەکدی خۆشویستن و پشتی یەکدی گرتنی بڕواداران، دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەرکی فەرمان بە پەسند کردن و، ڕێگریی کردن لە ناپەسند و، پاشان نوێژ بەرپاکردن و، زەکات دان، هەروەها فەرمانبەریی کردنی خواو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)، یان بۆ ئەنجام بدرێ و، سەرەنجامیش، ئەوە دەبێتە هۆکاری ئەوە کە خوای پەروەردگار بەزەیی پێیاندا بێت دیارە هەر ڕاست دەقی واتای ئایەتەکەم هێناوە، بەڵام بۆ ئاسان تێگەیشتن، تۆزێك ڕیزبەندییم بۆ چەمکەکانی داناوە.

www.alibapir.com

بەڵێ کۆمەڵگای مسوڵمان کاتێك تواناو شایستەیی ئەنجامدانی ئەو شەش ئەرك و کارە گەورەو گرنگانەی دەبێ، کە باسکراون، کە پیاوان و ئافرەتانی ئەو کۆمەڵگایە، پێکەوە: دۆست و نیزیك و پشتیوان و دڵسۆز و هاوکارو دەستبارگرین، هەر بۆیەش خوای کاربەجێ بەر لەوەی باسی:

١- فەرمان بە پەسند.

٢- ڕێگریی لە ناپەسند.

٣- نوێژ بەرپاکردن.

٤- زەکات دان.

٥- فەرمانبەریی خوا.

٦- فەرمانبەریی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بکات، باسی دۆستایەتیی پیاوان و ئافرەتانی بڕواداری کردوە.

پایەی هەشتەم

حەقی ڕەها (الحق المطلق) تەنیا لەلایەن خوای پەروەردگارەوەیە و، پێغەمبەری خاتەمیش (صلی الله علیه وسلم) گەیەنەرو ڕوونکەرەوەو چەسپێنەری ئەو حەقە بووە، بۆیە زاناو پێشەوایان، وێڕای ڕێزو پێزانینمان بۆیان، بەڵام هیچ کامیان پارێزراو (معصوم) نین و، دەمارگیریی و تەسلیم بوونی ڕەها بۆ ڕاو بۆچوونی هیچ کەس، دروست نیە و، بەرهەمی فیکریی هەرکام لە زانایانیش، زیاتر پەیوەستە بەو واقیع و بارودۆخەوە کە تێیدا ژیاون

ئەم بنەمایە کۆمەڵێك ڕاستیی تێدان، بەڵام من هەموویانم پێکەوە ئاوێتە کردن.

ئێستاش با لە چوار خاڵاندا تۆزێك شی بکەینەوە:

١)- حەقی ڕەها تەنیا لەلایەن خواوەیە، ئەدی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)؟ پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) گەیەنەر و ڕوونکەرەوە و، چەسپێنەری ئەو حەقە بووە، هەڵبەتە حەقە ڕەهایەکەی خوا، لە قورئاندایە، ئەدی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەکوێدا ئەو حەقەی پێ گەیاندووین و ڕوونی کردۆتەوەو چەسپاندوویەتی؟ لە ڕێباز و سوننەتەکەیدا.

٢)- بۆیەش زاناو پێشەوایان تێکڕا، هەرچەندە هەموویان جێی ڕێزو پێزانینن و، دەبێ هەر کەسە بەقەدەر خۆی ڕێزی لێ بگیرێ، بەڵام هیچ کامیان لە هەڵە و گوناهـ و لادان، پارێزراو نین.

www.alibapir.com

٣) ئنجا دەمارگیریی و تەسلیم بوونی ڕەها، بۆ ڕاو بۆچوونی هیچ کەس دروست نیە، کە ئێستا حاڵی مسوڵمانان هەمووی پێچەوانەی ئەوەیە و، لەزۆر شوێنی دنیادا قسەی ئیمامێك، کراوەتە دین! ئنجا بریا ئیمامێکی وەك: ئەبوو حەنیفەو شافیعیی و مالیك و ئەحمەدو سوفیان و جەعفەری صادیق و زەیدو کێ و کێ بوونایە، هەر کەسێ کە دەبێتە بەرپرسی کۆمەڵێك، یان شێخێکی تەریقەت، یان لایەنێکی سیاسیی ئیسلامیی...هتد، قسەکەی وەك دین وەردەگیرێ و بە پارێزراو لە هەڵەشی دادەنێن، نەك هەر لە گوناهـ و لادان.

جاری وا هەبووە قسەو باس کراوە، گوتوومە: فلان کەس لەو مەسەلەیەدا هەڵەیە، گوتوویانە: نا، چۆن دەبێ!! گوتوومە: مانای وایە ئێوە وەك پێغەمبەرتان داناوە!! ئەگەر پێتان وابێ ئەوکەسە هەڵە و پەڵەی نین، فەرقی چییە لەگەڵ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)؟ ئەبوو بەکرو عومەر خوا لێیان ڕازی بێ، هەروەها پێشەوا گەورەکان، ڕەخنەیان لە یەکدی گرتوە!

ئنجا لە کاروباری دنیاییدا، هاوەڵان بە پێغەمبەریان (صلى الله عليه وسلم) گوتوە: ئایا ئەوە وەحییە، یان ڕای خۆتە؟ ئەگەر ڕای خۆی بووبێ، جاری وابووە تێبینییان لەسەری هەبووە و، بۆچوونی خۆیان عەرز کردوە و، جاری واش بووە، پێغەمبەری خوا وازی لە بۆچوونەکەی خۆی هێناوە، بۆ بۆچوونەکەی ئەوان!

٤)- ئنجا ئەوە کە: بەرهەمی فیکریی هەر کام لە زانایان، زیاتر پەیوەستە بەو واقیع و بارودۆخەوە کە تێیدا ژیاون، ئەوە زۆر گرنگە بیزانین، بۆ وێنە: ڕەخنە لە ئەبو حامیدی غەززالیی دەگیرێ

www.alibapir.com

کە لە: (إحياء علوم الدين)دا، زێدەڕۆیی زۆری کردوە لە باسی دنیا بەکەمگرتن و لایەنی ڕووحیی دا، بەڵام دیارە واقیعەکەی وای پێویست کردوە، هەڵبەتە من دەڵێم: هەڵەکانی هەر هەڵەن، کە بەناو فەرموودەی هەڵبەستراو، یان فەرموودەی بێهێزی هێناون، یان کە زێدەڕۆیی کردوە لە زوهددا و، کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ڕووحانیەتیی هیندۆسیی و نەصرانیی، ئەوە هەڵە هەر هەڵەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بارودۆخەکەی وای لێ کردوە، کە بەو لایەدا بچێ.

ئنجا با ئەم چەند ئایەتە بکەینە (مسك الختام)ی ئەم باسەشمان:

١)- لە سووڕەتی (الكهف) ئایەتی (٢٩)دا خوا، دەفەرموێ: ﴿ وَقُلِ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ ... ﴾ .

واتە: بڵێ حەق تەنیا لە پەروەردگارتانەوەیە، حەقی موتڵەق تەنیا لە خواوەیە، ئەوی دیکە دەگونجێ بەتەواویی حەقی لەلابێ و، دەشگونجێ هەندێك باطیڵیشی لەگەڵ تێکەڵ کردبێ و بە هەڵەدا چووبێ.

٢)- خوا عزوجل لە سووڕەتی (النحل) ئایەتی (٤٤)دا، فەرموویەتی: ﴿ وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴾

واتە: زیکرمان بۆ لای تۆ ناردوە، تاکو ئەوەی بۆ خەڵك دابەزێندراوە، بۆیان ڕوون بکەیەوە و بۆ خۆشیان بیر بکەنەوە (عەقڵی خۆشیان دانەخەن).

www.alibapir.com

٣)- هەر لە سوورەتی (النحل) لە ئایەتی (٤٣)دا، لە سوورەتی (الأنبياء)یش لە ئایەتی (٧)دا، خوا یەك تەعبیری لەو دوو شوێنەدا هێناوە، بە یەك شێوە:

﴿ فَسْـَٔلُوٓاْ أَهْلَ ٱلذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴾.

واتە: ئەگەر نازانن لە خاوەنانی زیکر بپرسن، واتە: ئەوانەی کە خاوەنی زانستیی قورئانن، چونکە: (ٱلذِّكْرِ) یەکێکە لە ناوەکانی قورئان و، دەشگونجێ بگوترێ: (أَهْلَ ٱلذِّكْرِ) یانی: خاوەنی پسپۆڕیی و شارەزایی (أهل الإختصاص) ئەوانەی پسپۆڕو شارەزان لە هەر شتێکدا، لەوان بپرسن، ئەگەر نازانن.

٤)- خوا لە ئایەتی (٨٣)ی سوورەتی (النساء)دا فەرموویەتی:

﴿ وَإِذَا جَآءَهُمْ أَمْرٌ مِّنَ ٱلْأَمْنِ أَوِ ٱلْخَوْفِ أَذَاعُواْ بِهِۦ ۖ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِي ٱلْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسْتَنۢبِطُونَهُۥ مِنْهُمْ ﴾ النساء.

واتە: هەر کاتێك هەواڵێکی جێی دڵنیایی یان جێی ترسیان بۆ هات، یەکسەر بڵاویان کردەوە، بەڵام ئەگەر گێڕابایەنەوە بۆ لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و بۆ لای کاربەدەستانیان، ئەوانەیان کە توانای هەڵهێنجانیان هەیە، دەیانزانی (ئایا ئەو هەواڵە بڵاوبکەنەوە، یان بڵاونەکەنەوە؟).

کەواتە: ئەهلی ئیسلام دەبێ لەنێو خۆیاندا کاربەدەستیان هەبن و، دەبێ لەنێو کار بەدەستانیشدا، ئەوانەی کە توانای بڕیاردانیان هەیە و، توانای هەڵهێنجانیان هەیە، بگەڕێنەوە بۆ لای ئەوان، نەك پاشا

www.alibapir.com

گەردانیی بێ و، کەس بەڕبەی کەس نەپێوێ و، کەس لەمەڕی کەس نەخێوێ و، هەر کەسە بە دوای میزاج و سروشتی خۆی بکەوێ! کاری هەرەوەزیی پێویستیی بە سیستم (نظام) ڕێك و پێکیی دەکات و، پێویستیی بە گوێ گرتن دەکا، بۆ سەرەوەی خۆت، ئەگەرنا وا نەبێ، ئیش تێك دەچێ.

خوای بەخشەر و میهرەبانیش هاوکار و پشتگیرمان بێ، کە هەردەم زانینەکەمان بگۆڕین بۆ توانین و وابین، کە هەرچی دەیزانین لە چاکە، بیشیتوانین، چونکە بێگومان بەرەکەت و بەرهەمی زانین و شارەزایی لەوەدایە کە بگۆڕێ بۆ توانین و کارایی.

www.alibapir.com

www.alibapir.com

بەشی چوارەم

حەوت ڕۆشنکەرەوەی کاری:
پاکسازیی و چاکسازیی

www.alibapir.com

دەستپێك

خوێنەرانی بەڕێزو خۆشەویست!

لەم بەشی چوارەمی کۆتایی ئەم کتێبەدا، هەوڵدەدەین حەوت بنەمای دیکەی گەورەو گرنگی هەڵقوڵاوی وەحیی و عەقڵ، وەك ڕێڕۆشنکەرەوەی کارو چالاکیی: پاکسازیی و چاکسازیی تێدا کردنی کۆمەڵگا، بخەینەڕوو.

ئاشکراشە کە ئەم بوارە یەکجار بوارێکی گرنگ و هەستیارەو هەر هەڵەو خلیسکانێك تێیدا دەرهاویشتەو شوێنەواری زۆر خراپ و شوومی دەبن، بۆیە بەرچاو ڕوونیی و شارەزایی تێیدا زۆر پێویستەو، پێشم وایە ئەو حەوت (٧) ڕێڕۆشنکەرەوەیەی لەم بەشەدا هێناومانن، تا ڕاددەیەکی باش، مایەی بەرچاوڕوونیی و بە ڕێی ڕاست و دروست زانین و، سەلامەتیی و پارێزران دەبن، لە خلیسکان و لادان، ئەو حەوت بنەما ڕێ ڕۆشنکەرەوانەش ئەمانەن:

ڕێڕۆشنکەرەوەی یەکەم: هەموو مسوڵمانێك لەسەری پێویستە مشووری کۆمەڵگا و دەوروبەری خۆی بخوات و، پاکسازیی و چاکسازیی تێدا بکات، نەك لەهەڵە و پەڵە و لادان و تاوانەکانیەوە ڕابمێنێ، بەڵام دەبێ زۆر وریایێ و وردەکاریی زۆر لە شێوازەکانی گۆڕانکارییەکەی دا بکات، چونکە مەحاڵە ئایینی تێر و تەواوی ئیسلام، بەشێواز و ئامڕازە ناشەرعییەکان، خزمەتی بکرێ

www.alibapir.com

ڕێڕۆشنکەرەوەی دووەم: پێکهێنانی قەوارەی سیاسیی، وێڕای عەقڵ و واقیع، سروشتی ئیسلام و دەقەکانی شەریعەتیش دەیخوازن و، شێوازی شەرعییانە و سروشتییانەی بنیاتنانی دەوڵەتیش ـ لە ئیسلام دا ـ ئەوەیە کە لەڕێی بانگەواز و هۆشیارکردنەوە و بێدارکردنەوەی خەڵك و کۆمەڵگاو، پەروەردەکردنیانەوە، زەمینەسازیی بۆ بکرێ و، نابێ بە هیچ جۆرێك بیر لەبەکارهێنانی هێزو خۆسەپاندن بکرێتەوە، بۆ بنیاتنانی قەوارەی سیاسیی.

ڕێڕۆشنکەرەوەی سێیەم: گۆڕانی واقیع ئەنجام و بەرهەمی خۆ گۆڕینە.

ڕێڕۆشنکەرەوەی چوارەم: هەڵوێستی ڕاست و دروست لە بواری گۆڕانکاریی لە کۆمەڵگا دا، موداراکردن و خۆڕاگریی و سوربوونە لەسەر چاکسازیی تێدا کردن و، بەرەو بەختەوەریی و سەرفرازیی بردنی.

ڕێڕۆشنکەرەوەی پێنجەم: جێبەجێکردنی زۆربەی شەریعەت، بە تاك و کۆمەڵگاوە پەیوەستەو، جێبەجێکردنی کەمێکی پەیوەستە بە دەوڵەتەوە.

ڕێڕۆشنکەرەوەی شەشەم: قەوارەی سیاسیی لە ئیسلام دا، لە هەناوی کۆمەڵگا دێتەدەرێ.

ڕێڕۆشنکەرەوەی حەوتەم: بەهرەمەندبوونی مسوڵمانان لە غەیری خۆیان لە بوارەکانی: حوکم و سیاسەت و ئیدارە و ئابووریی و تەکنۆلۆژیا و ....هتددا، مادام لەگەڵ دەقێکی وەحیی دا، دژنەوەستێ، نەك هەر دروستە، بگرە فەرز یان پەسندە، بە پێی پلەی پێویستیی پێبوونەکە.

ئێستاش ئەگەر بە کورتیی و گوشراوییش بێ، سەروتیشك دەخەینە سەر چەمك و واتاو نێودڕۆکی هەرکام لەم حەوت بنەما ڕێڕۆشنکەرەوەی بواری پاکسازیی و چاکسازی تێداکردنی کۆمەڵگا لە بوارە گشتییەکانی ژیان و گوزەرانی دا:

www.alibapir.com

ڕێڕۆشنکەرەوەی یەکەم

هەموو مسوڵمانێك لەسەری پێویستە مشووری کۆمەڵگا و دەوروبەری خۆی بخوات و، پاکسازیی و چاکسازیی تێدا بکات، نەك لەهەڵە و پەڵە و لادان و تاوانەکانیەوە ڕابمێنێ، بەڵام دەبێ زۆر وریابێ و وردەکاریی زۆر لە شێوازەکانی گۆڕانکارییەکەی دا بکات، چونکە مەحاڵە ئایینی تێر و تەواوی ئیسلام، بەشێواز و ئامڕازە ناشەرعییەکان، خزمەتی بکرێ:

ئەمیش بنەمایەکی دیکەی گەورە و گرنگی مسوڵمانەتیی ساغ و دینداریی ڕاست و دروستە، چونکە:

یەکەم: مرۆڤی مسوڵمان، دڵسۆز (ناصح) و خێرخوازی هەموو لایەکە و، ئیمان و ویژدانی ڕێی نادەن، ئەو خێر و بێر و هێز و پێزەی بۆخۆی لەسایەی ئیسلام دا لێی بەهرەمەند بووە، لەخۆیدا کورتی هەڵبێنێ و بەشی غەیری خۆی لێ نەدات، چونکە دڵسۆزیی و پەرۆشیی بۆ خەڵك و کۆمەڵگا، عادەت و ڕەوشتی پێغەمبەرانە علیهم السلام:

(وَأَنَا۠ لَكُمۡ نَاصِحٌ أَمِينٌ) (الأعراف: ٦٨).

پێغەمبەری خواش (محمد) (صلى الله عليه وسلم) دینداریی و مسوڵمانەتیی لە دڵسۆزیی بۆ خەڵك و بە تەنگەوە بوونیان دا کورت هەڵێناوە: (الدين: النَّصيحة...) مسلم: ٥٥.

www.alibapir.com

دووەم: مادام نە لەدوای قورئان کتێبێکی دیکە لەلایەن خواوە دادەبەزێ و، نە لەدوای (محمد) (صلى الله عليه وسلم) پێغەمبەرێکی دیکە ڕەوان دەکرێ:

﴿ مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمًا ﴿٤٠﴾ ﴾ الأحزاب.

بۆیە لەسەر مسوڵمانانی پەیڕەوی قورئان و شوێنکەوتووی (محمد) پێغەمبەری کۆتایی، پێویستە: پەیامی قورئان و ڕێبازی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بگەیەنن بەهەرکەس کە دەستیان دەیگاتێ، یان دەنگیان پێی دەگات، چونکە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەتا لەژیان دابووە، هەرئەوە کاری بووە:

﴿ وَأُوحِىَ إِلَىَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ لِأُنذِرَكُم بِهِۦ وَمَنۢ بَلَغَ ﴿١٩﴾ ﴾ الأنعام.

واتە: ئەم قورئانەم بۆ سروش کراوە، تاکو بەئێوە و بەهەرکەسێکی بگەیەنم کە دەتوانم پێی بگەیەنم..

سێیەم: سروشتی ئیسلامیش خوازیاری ئەوەیە کە سایە و سێبەری کۆمەڵگابێت و فەرمانڕەوابێ، نەك بندەست بێ و لە پەراوێزدابێ:

﴿ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلْهُدَىٰ وَدِينِ ٱلْحَقِّ لِيُظْهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْمُشْرِكُونَ ﴿٩﴾ ﴾ الصف.

(خوا) ئەوکەسەیە کە پێغەمبەری خۆی بەڕێنمایی و بەرنامەی هەقەوە ناردوە، تاکو بەسەر تێکڕای بەرنامەکان دا سەری بخات و زاڵی بکات...

www.alibapir.com

هەڵبەتە تاکە شێوازی ڕاست و ڕەوای گۆڕانکاریی و پاکسازیی و چاکسازیی تێداکردنی کۆمەڵگاش، هەرئەو شێوازەیە کە تێکڕای پێغەمبەران لە ئادەمەوە تاکو خاتەم علیهم الصلاه والسلام ڕەچاویان کردوە، کە بریتیە لە: هەقبێژیی ڕوون و ڕاشکاو و دڵسۆزانە و بوێرانە و، خۆڕاگریی و پشوودرێژیی لەسەر ئازار و نارەحەتییەکان، وەك پێغەمبەران فەرموویانە:

﴿ وَمَا لَنَآ أَلَّا نَتَوَكَّلَ عَلَى ٱللَّهِ وَقَدْ هَدَىٰنَا سُبُلَنَاۚ وَلَنَصْبِرَنَّ عَلَىٰ مَآ ءَاذَيْتُمُونَاۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُتَوَكِّلُونَ ﴿١٢﴾ ﴾ إبراهيم.

واتە: ئایا چیمانە، کە پشت بەخوا نەبەستن! لە حاڵێکدا، کە ڕێبازەکانمانی پێشانداوین، بەدڵنیایی هەرچەندە ئازارمان بدەن هەرخۆڕاگر دەبین و پشت بەستووان با تەنیا پشت بەخوا ببەستن.

هەروەها پێغەمبەری خواش (صلى الله عليه وسلم) لەوبارەوە فەرموویەتی: {المؤمن الذي يعاشر الناسَ و يصبر على أذاهم، أفضلُ من المؤمن الذي لا يعاشر الناس و لايصبر على أذاهم} أخرجه البخاري في الأدب المفرد:٣٨٨، والترمذي: ٢٥٠٧، وابن ماجه: ٤٠٣٢، والبيهقي في الآداب: ٢٠٦.

واتە: ئەو بڕوادارەی تێکەڵیی خەڵك دەکات و لەسەر ئازاریشیان خۆڕاگر دەبێ، چاکترە لەو بڕوادارەی تێکەڵیی خەڵك ناکات و لەسەر ئازاریشیان خۆڕاگر نابێ.

ئنجا وێڕای ئایەتەکانی قورئانی بەپێز و فەرمایشتەکانی پێغەمبەری بەڕێز (صلى الله عليه وسلم) بەڵگە لەوبارەوە ئەوەیە کە: لەحاڵێکدا مسوڵمانان لە بەرانبەر بارودۆخی لارو ستەمکارانەی

www.alibapir.com

کۆمەڵگایەکدا خۆیان دەبیننەوە، چوار (٤) ئەگەر (إحتمال)یان لە بەردەم دا دەبن، بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا:

١- سەری خۆیان هەڵبگرن و وڵات و کۆمەڵگایەکەیان بەجێ بهێڵن، وەك هاوەڵانی ئەشکەوت (أصحاب الكهف).

٢- بەزەبری هێز و چەك بەگژ خەڵك و کۆمەڵگاکەیان دا بچنەوە.

٣- تەسلیم و ملکەچی واقیعی لار و ستەمکارانەی کۆمەڵگاکەیان بن و، سەری خۆیان کزیکەن، یان تێیدا بتوێنەوە.

٤- نە لەبەری ڕابکەن و، نە بەگژیدا بچنەوە و، نەتێیدا بتوێنەوە، بەڵکو مودارا لەگەڵ خەڵك و کۆمەڵگایەکەیاندا بکەن و، بەحیکمەت و خۆڕاگریی و پشوودرێژیی، کار لەسەر پاکسازیی و چاکسازیی تێداکردنی بکەن.

هەرکەسێکیش بە عەقڵێکی سەلیم، سەرنجی ئەوچوار ئەگەر (إحتمال)ە بدات، دڵنیا دەبێ کە تەنیا هی چوارەمیان پەسەند و ڕەوایە و، عەقڵ و نەقڵ، یان حیکمەت و شەریعەت، جگە لەوە بەڕەوا و شەرعیی نازانن، وەك لەچەند بەرهەمێکی خۆم دا بەدرێژیی لەوبارەوە دواوم[1]و، لە چەند کتێبێکی ئەم مەوسووعەیەش دا قسەمان لەوبارەوە کردوە.

---

(١) وەك: {هەڵوەشاندنەوەی پەرگیریی} و (حوارات ساخنة حول قضايا راهنة، في ميادين الفكر والفقه والدعوة والسياسة).

www.alibapir.com

ڕێڕۆشنکەرەوەی دووەم

پێکهێنانی قەوارەی سیاسیی، وێڕای عەقڵ و واقیع، سروشتی ئیسلام و دەقەکانی شەریعەتیش دەیخوازن و، شێوازی شەرعییانە و سروشتییانەی بنیاتنانی دەوڵەتیش - لە ئیسلام دا - ئەوەیە کە لەڕێی بانگەواز و هۆشیارکردنەوە و بێدارکردنەوەی خەڵك و کۆمەڵگاو، پەروەردەکردنیانەوە، زەمینەسازیی بۆ بکرێ و، نابێ بەهیچ جۆرێك بیر لەبەکارهێنانی هێز و خۆسەپاندن بکرێتەوە، بۆ بنیاتنانی قەوارەی سیاسیی.

ئەم بنەمایەش یەکی دیکەیە لەبنەما سەرەکییەکانی: دینداریەکی ساغ و مسوڵمانەتییەکی ڕاست و دروست، ئاشکراشە دوا قۆناغی پابەندیی بەشەریعەتەوە و بەڕپاکردنی ئایین، بریتیە لەوە کە مسوڵمانان ببنە خاوەنی ئیدارە و ئیرادەی خۆیان و، بەتەواویی دەستیان کراوەبێ لەبواری پابەندیی بەشەریعەتەوەدا و، جێبەجێ کردنی یاسایەکانی لەهەموو کایەکانی ژیان و گوزەرانی تاك و کۆمەڵ دا.

شایانی باسیشە: ئێمە لەبەرگی یەکەمی مەوسووعەی: (ئیسلام و دەوڵەتداریی) دا بەدرێژیی لەبارەی پێویستبوونی: (دەوڵەت و قەوارەی سیاسیی)یەوە، لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، دواوین، بۆیە لێرە واز لەومەسەلەیە دێنین و، ئەوەندە دەڵێین: کە بەر لە (علي عبدالرازق)ی میصرییی خاوەنی کتێبی: (الإسلام وأصول الحكم) هیچ زانایەکی موعتەبەری ئسلام: مشت و مڕی نەکردوە، لەبارەی

www.alibapir.com

پێویستبوونی قەوارەی سیاسیەوە بۆ بەڕێوەبردنی شەریعەتی ئیسلام، بەڵێ بەر لەساڵی (١٩٢٥ز) کە (علي عبدالرازق) کتێبەکەی خۆی تێدا بڵاوکردۆتەوە، زانایانی ئیسلام لەسەر ئەوبابەتە یەکدەنگیی (إجماع)یان هەبووە، هەرچەندە دوای ئەوەش دیسان جارێکی دیکە یەکدەنگیی زانایانی ئیسلام لەسەر ئەوبابەتە، زۆر بەهێز و پێز و دامەزراوە.

بەنسبەت شێوازی شەرعییانە و سروشتییانەی بنیاتنانی دەوڵەتیشەوە، لەئیسلام دا، کە تەنیا بریتیە لەوەی: خەڵك و کۆمەڵگایەکی هۆشیار و بێدار و تێگەیشتوو و پێگەیشتوو، بەهاندەری ڕازییکردنی خوا عزوجل، بەهۆی بەتەواویی جێبەجێکردنی شەریعەتەکەیەوە، بڕیاری دروستکردنی قەوارەی سیاسیی و خاوەنی ئیدارە و ئیرادەی خۆ بوونیان، بدەن، هەروەها ڕەوانەبوونی پەنانەبردنە بەر هێز و خۆسەپاندن، بۆ بنیاتنانی قەوارەی سیاسیی، دەڵێین:

١- ئەگەر بۆ هەر بەرنامەیەك بگونجێ بەزەبری هێز و چەك، بەسەر خەڵك دا بسەپێنرێ، بۆ ئیسلام ناگونجێ، چونکە کاکڵ و جەوهەری ئیسلام مامەڵەیە لەگەڵ خوای پەنهانزان دا و ڕستەی:

﴿قَالَ يَٰقَوۡمِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرُهُۥٓ ﴿٨٥﴾﴾ الأعراف.

واتە: ئەی گەلەکەم! خوا بپەرستن، جگە لەو پەرستراوێکی دیکەتان نیە، ویردی سەرزمانی تێکڕای پێغەمبەران بووە.

هەروەها خوا فەرموویەتی: ﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ ﴿٢٥٦﴾﴾ البقرة، واتە: زۆریی لێکردن لەدیندا نیە.

www.alibapir.com

٢- قەواردی سیاسیی لەخودی خۆیدا، ئامانج نیە و ئامراز (وسیلة)ە، بۆ چەسپاندنی ئەوبەشەی شەریعەت، کە پەکی لەسەر هێز و دەسەڵاتی سیاسیی کەوتوە، بۆیە بەر لەجێبەجێکردنی ئەوبەشەی شەریعەت، کە پەکی لەسەر قەواردی سیاسیی کەوتوە، پێویستە یەکەکانی کۆمەڵگا و خێزانەکان (أفراد المجتمع وأُسَرُهُ) لەژیانی تاکیی و خێزانیی و کۆمەڵایەتییان دا، بەئیسلام و شەریعەتەوە پابەند بن، هەڵبەتە فەرمانی خوا عزوجل:

﴿أَنْ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِ﴾ الشوری: ١٣.

واتە: ئایین بەرپابکەن و تێیدا پەرتەوازە مەبن..

لە سوورەتێکی مەککەیی دا هاتۆتە خوار، بۆ کۆمەڵە مسوڵمانێکی چەوساوەی بێ قەواردی سیاسیی!.

٣- بەسەرنجدانی سیرە و ژیانی پێغەمبەری پێشەوامان (محمد) (صلی الله علیه وسلم)دا وەك ڕۆژی ڕوون دیارە کە قەواردی سیاسیی، بەرهەم و زادەی پرۆسەیەکی شێلگیرانە و پشوو درێژانەی، بانگەواز و هۆشیارکردنەوە و بێدارکردنەوەو، ڕاگەیاندن و کاری دیبلۆماسیی و سیاسییە.

ئنجا ئاشکراشە کەبنیات نرانی دەوڵەتی ئیسلامیی یەکەم، لەسەر دەستی پێغەمبەری خوا (محمد) (صلی الله علیه وسلم) وێڕای پرۆسەی بەردەوامی: بانگەواز و هۆشیارکردنەوە و...هتد، دەرەنجامی ڕاستەوخۆی هەردووك پەیمانی یەکەم و دووەمی (عقبة) بوو، کە

www.alibapir.com

لەنێوان پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و نوێنەری خەڵکی (یثرب)دا بەستران، لەساڵانی (١٢ و ١٣)ی پێغەمبەرایەتیی دا.

٤- ئەو قەوارە سیاسییەی بەزەبری هێز و چەك دادەمەزرێ، بەبێ وەرگرتنی ڕەوایەتیی (شرعية) لە خەڵك و جەماوەرێکی هۆشیار و بێدار و ئازاد، وێڕای نارەوا بوونی، زۆریش چاوەڕوانکراوە، بەزەبری هێز و چەکی لایەنێکی دیکە بڕووخێ!

٥- بەپێچەوانەی تێگەیشتنی زۆر کەسەوە: جێبەجێکردنی زۆربەی هەرەزۆری شەریعەت - بەمانای فراوان و گشتگیری بۆ: بوونناسیی و، ئیمان و عەقیدە و، عیبادەت و، ڕەوشت و، باری کەسێتیی و، ئەدەب و، هەڵسوکەوتە خێزانیی و کۆمەڵایەتییەکان- پەیوەستە بەئیرادەی تاکەکانی کۆمەڵگا و کۆی کۆمەڵگاوە و، پەکی لەسەر قەوارەی سیاسیی و دەوڵەت نەکەوتوە، هەربۆیەش دروست نیە مسوڵمانان بۆ پابەندیی بەشەریعەتەوە - لەو بوارانەدا کە پەکیان لەسەر قەوارەی سیاسیی نەکەوتوە- چاوەڕێی بنیاتنرانی دەوڵەت بکەن، چونکە:

١- فەرمانی خوا: ﴿فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُمۡ﴾ (التغابن: ١٦)، واتە: ئەوەندەی بۆتان دەکرێ و دەتوانن پارێز لەخوا بکەن!

٢- هەروەها فەرموودەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم): {..وإذا أمرتكم بأمرٍ، فأتوا منه ما استطعتم} أخرجه البخاري برقم (٦٨٥٨)، ومسلم برقم (١٣٣٧)، واتە: هەرکات فەرمانم بەشتێك پێکردن، ئەوەندەی بۆتان دەکرێ، لێی جێبەجێ بکەن..

www.alibapir.com

٣- هەروەها بنچینەی شەرعیی: (لایسقط المیسور بالمعسور) واتە: ئەوەی ئاسانە، بەهۆی ئەوەوە کە قورس و زەحمەتە، لاناچێ.

بەڵێ ئەو ئایەتەی قورئانی بەپێز و، ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەری بەڕێز (صلی الله علیه وسلم) و، ئەو بنچینە شەرعییە، ڕێمان لێ دەگرن، کە کەمتەرخەمیی بکەین لەپابەندیی بەشەریعەت و، جێبەجێکردنی یاسایەکانی دا.

ڕێڕۆشنکەرەوەی سێیەم

گۆڕانی واقیع ئەنجام و بەرهەمی خۆگۆڕینە

ئەوە کە گۆڕانی حاڵ و واقیعی خەڵك و کۆمەڵگا، چ لە خراپەوە بۆ چاك، چ لە چاکەوە بۆ خراپ، ئەنجام و بەرهەمی خۆگۆڕین و گۆڕان بەسەر خۆداهێنانی تاکەکانیەتی، ڕاستییەکی سەلمێنراوەو حاشا هەڵنەگری مێژووییەو، هەمیشە گۆڕانی حاڵ، لە گۆڕانی خود (ذات)ەوە هەڵدەقوڵێ.

خوای زاناو کارزانیش وەك یاسایەکی گەردوونیی خۆی لە ژیانی بەشەردا، ئەو ڕاستییەی ڕاگەیاندوە و فەرموویەتی:

﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡ ﴿١١﴾﴾ الرعد.

واتە: بە دڵنیایی خوا حاڵ و بارودۆخی هیچ خەڵکێك ناگۆڕێ، تاکو ئەوان خۆیان نەگۆڕن ....

لێرەدا بە پێویستی دەزانم، سێ سەرنجی گرنگ بخەمەڕوو:

یەکەم: وشەی (مَا بِقَوۡمٍ) کۆی بارودۆخ و واقیعی کۆمەڵگا دەگرێتەوە: حوکم و سیاسەت، ئیدارە، ئابوورییی، کلتوور، ڕاگەیاندن ... هتد.

دووەم: وشەی (مَا بِأَنفُسِهِمۡ) هەموو ئەو شتان دەگرێتەوە کە پەیوەندیان بە ناخ و دەروونی تاکەکانەوە هەیە بە تایبەت ئەم سێیە:

أ/ بیرو بۆچونەکان (الأفکار).

www.alibapir.com

ب/ هەست و نەست و خولیایەکان (المشاعر).

ج/ ڕەوشت و ئاکارەکان (السلوکیات).

سێیەم: لێرەدا خوا باسی کۆمەڵگا و خەڵك دەکات. کەواتە: دەبێ بزانین، ئەگەر کۆمەڵگاو خەڵك بە گشتی خۆیان نەگۆڕن: بیرەکانی نێو عەقڵ و، خولیایەکانی نێو دڵ و، ڕەوشت و ڕەفتارەکانیان، ناگونجێ لە سۆنگەی ئەوەوە کە چەند تاکێك خۆیان گۆڕیوە، واقیع و حاڵی خەڵك و کۆمەڵگایەکە بە گشتی بگۆڕێ!

بەڵێ هەر تاکێك دەروونی خۆی گۆڕی، حاڵ و واقیعی دەگۆڕێ، بەڵام بە نسبەت کۆمەڵگاوە: دەبێ بە گشتی خۆیان بگۆڕن بۆیەش گوتراوە: (بە گوڵێك بەهار نایەت)، هەروەها گوتراوە: (تاکە سوار تۆزێ ناکات).

www.alibapir.com

ڕێڕۆشنکەرەوەی چوارەم

هەڵوێستی ڕاست و دروست لە بواری گۆڕانکاریی لە کۆمەڵگادا، موداراکردن و خۆڕاگریی و سوربوونە لەسەر چاکسازیی تێدا کردنی و بەرەو بەختەوەریی و سەرفرازیی بردنی:

پێشتریش چەند جارێك ئەم بابەتەمان باسکردوە، کە مسوڵمانان بۆ مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگایەکانیان دا، تەنیا چوار ئەگەریان لەبەردەم دان:

١- سەری خۆهەڵگرتن و لێ ڕاکردنی، وەك هاوەڵانی ئەشکەوت کردیان.

٢- خۆپێدادان و بەگژداچوونەوەی بەهێز.

٣- لێ بێدەنگ بوونی، یان بۆ ملکەچ بوونی و، سەری خۆکزکردن و بوون بە بەشێکی.

٤- ساچاندن و موداراو خۆڕاگریی لەسەر ئازارو نارەحەتییەکان و، سور بوون لەسەر پاکسازیی و چاکسازیی کۆمەڵگاو بەرەو خوا بردن.

بە سەرنجدانی ئایەتەکانی قورئان و دەقەکانی سوننەتیش، هەروەها بەسەرهاتی پێغەمبەران بە گشتی و بە تایبەت خاتەم و سەروەرمان موحەممەد (علیه وعلیهم الصلاوة والسلام) وەك ڕۆژی ڕوون دیارە، کە تەنیا ئەگەرو ڕێی چوارەم ڕاست و ڕەوایەو، ئەوانی دیکە هەرکامیان وێڕای زیانی گەورە گەورە، ئیشکالی شەرعیی و عەقڵیی گەورەشیان تێدایە.

www.alibapir.com

ئنجا لەبەر ئەوەی لە کتێبی سێیەم: (چۆنیەتی گۆڕینی کۆمەڵگاو، پاکسازیی و چاکسازیی تێدا کردنی)دا، بە درێژیی باسی ئەو بابەتەمان کردوە، لێرە زیاتری لێ نادوێین.

www.alibapir.com

ڕێڕۆشنکەرەوەی پێنجەم

جێبەجێکردنی زۆربەی شەریعەت، بە تاك و کۆمەڵگاوە پەیوەستەو، جێبەجێکردنی کەمێکی بە دەوڵەتەوە پەیوەستە:

زانینی ئەم ڕاستییەی سەرەوە، کە بۆ هەر کەسێك شارەزایی قووڵی بە شەریعەت هەبێ، شتێکی ڕوونە، خوازیاری ئەوەیە کە ئێمەی مسوڵمانانی عەودالی سایەو سێبەری شەریعەت، چاوێکی جیددیی بە خۆمان دا بگێڕینەوەو، چاوەڕێی حوکمڕان و دەوڵەت نەبین: شەریعەتی خوای کارزان و میهرەبانمان بەسەردا جێبەجێ بکات، چونکە زۆربەی هەرە زۆری یاساکانی شەریعەت - شەریعەت بە ماناو چەمکە فراوان و گشتگیرەکەی، نەك بە چەمك و واتا عورفییەکەی کە زۆر بەرتەسکە - پەکیان لەسەر دەستەڵات و (سلطة) و دەوڵەت نەکەوتوەو، بە تاکەکان و کۆمەڵگا (الأفراد والمجتمع)ەوە پەیوەستن و، دەتوانم بڵێم: ئەو جۆرە حوکمانەی شەریعەت زیاتر لە سەدا نەوەد (٩٠٪)ی کۆی حوکمەکانی و، ئەوانەی پەکیان لەسەر دەستەڵات کەوتوە دەوری لە سەدا دە (١٠٪)یان کەمتریشن، وەك چەسپاندنی دادگەریی و، لابردن و ڕێ لێگرتنی ستەم و دەستدرێژیی و، جێبەجێکردنی سزاو سنوورە شەرعییەکان (العقوبات والحدود الشرعية).

هەڵبەتە لە کاتێکیشدا کە مسوڵمانان لەو بوارانەدا کە بۆیان دەکرێ بە شەریعەت و یاساو ڕێنمایی و ئەدەبەکانیەوە پابەند دەبن وەك تاکەکان و کۆیان، ئەمە وێڕای ئەوەی کە لە پانتاییەکی گەورەو فراوانی دینداریی و مسوڵمانیەتی دا، ئیسلام جێبەجێ دەکەن، هاوکات

www.alibapir.com

بەم کارەیان زەمینەی جێبەجێکردنی بەشەکانی دیکەی شەریعەتیش خۆش دەکەن، خوای بەبەزەیی و بەخشندەش زیاد لە توانای لە هیچ کەس داوا ناکات، وەك فەرموویەتی:

﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ﴿٢٨٦﴾ ﴾ البقرة.

ڕێڕۆشنکەرەوەی شەشەم

قەوارەی سیاسیی لە ئیسلام دا، لە هەناوی کۆمەڵگا دێتەدەرێ

بەڵێ کۆمەڵگای مسوڵمان کە بڕیار دەدات قەوارەی سیاسیی ڕابگەیەنێ، تاکو دوای ئەوەی وەك تاکەکان هەر کامیان لە خودی خۆیداو، وەك کۆمەڵگاش هەرچی پێیان کراوە لە ئیسلام و مسوڵمانەتیی جێبەجێیان کردوەو، پێوەی پابەند بوونە، ئەمجارە ئەوەی لە یاساکانی ماوەو، بە دەستەڵات و قەوارەی سیاسیی نەبێ جێبەجێ ناکرێ، بتوانن بە هۆی دەستەڵاتی سیاسییەوە جێبەجێی بکەن.

دەرککردنی ئەم ڕاستییەش زۆر گرنگە، چونکە بە داخەوە کەسانێکی زۆر کە لە مەیدانی کارو جموجۆڵی ئیسلامیی دا بوونیان هەیە، وا گومان دەبەن، کە دەبێ بە زەبری هێزو دەستەڵات، پابەندیی بە شەریعەتەوە (الإلتزام بالشريعة) بەسەر خەڵك و کۆمەڵگادا بسەپێنرێ!

بەڵام بە دڵنیایی ئەوە ڕاست نیە، بەلای کەمەوە لەبەر سێ هۆکاری گرنگ:

یەکەم: ئیسلام بە زۆر بەسەر خەڵك و کۆمەڵگادا سەپاندن، ناچاری نیفاق و دوو ڕوویيان دەکات و نیفاقیش - کە کوفری پەنهانە - لە کوفری ئاشکرا خراپترە بۆ دنیاو قیامەت، بۆیە ئەگەر بگونجێ هەر فیکردو بەرنامەیەك بە زۆر بسەپێنرێ، ناگونجێ ئیسلام بە زۆر بەسەر خەڵکدا بسەپێنرێ، چونکە ئیسلام بەر لە هەرشتێك سەرو

www.alibapir.com

کاری لەگەڵ ناخ و دڵ و دەروونی مرۆڤ دایەو، ئیسلامێك لەوێوە سەرچاوە نەگرێ، خاوەنەکەی نەك هەر لێی بەهرەمەند نابێ، بەڵکو لەسەریشی قەرزدار دەبێتەوە و سزا باریش دەبێت.

دووەم: قەواردی سیاسیی ئیسلام، لە سۆنگەی ئەوەوە کە ئیسلام ڕێی نادات مل بۆ کوفر و ستەمی جیهانیی نەوی بکات، هیچ بەدیلی نیە بۆ باوەشی پڕ سۆزو گەرمی خەڵك و جەماوەر، هەڵبەتە کۆمەڵگایەکیش بەزۆر ئیسلامی بەسەردا بسەپێنرێ، هەر دەرفەتی لێ هەڵبکەوێ: لێی هەڵدەگەڕێتەوەو ڕەفزی دەکات.

سێیەم: هەر فیکرەو بەرنامەیەك بە زەبری هێز بسەپێنرێ، بە زەبری هێزیش لادەبرێ و، نیزیکترین نموونەش لەو بارەوە: (عمر حسن البشیر)ە، کە سی (٣٠) ساڵ لەمەوبەر بە کودەتا (إنقلاب)یەکی سەربازیی هاتە سەر حوکم و، لەم ڕۆژانەشدا هەر بە کودەتای سەربازیی لەسەر کار لادرا!

پێشم وایە دەرککردنی ئەو ڕاستییەو لەبەرچاوگرتنی، گەلێك هەڵەی کوشندەی ئەو بوارە، کە لە ڕابردوودا زەڕی زۆری بە مسوڵمانان و سومعەی ئیسلامیش گەیاندوە، چارەسەر دەکات و ڕێ لە دووبارە بوونەوەی دەگرێ.

www.alibapir.com

ڕێڕۆشنکەرەوەی حەوتەم

بەهرەمەندبوونی مسوڵمانان لە غەیری خۆیان لە بوارەکانی: حوکم و سیاسەت و ئیدارەو ئابوورییی و تەکنۆلۆژیاو ... هتددا، مادام لەگەڵ دەقێکی وەحیی دا دژنەوەستێ، نەك هەر دروستە، بگرە فەرز، یان پەسندە، بە پێی پلەی پێویستیی پێبوونەکەی:

ئەمیش لەو بابەتە ڕۆشنانەیە کە زگماك و عەقڵ دەرکی دەکەن و، حەوجێی بە بەڵگەی نەقڵیی ناکات، بەڵام وێڕای بەڵگەی عەقڵ و فیطرەت، ئەم فەرمایشتە موبارەکەی خواش بەڵگەیەکی بەهێزە لەو بارەوە:

﴿...فَبَشِّرْ عِبَادِ ﴿١٧﴾ ٱلَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُۥٓ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمْ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٨﴾﴾ الزمر،

واتە: موژدە بەو بەندانەم بدە، کە گوێ بۆ هەموو قسەیەك هەڵدەخەن، ئنجا دەکەونە شوێن چاکترینی، ئا ئەوانە کەسانێکن خوا خستوونیە سەر ڕاستەڕێ و، ئەوانەن خاوەن عەقڵان.

چونکە وشەی (القول) ئەلیف و لامی ناساندن (أل التعريف)ی لەسەرەو بۆ (جنس)ە و هەموو جۆرە قسەیەك دەگرێتەوە، بێژەر (قائل) دەکەی هەر کەسێك بێ.

ئنجا ئەگەر سەرنجی سیرەو ژیانی پێغەمبەری خواش (صلى الله عليه وسلم) بدەین، دەبینین هەر وای کردووە لەهەر بیروڕاو پێشنیارو داهێنانێکی کە سوودی تێدا دیبێ، بەهرەی لێوەرگرتوە لە هەر کەسێکەوە بووبێ، بۆ وێنە:

www.alibapir.com

١- بیرۆکەی هەڵکەندنی خەندەکی لە جەنگ (الأحزاب)دا لە (سلمان الفارسي) وەرگرتووەو جێبەجێشی کردووە[١].

٢- هەرکام لە (منجنيق) و (دبابة)ی لە گرتنی هەندێك قەڵایاندا بەکارهێناون، کە پێشتر لە دوورگەی عەرەبیی دا، یان هەر بەکارنەهێنراون، یان زۆر بە دەگمەنیی بەکارهێنراون[٢].

٣- کاتێك ویستی نامە بۆ پادشاکانی فارس و ڕۆم و دەوڵەتەکانی دیکە بنووسێ و، هەواڵیان دایە کە پادشایەکان نامەی مۆرنەکراو (غير مختوم) ناخوێننەوە، فەرمانی کرد مۆرێکیان بۆ دروستکرد، لێی نوسرابوو: (محمد رسول الله)[٣]، ئنجا هەر نامەیەکی بۆ سەرۆکی وڵاتان ناردبایە بەو خەتمە مۆری دەکرد.

هەروەها چوار جێنیشینە سەر ڕاستە هیدایەتدراوەکانیشی: (أبو بكر، عمر، عثمان، علي)یش خوا لێیان ڕازی بێ هەروایان کردوە، بە تایبەت (عمر بن الخطاب) خوا لێی ڕازی بێ، کە لە ڕۆژگاری ویدا دەوڵەتی ئیسلامیی زۆر فراوان بوو و گەشەی کردو، پێویست بوو لە ڕووی ئیداریی و حوکمڕانییەوە، داهێنان (إبداع)ی تازە بکرێ و، سوودو بەهرە لە ئەزموون و شارەزایی وڵاتانی دیکە وەربگیرێ، ئیدی ئەوە بوو لە ڕۆژگاری ویدا کۆمەڵێك شتی تازە داهێنران وەك:

یەك: دروستکردن و بنیاتنانی شاران (تمصيرُ الأمصار).

---

(١) السيرة النبوية لابن هشام: ج٣، ص ١٠٩.

(٢) السيرة النبوية لابن هشام: ج٣، ص ٢٧٤.

(٣) صحيح البخاري: ٣١٠٦.

www.alibapir.com

دوو: دانانی دیوانەکان (تدوین الدواوین) وەك: دیوانی سەربازان، دیوانی خەراج، دیوانی زەکات.

سێ: دانانی حەپسخانە.

چوار: دانانی پۆستە (برید).

هیچ گومانیش تێدانیە، بەبێ بەکارهێنانی شێوازو ئامرازە تازەو هاوچەرخەکان، مسوڵمانان لە ڕۆژگارو دنیای خۆیان بەجێ دەمێنن و، وەك کەسێك دێنە بەرچاو کە لە غەیری ڕۆژگارو واقیعی خۆیدا بژی!

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی یارمەتییمان بدات، کە زیاتر لە بەرنامەکەی حاڵی بین و، یارمەتییشمان بدات کە باشتر پێیەوە پابەند بین، لە ژیانی تاکییمان و، خێزانییمان و کۆمەڵایەتییماندا، هەوڵبدەین ئەو دەوروبەرو کۆمەڵگایەی خۆمان، بەو شێوەیە لێ بکەین، کە جێگای ڕەزامەندیی و پەسندیی خواو پێغەمبەرەکەی (صلی الله علیه وسلم) بێ و، خۆمان و کۆمەڵگاکەشمان بەختەوەری دنیاو سەرفرازی ڕۆژی دوایی بین.

بەشی پێنجەم

هاوسەنگیی بناغەی کەسایەتیی (شخصية)ی مسوڵمانە

www.alibapir.com

www.alibapir.com

خوێنەری بەڕێز!

لەڕاستیی دا لێکۆڵینەوە دەربارەی کەسایەتیی ئینسانی مسوڵمان مەودایەکی بەرفراوان و شوێنێکی تەرخانکراوی پێویستە و، کورد گوتەنی: (هەویرێکی ئاوخوازە) بۆیە لێرەدا دوای ئەوەی لەبەرتیشکی چەند ئایەتێکی قورئان دا، خەسڵەتە سەرەکییەکانی مرۆڤی مسوڵمان دەخەینەڕوو، زەقترین و گەورەترین دروشم و نیشانەی کەسایەتیی ئینسانی مسوڵمان، کە بریتیە لە هاوسەنگیی (توازن) لە چەند بوارێك دا دەخەینەڕوو:

خوای زانا و مەزن فەرموویەتی:

﴿ أَفَمَن يَعْلَمُ أَنَّمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ ٱلْحَقُّ كَمَنْ هُوَ أَعْمَىٰٓ ۚ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُوْلُواْ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٩﴾ ٱلَّذِينَ يُوفُونَ بِعَهْدِ ٱللَّهِ وَلَا يَنقُضُونَ ٱلْمِيثَٰقَ ﴿٢٠﴾ وَٱلَّذِينَ يَصِلُونَ مَآ أَمَرَ ٱللَّهُ بِهِۦٓ أَن يُوصَلَ وَيَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ وَيَخَافُونَ سُوٓءَ ٱلْحِسَابِ ﴿٢١﴾ وَٱلَّذِينَ صَبَرُواْ ٱبْتِغَآءَ وَجْهِ رَبِّهِمْ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً وَيَدْرَءُونَ بِٱلْحَسَنَةِ ٱلسَّيِّئَةَ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمْ عُقْبَى ٱلدَّارِ ﴿٢٢﴾ ﴾ الرعد: ١٩ - ٢٢.

واتە: ئایا ئەو کەسەی کە دەزانێ: ئەوەی لەلایەن پەروەردگارتەوە بۆلای تۆ دابەزێنراوە، ڕاستە، وەك ئەو کەسە وایە کە کوێرە؟ بێگومان بەس خاوەن عەقڵان بێدار دەبنەوە. ئەوانەی کە پەیمانی خوا دەبەنەسەرێ و، بەڵێن هەڵناوەشێننەوە و، ئەوانەی کە هەرچی- پەیوەندییەك- خوا فەرمانی کردوە بە گەیاندنی، دەیگەیەنن و، لە پەروەردگاریان دەترسن و، لە لێپرسینەوەی (توندوتیژو) خراپ دەترسن. هەروەها ئەوانەی کە لەپێناوی ڕەزامەندیی خوادا، خۆڕادەگرن و، نوێژێ بەرپا دەکەن و، لەو ڕۆزییەی داومانێ، بە پەنهانیی و بە

www.alibapir.com

ئاشکرا دەبەخشن و، بە چاکە خراپە لادەبەن، ئەوانە سەرەنجامی- چاکی- دوارۆژیان هەیە.

وەك دەبینین: لەم چوار ئایەتە بەپێزەدا، خوای شارەزا و وردبین، نۆ (٩) خەسڵەتی سەرەکیی لە خەسڵەتەکانی مرۆڤی مسوڵمانی خستوونەتەڕوو:

١- زانیاریی و شارەزایی (أفمن يعلم):

یەکەمین خەسڵەتی مرۆڤی مسوڵمان، ئەوەیە کە لە ئایین و بەرنامەی خوادا، شارەزا و ئاگادار و چاوساغە، وەك لە جێیەکی دیکەدا فەرموویەتی:

﴿قُلْ هَٰذِهِۦ سَبِيلِىٓ أَدْعُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ ۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ ...﴾ يوسف: ١٠٨.

واتە: بڵێ: ئەمەیە ڕێبازی من، لەبەر ڕۆشنایی دا، بانگەوازی بۆ لای خوا دەکەم..

٢- پەیمان بردنەسەر (الذين يوفون بعهد الله):

هەموو ئینسانێك بەڵێن و پەیمانی بەندایەتیی کردن بۆ خوای لە ئەستۆدایە[1]، ئنجا بابای مسوڵمان، ئەو بەڵێن و پەیمانە دەباتەسەرێ و نایشکێنێ، کەواتە: مسوڵمان بابایەکی (خوا پەرستە).

---

(١) چونکە خوا هەموو ئینسانێکی وا سروشتاندوە کە دڵ و دەروونی تینوو و عەودالی خوا بێ، ئنجا ئەو شێوە سروشتاندنە، پەیمان و بەڵێنێکی سروشتییە و کە لەهەموو ئینسانێك وەرگیراوە، خوا لەوبارەوە فەرموویەتی:

﴿وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنۢ بَنِىٓ ءَادَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ ۖ قَالُوا۟ بَلَىٰ ...﴾ الأعراف: ١٧٢.

ئەم لێکدانەوەیەش کە یەکێکە لە ماناکانی ئەم ئایەتە، بەلای منەوە لەهەموو مانایەکانی دیکەی بەهێزترە و لەگەڵ عەقڵ و شەرعیش دا گوجاوترە.

www.alibapir.com

٣- گەیاندنی پەیوەندییەکان ﴿وَٱلَّذِينَ يَصِلُونَ مَآ أَمَرَ ٱللَّهُ بِهِۦٓ أَن يُوصَلَ ....﴾[٢١] :

خەسڵەتێکی دیکەی مرۆڤی مسوڵمان، کە ئەنجامی سروشتیی و مسۆگەری، دوو خەسڵەتی پێشوویە، ئەوەیە کە هەموو پەیوەندییانەی خوای کارزان فەرمانی پێ کردوون، دەیانگەیەنێ، وەك پەیوەندیی لەگەڵ دایك و باب، لەگەڵ ماڵ و خێزان، لەگەڵ خزمان، لەگەڵ دراوسێ، لەگەڵ دۆست و برادەر...هتد، هەموو ئەو پەیوەندییانە لەسەر بنچینەی چاکەکردن (الإحسان) دەگەیەنێ و، ناهێڵێ بەهۆی گوێ پێ نەدانەوە، بپچڕێن و بێ وەفا دەربچێ!

کەواتە مسوڵمان بابایەکی (خەڵك دۆستە).

٤- سام و هەیبەت سەبارەت بە خوا ﴿وَيَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ....﴾[٢١] :

خەسڵەتێکی بنەڕەتیی دیکەی مرۆڤی مسوڵمان، بریتیە لە: (لەخواترسان) لەخواترسانیش وەك لە شوێنەوارێك هاتوە (ابن مسعود) دەڵێ: (چڵە پۆپەی زانیارییە). (رأس الحكمة خشية الله) أخرجه البيهقي في شعب الإيمان ٧٤٤.

بەڵێ ئەنجامی مسۆگەر و چاوەڕوانکراوی، زانیاری ڕاست (العلم الصحيح) پەیبردنە بە گەوریی و مەزنی خوا و، هەر کەسێکیش وەك پێویست خوا بناسێ، حەتمەن سام و هەیبەت و شەرم و ڕێز و خۆشەویستی سەبارەت بە خوا، دڵی پڕدەکات، خواش فەرموویەتی:

﴿ ...إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُا۟ ....﴾[٢٨] فاطر: ٢٨.

www.alibapir.com

٥- ترسان لە لێپرسینەوەی سەخت:﴿...وَيَخَافُونَ سُوٓءَ ٱلۡحِسَابِ ٢١﴾:

یەکی دیکە لە خەسڵەتەکانی بابای مسوڵمان، هەست کردنیەتی بە مەترسیی، سەباردت بە لێپرسینەوەی سەختی ڕۆژی دوایی، چونکە هەر کەسێك بە چاکیی خوا بناسێ، دەزانێ هەرچەندە خواپەرست و وەفادار و چاکەکار بێ، خواپەرستیی و وەفاداریی و چاکەکارییەکەی بایی ئەوەندە هەر نابێ، لەخوا بوەشێتەوە و، لەئەنجامی ئەوەش دا، ترس و سامی ڕۆژی لێپرسینەوەی هەر دەبێ.

٦- خۆڕاگریی:﴿وَٱلَّذِينَ صَبَرُواْ ٱبۡتِغَآءَ وَجۡهِ رَبِّهِمۡ...٢٢﴾ :

خۆڕاگریی (صبر) خەسڵەتێکی دیکەی بنچینەییە لە مرۆڤی مسوڵمان دا، (صبر)یش وەك (راغب الأصفهاني) دەڵێ: (حبس النفس على ما يقتضيه العقل والشرع)[1] حەپسکردنی نەفسە لەهەر شتێك کە عەقڵ و شەرع داخوازی بکەن، هەروەها (عبدالقادر)ی گەیلانیی خوا لێی خۆش بێ گوتوویەتی: خۆڕاگریی (صبر) سێ بەشە:

أ- خۆڕاگریی لەسەر فەرمانبەریی خوا.

ب- خۆڕاگریی لەسەر تاوان نەکردن.

ج- خۆڕاگریی لەسەر بەڵا[2].

---

(١) (مفردات ألفاظ القرآن) ص٢٧٣.

(٢) ئەو قسەیەی (عبدالقادر)ی گەیلانیی خول لێی خۆش بێ، لە زۆربەی نووسراوەکانی دا دووباردی کردۆتەوە، بەتایبەتی کتێبی: (الفتح الرباني) و کتێبی (فتوح الغيب) دا.

www.alibapir.com

٧- نوێژ بەرپاکردن: ﴿...وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ...﴾:

نوێژ بەرپاکردن بەرهەم و ئەنجامی سروشتیی، ئەو خەسڵەتانەی پێشەوەیە، هەر بۆیەش لەپلەی حەوتەم دا گوتراوە، تاکو بزانین کە مسوڵمان بە نوێژی ڕووت و تەنیا، نابێتە مسوڵمان، هەروەها تاکو بزانرێ: کە نوێژ بەرپاکردن[1] - نەك نوێژ لەکۆڵ خۆ کردنەوە- بەس لە کەسێك چاوەڕێ دەکرێ، کە ئەو خەسڵەت و مەرجانەی پێشەوەی تێدابن.

٨- ماڵ بەخشین: ﴿...وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ...﴾:

بەخشینی ماڵ و سامانیش، کە ئەنجام و بەرهەمی خەسڵەتەکانی پێش خۆیەتی، یەکێکە لە سیفەتە بەرزە سەرەکییەکانی مرۆڤی مسوڵمان، چونکە ئەو نەك هەر ماڵ و سامانی، تەنانەت گیانیشی بە هی خوا دەزانێ و بەوی فرۆشتوە:

﴿إِنَّ ٱللَّهَ ٱشْتَرَىٰ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَٰلَهُم بِأَنَّ لَهُمُ ٱلْجَنَّةَ... ﴾ التوبە: ١١١.

واتە: بێگومان خوا ماڵ و گیانی لە بڕواداران کڕیوە، کە بەهەشتیان بداتێ...

٩- لابردنی خراپە بە چاکە: ﴿...وَيَدْرَءُونَ بِٱلْحَسَنَةِ ٱلسَّيِّئَةَ...﴾:

ئەمە خەسڵەتی نۆیەمە، کە کۆتایی خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی مرۆڤی مسوڵمانە، لە دوو توێی چوار ئایەتی ڕابردوودا، کە ئەمە لە

---

(١) نوێژ بەرپاکردن (إقامة الصلاة) یانی بەجێهێنانی نوێژ، وەك خوا فەرزی کردوە، هەم ڕواڵەتی و هەم نێودەرۆك و کاکڵی تەواو بێ.

www.alibapir.com

زۆربەیان بە زەحمەتتر و قورسترە، هەر بۆیەش خراوەتە دوای هەموان، تاکو بزانین کە تەنیا کاتێك دەتوانین ئەو خەسڵەتە بەرزە لە خۆمان دا بهێنینەدی، کە خەسڵەتەکانی پێشوومان تێدابن، بەڵێ لە ڕاستیی دا، پاڵ پێوەنانی خراپە بە چاکە و، لەبەرامبەر خراپەدا چاکەکردن، وەك خوا فەرموویەتی:

﴿وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ ﴿٣٥﴾﴾ فصلت: ٣٥.

ئەم خەسڵەتە- جگە لەوانەی خۆڕاگرن و، بە خاوەن پشك و بەشێکی مەزن نەبێ، نابەخشرێ.

بەڵام نابێ لەوە بێ ئاگابین کە ئەم یاسایە (یاسای چاکەکردن لە بەرانبەر خراپەدا)، بەس لەنێو مسوڵمانان دا و، لەگەڵ مسوڵمانانێکی تەبا و گونجاودا ڕەفتاری پێ دەکرێ و، لەگەڵ دوژمنان دا:

﴿..فَمَنِ ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ فَٱعْتَدُواْ عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا ٱعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ ...﴿١٩٤﴾﴾

واتە: هەرکەس دەستدرێژیی کردنە سەر وەك دەستدرێژییەکەی دەستدرێژیی بکەنەوەسەر... ڕەفتاری پێدەکرێ.

کەواتە:

خەسڵەت و سیفەتە سەرەکیی و بنەڕەتییەکانی مرۆڤی مسوڵمان، ئەمانەن:

١- شارەزایی لە بەرنامەی خوادا.

٢- وەفاداریی بەپەیمان.

٣- چاکەکاریی و خزم دۆستیی.

www.alibapir.com

٤- سام و هەیبەت لە دڵدا بوون بەرانبەر بە خوا.

٥- ترسان لە لێپرسینەوەی سەخت و دژواری ڕۆژی دوایی.

٦- خۆڕاگریی و پشوودرێژیی و بارقووڵیی.

٧- نوێژ بەرپاکردن.

٨- ماڵ بەخشین لەڕێی خوادا.

٩- لابردنی خراپە بە چاکە.

ئێستاش دەچینە سەر خستنەڕووی زەقترین و گەورەترین دروشم و نیشانەی کەسایەتیی مرۆڤی مسوڵمان، کە (هاوسەنگیی)یە، ئەویش لە چوار بواری سەرەکیی دا:

www.alibapir.com

زەقترین نیشانەی
کەسایەتیی مسوڵمان هاوسەنگیی یە

جۆری کەسایەتیی (شخصية)ی هەموو ئینسانێك، بەگوێرەی ئەو بووننناسیی و تێڕوانین و بیروبڕوایەیە، کە لە دڵ و مێشکی دا جێگیربووە و، لەبەر تیشکی دا بەڕێوە دەچێ.

بەڵێ ئینسان چۆن بیربکاتەوە، بەزۆریی ئاوا دەژی و، جۆری بووننناسیی و تێڕوانین و بیرکردنەوەی مرۆڤە، کە شێوە و چۆنیەتیی کەسایەتیی و، هەڵس و کەوت و، ڕەوشت و خوو و ڕەفتار و ئاکار و، جموجۆڵ و چالاکییەکانی دیاریی دەکات.

بۆ وێنە: بابایەکی ماددیی کە هەموو شتێك لە دەلاقەی ماددەو دیاردە و ڕواڵەتە بەرهەستەکانیەوە دەبینی و، هەموو شتێك هەر بە گەز و جاوی (ماددە) دەپێوێ، دەبینی هەموو ئامانج و مەبەست و خولیا و ئاواتەکانی لە جوغزی تەسکی ماددە و جیهانی بەرهەست، ناچنە دەرێ و، بەرزترین ئاوات و ئامانجی تێرکردنی گەدە و داپۆشینی جەستە و جووتبوون (جماع)ە و هیچی دی!!

بەڵێ بووننناسیی و تێڕوانین و بیروبۆچوونی مرۆڤ، چۆن بێ، هەمان جۆرە (کەسایەتیی)یش لەو مرۆڤە دەڕەخسێ، ئنجا تەواو بێ تەواوو، ناتەواویش بێ ناتەواوو.

ئنجا لە سۆنگەی ئەوەوە کە ئیسلام بووننناسیی و بیروبڕوا (عقيدة) و بەرنامە (شريعة)یەکی ڕێك و پێك و هاوسەنگ و ڕاستە و، وەك

www.alibapir.com

تەرازوویێك وایە کە ڕاست ڕادەوەستێ و، بە شتاق لایان دا سەرناکات، ئەو ڕێك و پێکیی و هاوسەنگیی و ڕاست ڕاوەستان و سەرنەکردنە، لە مرۆڤی مسوڵمانیش دا، ڕەنگ دەداتەوە و، مرۆڤی مسوڵمان لە سۆنگەی ئەوەوە، کە شوێن کەوتووی بووناسیی و بیروبڕوا بەرنامەیەکی ڕاست و هاوسەنگیشە، کەسایەتییەکی دەبێ، کە لە بووناسیی و بیروبڕوا و بەرنامەکەی دەوەشێتەوە و، لەگەڵی دا پێکەڵپێك و جووتە.

ئنجا بێگومان هەروەك چۆن هاوسەنگیی ئیسلام، بەس لە لایەنێك و دوون دا نیە و، ئیسلام لە هەر ڕوویەکەوە و، لە هەر لایەنێکەوە، سەرنجی بدەی، دیاردەی هاوسەنگیی وەك ڕۆژی ڕوون، پێوە دیارە، مرۆڤی مسوڵمانیش بە هەمان پێ و دان، خاوەنی کەسایەتییەکی ڕێك و پێك و هاوسەنگە، لە هەموو ڕوویەکەوە و لە هەر بوارێکی ژیانی دا.

بەڵام لەبەر ئەوەی هاوسەنگیی کەسایەتیی ئینسانی مسوڵمان، بابەتێکە لق و پۆپی زۆرن، ئەو لایەنانەش کە هاوسەنگیی کەسایەتیی ئینسانی مسوڵمانیان تێدا دەردەکەوێ، یەکجار زۆرن و، ئێمەش لێرەدا مەودا و دەرفەتی خستنەڕووی هەموو ئەو لایەنانەمان نیە، بۆیە خوا پشتیوان بێ، چەند لایەنێکی گرنگ و سەرەکیی هەڵدەبژێرین، بۆ تێدا خستنەڕووی ئەو هاوسەنگیی و ڕێك و ڕاستییەی کە کەسایەتیی مرۆڤی مسوڵمانی پێوە دەناسرێ و، زەقترین و بنەڕەتیی ترین دروشم و نیشانە و ئیمتیازیەتی.

ئێمە بۆ ئاسانکردنی توێژینەوە و ڕوونکردنەوەی هاوسەنگیی لە کەسایەتیی مرۆڤی مسوڵمان دا، لە چوار بواران دا و، لە چوار

www.alibapir.com

ڕووانەوە، لێی دەدوێین و، لە هەر بوارەش دا، چەند نموونەیەك دێنینەوە، ئەو چوار بوارەش ئەمانەن:

١- لە بواری بووننناسیی و تێڕوانین دا.

٢- لە بواری بیروبڕوادا.

٣- لە بواری ڕەوشت و خوودا.

٤- لە بواری جم و جوڵ و چالاکیی دا.

www.alibapir.com

بواری یەکەم

هاوسەنگیی کەسایەتیی مسوڵمان، لە بواری بوونناسیی و تێڕوانین دا

١- سروشت و ئەودیو سروشت:

یەکەمین مەسەلە کە هاوسەنگیی و ڕێك و ڕاستیی بوونناسیی و تێڕوانینی مرۆڤی مسوڵمانی تێدا دەردەکەوێ، چۆنیەتی تێڕوانینیەتی بۆ سروشت و ئەودیو سروشت (الطبيعة وما وراء الطبيعة)، کە بە زاراوەی قورئان:

﴿....ماتُبۡصِرُونَ ۝٣٨ وَمَا لَا تُبۡصِرُونَ ۝٣٩﴾[1] یان

﴿...ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ...﴾[2]ی پێ دەگوترێ.

چونکە لە کۆنەوە، زانا و لێکۆڵەرەوانی دنیا، سەبارەت بە مەسەلەی (سروشت وئەودیو سروشت- فیزیك و میتافیزیك) بوونە دوو دەستە:

أ- دەستەیەکیان گوتوویانە: ئەوەی خاوەنی (بوون) بێ و، لە دنیای واقیع دا هەبێ، بەس (ئەودیو سروشت)ە و، سروشت و دیاردە و

---

(١) ﴿...ماتُبۡصِرُونَ ۝٣٨ وَمَا لَا تُبۡصِرُونَ ۝٣٩﴾ الحاقە: ٣٨ - ٣٩. واتە: ئەوەی دەیبینن و ئەوەی نایبینن.

(٢) ﴿...ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ...﴾ بەشێکە لە ئایەتی (٢٢) لە سورەتی (الحشر) واتە: پەنهان و ئاشکرا.

www.alibapir.com

ڕواڵەتەکانی، بەس سێبەر و خەیاڵ و ڕەنگدانەوەی ئەودیو سروشتن، فەیلەسووفە ئایدیالیست (مثالي)ەکان، پێشەنگ و سەرقافڵەی ئەو جۆرە بووننناسیی و بۆچوون و تێڕوانینەن[1].

ب- دەستەی دووەم، ڕاست بە پێچەوانەی دەستەی یەکەمەوە دەڵێن:

جگە لە ماددە (سروشت)ی بەرهەست، هیچ شتێکی دیکە بوونی نیە و، ماددە ئەسڵ و بنچینەیە و هەموو دیاردەکانی دیکەی تاك و کۆمەڵ، لە ئایین و زانیاریی و ئەدەب و ڕەوشت و یاسا و... هتد. میوە و بەرهەمی درەختی گۆڕان و پەرەستاندنی ماددەن!!

ماتریا لیستەکانیش بەگشتی و مارکسییەکان بەتایبەتی، خۆیان بە نوێنەر و دەمڕاستی پلە یەك (درجة أولى)ی ئەم جۆرە بۆچوونە لەقەڵەم دەدەن.

بەڵام مرۆڤی مسوڵمان دەڵێ: نەخێر نە ئایدیالیزم و نە ماتریالیزم! چونکە ئێوە هەر کامێکتان ڕوویەکی بوون (وجود)ی دیوە و، لە ڕووەکەی دیکەی بێ هەواڵە، بەڵام نەدیتن و بێ ئاگابوون لە شتێك، هەرگیز نابێتە بەڵگەی نەبوونی ئەو شتە، بەڵکو: بوون (وجود) دوو بەشە:

١- بەشێکی بەرهەست و ماددییە، کە جیهانی سروشت (عالم الطبيعة)ی پێ دەگوترێ.

٢- بەشێکی نا بەرهەست و مەعنەوییە، کە جیهانی ئەودیو سروشت (عالم ما وراء الطبيعة)ی پێ دەگوترێ.

---

(١) بۆ پتر شارەزابوون دەربارەی (ئایدیالیزم) بڕوانە: ئاڵقەی دووەمی (ئیسلام و ڕێچکان) بەتایبەتی لاپەڕە ٦٣.

www.alibapir.com

هەڵبەتە بابای مسوڵمان بۆ سەلماندنی ئەم بوونناسیی و تێڕوانینەش، وەك ماتریالیست و ئایدیالیستەکان، بەس لاف لێدان و دەعوای ڕووت و قسەی بێ پشت و پەنای بەدەستەوە نیە، بەڵکو خاوەنی بەهێزترین بەڵگەیە، بۆ ئیسپاتی ڕاستیی و تەواویی بوونناسیی و تێروانینی خۆی سەبارەت بە بوون، بەڵام ئێرە بەس جێی خستنەڕووی بوونناسیی و تێڕوانین و بیروبۆچوونی مسوڵمانە، نەك سەلماندنی.

کەواتە مرۆڤی مسوڵمان، (نە خەیاڵچنێکی بێ هەستە، نە مادده پەرستێکی پەستە).

٢- دنیـا و دوارۆژ:

دووەمین مەسەلە کە هاوسەنگیی بوونناسیی و تێڕوانینی مرۆڤی مسوڵمانی تێدا دەردەکەوێ، مەسەلەی هەڵوێستیەتی سەبارەت بە دنیا و دوارۆژ.

چونکە بە درێژایی مێژوو، مرۆڤایەتیی هەر کاتێك لە ڕێڕوونیی و ڕاستەشەقامی خوا دوورکەوتبێتەوە، دووچاری دوو جۆرە هەڵوێست و تێروانینی هەڵە و دژ بە یەك بووە، سەبارەت بە دنیا و دوارۆژ:

أ- هەڵوێستی یەکەمیان کە ئینسانە دنیاپەرست و بەرچاو تەنگە بێ بڕوایەکان، دەمڕاستینی، بریتیە لە خۆ خەریك کردن و سەرگەرم بوونێکی بێتام بە ژیانی دنیا و ئارەزووەکانیەوە و، گوێ نەدان بە هیچ شتێك، ڕاست وەك کرمێکی گڵ خۆرکە! بە بەڵگە و بیانووی ئەوەی کە:

"نان ئەو نانەیە ئەمڕۆ لە خوانە"!!

www.alibapir.com

ب- هەڵوێستی دووەمیان کە ڕەنگە زیاتر کاردانەوە (رد فعل)ی لایەنگرانی هەڵوێستی یەکەم بێ، کە خەڵوەت نشین و دنیا نەویست و ڕەبەنەکان، سەرقافڵەینی، بریتیە لە دنیا بە هیچ نەزانین و ڕاکردن لە ژن و منداڵ و، خۆشاردنەوە لە کۆمەڵگا و، پەنابردنە بەر ئەشکەوت و پەنا و پەسیوو، خۆ کۆشمەڵەکردن! بە بەهانەی ئەوەی کە ژیانی دنیا هیچ نیەو، ئەوە ناهێنێ ئینسان خۆی لەگەڵ خەریك بکات و، ژیانی پێوە بەزایە بدات!

بەڵام مرۆڤی مسوڵمان لەو بارەوە، خاوەنی هەڵوێستێکی مام نێوەندییە و، هەر کام لەم دوو هەڵوێستانە، بە هەڵە و لاتەڵ دەزانێ و، دەڵێ: ئینسان دەبێ دنیا و دوارۆژان، وەك دوو تای تەرازوویێك ڕابگرێ و شتاقیان فرێ نەدات، چونکە خوا فەرموویەتی:

﴿ وَٱبۡتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنۡيَاۖ ....﴾ القصص: ٧٧.

واتە: لەوەدا کە خوا پێی داوی، مەنزڵگای دوارۆژ ڕەچاو بکە و، بەشی خۆشت لە دنیا لەبیر مەکە.

هەروەها پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (ليس بخيركم من ترك دنياه لآخرته، ولا آخِرَتَهُ لدنياهُ، حتى يصيب منهما جميعاً..) أخرجه الديلمي: ٥٢٤٩ عن أنس بن مالك.

واتە: چاکترینتان ئەو کەسە نیە کە لەبەر دوارۆژی واز لە دنیای بهێنێ، یان لەبەر دنیای، واز لە دوارۆژی بهێنێ، هەتا لە هەردووکیان دا وێکڕا خاوەن بەش نەبێ- نابێتە چاکترین کەس.

کەواتە: مرۆڤی مسوڵمان (نە دنیا نەویستە، نە دنیا پەرستە).

www.alibapir.com

٣- جەستە و گیان (الجسم والروح):

مەسەلەیەکی دیکە، کە هاوسەنگیی بووناسیی و تێڕوانینی مرۆڤی مسوڵمان دەسەلمێنێ، هەڵوێستیەتی سەبارەت بە گیان و لەش (الروح والجسد).

چونکە مرۆڤی مسوڵمان پێی وایە: لە گیان و جەستە دروست بووە و، لەسەریشی پێویستە ماف و پێداویستییەکانی هەر کام لە گیان و جەستەی دابین بکات و، زیادەڕۆیی و کەمتەرخەمیی لە مافی شتاقیان دا نەکات و، هیچیان بۆ هیچیان فەرامۆش نەکات.

چونکە خوا فەرموویەتی:﴿إِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي خَٰلِقُۢ بَشَرًا مِّن طِينٍ ﴿٧١﴾ فَإِذَا سَوَّيْتُهُۥ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُوا۟ لَهُۥ سَٰجِدِينَ ﴿٧٢﴾﴾ص: ٧١ - ٧٢.

واتە: کاتێك پەروەردگارت بە فریشتانی فەرموو: من دەمەوێ مرۆڤێك لە قوڕێ دروست بکەم، ئنجا ئەگەر ڕێکمخست و لە گیانی خۆم[1] فووم پێداکرد، بە کڕنووش بردوویی بۆی بکەون.

هەروەها دەربارەی دابین کردنی پێاویستییەکانی جەستە و گیان، فەرموویەتی:

﴿يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُوا۟ زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ وَلَا تُسْرِفُوٓا۟ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ ﴿٣١﴾﴾الأعراف: ٣١.

---

(١) مەبەست لە (گیانی خۆم) ئەو گیانەیە، کە بەس خوا بۆخۆی دەزانێ چییە؟!

www.alibapir.com

واتە: ئەی وەچەی ئادەم! بۆ چوونەلای هەر مزگەوتێك، خۆتان برازێننەوە و بخۆن و بخۆنەوە، بەڵام زیادەڕۆیی مەکەن، بێگومان ئەو- خوا- زیادەڕۆیانی خۆش ناوێن.

وەك دەبینین خوای زانا:

(خۆڕازاندنەوە) کە پێداویستیی لەشە، لەگەڵ (چوونە مزگەوت) کە پێداویستیی گیانە، لە لایەکەوە و، (خواردن و خواردنەوە) کە پێداویستیی جەستەن، لەگەڵ (زیادەڕۆیی نەکردن) کە داخوازی گیانە، لە لایەکی دیکەوە، پێکەوە گرێ دەدات!!

کەواتە مرۆڤی مسوڵمان:

(نە سۆفیلکەیەکی بێ هۆشە، نە ورگ پەرستێکی بۆشە).

٤- عەقڵ و دڵ:

هەڵوێستی مرۆڤی مسوڵمان، سەبارەت بە عەقڵ و دڵ، یان بیر و سۆز (الفکر والعاطفة)،یەکی دیکەیە، لەو بابەتانەی کە دەبنە بەڵگەی هاوسەنگ بوونی بوونناسیی و تێڕوانینی.

چونکە زانا و فەیلەسووف و، خاوەن دڵان، هەر لە کۆنەوە و، ئێستاش دم بە دمە و بێنە و بەردیان هەبووە و هەیە، لەو بارەوە کە ئایا ئینسان لەڕێی عەقڵەوە، دەتوانێ خۆی و دەوروبەری بناسێ، یان لەڕێی دڵەوە؟!، هەرچی فەیلەسووفەکانن، پێیان وایە کە ئینسان بەس لەڕێی عەقڵەوە، دەتوانێ بە ئامانج بگات و، خاوەن دڵانیش دەڵێن:

www.alibapir.com

نەخێر، چونکە عەقڵ نابووت و ناتەواوە، لەڕێی دڵەوە نەبێ، هیچمان دەستگیر نابێ، بەتایبەتی ئەگەر بمانەوێ جیهانی ئەودیو سروشت بناسین.

بەڵام بابای مسوڵمان کە لەبەر تیشکی قورئان و سوننەت دا بەڕێوەدەچێ، بە هەردووکیان دەڵێ: بەهەڵەدا چوو ون! بەڵکو مرۆڤ بۆ ناسینی خۆی و دەوروبەری، حەوجێی هەر کام لە عەقڵ و دڵ دەبێ: لەڕێی عەقڵەوە، پەی بە ناسینی جیهانی ماددیی و پەیوەندییەکانی دەبەین و، لەڕێی دڵەوەش، لە سنووری ماددە واوەتر دەچین و، دەتوانین جیهانی ئەودیو سروشت بناسین، بەڵام بە هاوکاریی و ڕێنمایی وەحیی خوا[1]، خوای زاناش فەرموویەتی:

﴿إِنَّ فِي خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ لَءَايَٰتٍ لِّأُو۟لِى ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٩٠﴾ ٱلَّذِينَ يَذْكُرُونَ ٱللَّهَ قِيَٰمًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمْ.....﴿١٩١﴾﴾ آل عمران: ١٩٠ - ١٩١.

واتە: بەڕاستیی لە دروستکرانی ئاسمانەکان و زەوی و، لە جێگۆڕەکەی شەو و ڕۆژان دا، چەندان نیشانە هەن- لەسەر بوونی خوا- بۆ خاوەن عەقڵان ئەوانەی بە پێوەو بە دانیشتنەوە و لەسەر تەنیشتیان یادی خوا دەکەن..

---

(١) لە کتێبی: (خواناسیی، ئایین، ئیمان) و مەوسووعەی: (ئیمان و ئیلحاد) و، کتێبی دووەمی مەوسووعەی: (ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی)دا، بەدرێژیی ئەو بابەتە توێژراوەتەوە.

www.alibapir.com

وەك دەیبینن: خوا هەم (بیرکردنەوە) کە ئیشی عەقڵە و، هەم (یادی خوا) کە ئیشی دڵە، پێکەوە گرێ دەدات، کەواتە: مرۆڤ کە بیەوێ خۆی و دەوروبەری بناسێ- بەتایبەتی خوا جڵ جلالە- پێویستیی بە هەرکام لە عەقڵ و دڵ و وەحیی هەیە، بەڵام هەریەکەیان لە سنوور و قۆناغی خۆی دا.

کەواتە: مرۆڤی مسوڵمان:

(نە فەیلەسووفێکی وەك ژیشکە[1]، نە خاوەن دڵێکی ئیشکە).

٥- نە تۆبزیی لێکران و، نە هەموو شت پێکران:

یەکی دیکە لەو مەسەلانەی کە بەڵگە و نیشانەی هاوسەنگیی بووناسیی و تێڕوانینی مرۆڤی مسوڵمانن، ئەوەیە کە بڕوای وایە، ئینسان نە وەك جەبرییەکان (الجبریون) دەڵێن: پەڕەمریشکێکی بێ ئیرادە و دەستە پاچەیە، لە ئاقار ڕەشەبای توندی ویست و توانای خوادا و، نەوەك موعتەزیلە و هاوبیرانیشیان دەڵێن: هەموو شتێکە و بەدیهێنەری کردەوەکانی خۆیەتی، بەڵکو بڕوای وایە کە مرۆڤ:

(نە تۆبزیی لێکراوە و، نە ئازادی تەواوە[2]).

---

(١) ژیشك: ژووشك، جشك کە بە عارەبی (قنفذ)ی پێ دەگوترێ.

(٢) لە کتێبی چوارەمی مەوسووعەی: (ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی) داو لە باسی: (قەزا و قەدەر)دا، ئەم باسە، بە فراوانیی توێژراوەتەوە.

www.alibapir.com

٦- نە تاکی بەرهەڵدا و، نە کۆمەڵگای بێ سەڵا:

یەکی دیکە لەو مەسەلانەی کە بەڵگەی هەبوونی هاوسەنگیی و ڕێك و پێکیین لە بووناسیی بیروبۆچوونی مرۆڤی مسوڵمان دا، تێڕوانینیەتی دەربارەی (تاك و کۆمەڵ).

ئەگەر لە ڕوانگەی بیرۆچکەی سەرمایەدارییەوە، تاك دەکرێتە گورگی هار و لە بەلەکی کۆمەڵ بەردەدرێ و، وەك وڵاخی بێ ساحیب، بەرهەڵدای وڵات دەکرێ و، هیچ کۆسپ و لەمپەرێکی لەڕێ دانانرێ، بەپێچەوانەشەوە: ئەگەر لە دەلاقەی بیرۆچکەی کۆمۆنیزم و مارکسیزمەوە، تاك دەکرێتە (جەڕ)[1]ێکی بێ ئیرادەو دەستە پاچە، لە ئامێری کۆمەڵگادا و، دەکرێتە تەماتەیەکی پڵێشاوە و، کەستەکە گڵێکی وردوخاش، لەبن پێی کۆمەڵ دا!!

مرۆڤی مسوڵمان کە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، دەڕوانێتە شتان، دەڵێت: هۆ سەرمایەداریی و کۆمۆنیزم!!

هەردووکتان هەڵەن و، ڕاست ئەوەیە کە تاك، بایی ئەوەندەی کە دەیسەلمێنێ (مرۆڤ)ەو، بورغیی و کەل و پەل نیە، دەبێ ئازادیی بدرێتێ، ئەگەرنا هەر کۆمەڵگایەك لە چەند تاکێکی پڵیشاوە و بێ ناو، پێك بێت، ئەویش هەروەك تاکەکان پڵیشاوە دەبێ! بەڵام نابێ تاك وەك گورگی هار بەرهەڵدای دەشتێ بکرێ و، هیچ سنوورێکی بۆ دانەنرێ و، هیچ ئەرکێکی سەبارەت بە کۆمەڵ، لەسەر پێویست نەکرێ، بەڵکو پێویستە مەودای ئازادیی و جم و

---

(١) جەڕ: بورغ، بورغی.

www.alibapir.com

جۆڵ و چالاکییەکەی، هەر هێندە بێ، کە سەر نەکێشێ بۆ زیان گەیاندن بە کۆمەڵ و، سنوور بەزاندنی و شیرازە پچڕانی.

کەواتە: مرۆڤی مسوڵمان:

(نە تاکی پلێشاوە و بێ ناو و، نە کۆمەڵگای شیرازە پچڕاو).

www.alibapir.com

بواری دووەم

هاوسەنگیی کەسایەتیی مرۆڤی مسوڵمان لەبواری بیر و بڕوادا

١- نە بڕوا بە خوا نەهێنان، نە هاوبەش بۆ خوا دانان (لا الإلحاد ولا الشرك):

یەکەمین مەسەلە کە هاوسەنگیی، بیروبڕوای مرۆڤی مسوڵمانی تێدا دەردەکەوێ، هەڵوێست و بیرو بۆچوونیەتی سەبارەت بە خوا عزوجل.

بەدرێژایی مێژوو سەبارەت بە بوونی خوا، دوو هەوڵوێستی هەڵەی دژ بە یەك هەبوو ون: أ- یەکەم: بێ بڕوایی و بوونەوەر و ژیان و ئینسان بەبێ خاوەن لەقەڵەم دان. ب- دووەم: بڕوابوون بەچەند پەرستراویی (تعدّدُ الآلهة) و چەند پەروەردگارێکیش بۆ بوونەوەر بڕیاردان.

ئنجا یاسایەکی فیزیایی هەیە دەڵێ: بۆ هەر کارێك کاردانەوەیەك هەیە، لە ئەندازەدا بارتەقایەتی و لە ئاڕاستەدا پێچەوانەیەتی: (لكل فعل رد فعل يساويه في المقدار ويعاكسه في الاتجاه).

لە ڕاستیی دا ئەم یاسایەش بەسەر هەرکام لە لایەنگرانی بیری بێ بڕوایی و، چەند پەرستراویی دا چەسپاوە.

بەڵام مرۆڤی مسوڵمان دەڵێ: هەردووکتان هەڵەن، هۆ بێ بڕوا و هاوبەش پەیداکەرینە!!

www.alibapir.com

بەڵکو نە بێ بڕوایی، چونکە بوونەوەر شاری بێ ساحێب نیە و، نە چەند پەرستراویی، چونکە خوای ڕاستەقینە، بێ وێنە و، هاوتاو تاکە و، لە دروستکردنی بوونەوەردا، بەس پەرێز و شوێنەواری خوایەك دیارە، وەك زانایەکی خواناس گوتوویەتی:[1]

قدرة اللــه تتراءى فــي بديعِ صُنْعِهِ
ووحده الله تتراءى فـي وحْدَةِ خَلْقِه

واتە: دەسەڵاتی خوا، لە داهێنراویی و بێ وێنەیی دروستکراوی دا دەردەکەوێ و، یەکتایی خوا، لە یەکیەتیی، وەدیهێنراوی دا دەردەکەوێ.

کەواتە: مسوڵمان دەڵێ:

(نە بێ خوایی، نە زۆر خوایی، خواپەرستن بە یەکتایی).

٢- نە داڕووتاندن نە وێچواندن (لا التجريد ولا التشبيه):

مەسەلەیەکی دیکەی گرنگ، کە ڕوونکەرەوەی هاوسەنگیی کەسایەتیی مسوڵمانە، لەبواری بیروبڕوادا: دان پێداهێنانیەتی بە هەموو سیفەتە بەرز و تەواوەکانی خوادا، بێ ئەوەی سەربکێشێ بۆ وێچواندن (تشبیه)ی خوا، بە هیچ کام لە دروستکراوەکانی.

لەم مەسەلەیەش دا دوو جۆرە بۆچوونی دژ بەیەك هەن:

---

(١) ئەم دوو ڕستەیە سەرباسی چەند بابەتێك بوون، کە خوا لێخۆش بوو: (أحمد زكي) لە گۆڤاری (العربي) کوێتی دا، لە ساڵانی حەفتایەکان دا دەینووسین.

www.alibapir.com

أ- یەکیان بریتیە لەوەی کە هەموو سیفەتە بەرز و پەسندەکان لە خوا، دابڕێندرێن، وەك موعتەزیلەکان دەیانگوت، بە گومانی خۆیان بۆ ئەوەی لە سۆنگەی دان هێنانەوە بە سیفەتە ئەزەلییەکانی خوادا و، سەرەنجام تەبەننیی کردنی چەند لەمێژینەك (تعدد القُدَماءْ)دا، دووچاری هاوبەش پەیداکردن (شرك) نەبن!

ب- بۆچوونی دووەم ئەوەیە کە ئەو سیفەتانەی بۆ خوا بڕیار دەدرێن، هیچ جیاوازییان پێ نەکرێ، لەگەڵ سیبفەتی بەندەکان دا، کە لە حاڵتێکی واش دا، وێچواندن (تشبیە) دێتەدی!

کەواتە: مرۆڤی مسوڵمان دەڵێ: (نە سیفەت نەبوون و، نە وێچوون، وەك بۆ خوا پێویستە، بڕوا پێ بوون).

٣- نە نەتەوەپەرستیی، نە بێ هەست و نەستیی:

یەکی دیکە لەو مەسەلانەی هاوسەنگیی و ڕێك و ڕاستیی، بیروبڕوای مرۆڤی مسوڵمان دەخەنەڕوو، بریتیە لە هەڵوێستی دەربارەی مەسەلەی نەتەوایەتیی و نیشتمانپەروەریی.

هەڵبەتە مەسەلەی (نەتەوایەتیی)یش، وەك زۆر مەسەلەی دیکە، لەم ڕۆژگارەدا دوو جۆرە بیروبۆچوونی هەڵەی بەراوەژووی یەکی، دەربارە هەن:

أ- یەکیان زیادەڕۆیی کردنە لە خۆشەویستیی نەتەوە و نیشتمان دا، کە زۆر جاران دەبێتە جۆرێك لە جۆرەکانی بتپەرستیی و هاوبەش بۆ خوا بڕیاردان.

www.alibapir.com

ب- ئەوەی دیکەشیان کەمتەرخەمیی و بێ وەفایی نواندنە سەبارەت بە گەل و نیشتمان.

بەڵام مرۆڤی مسوڵمان دەڵێ:

(نە گەل و خاك و ئاو پەرستم، نە بابایەکی بێ هەست و نەستم)!

٤- ئایینی نەگۆڕدراوو، زانیاریی تەواو:

هەڵوێست و بۆچوونی مرۆڤی مسوڵمان، دەربارەی پەیوەندیی نێوان ئایین و زانیاریی، یەکی دیکەیە لە دروشم و نیشانەکانی هاوسەنگیی بیروبڕوای.

سەبارەت بە ئایین و زانیارییش، دیسان دوو بیروڕا و هەڵوێستی هەڵەی پێکەوە دژ هەن، یەکەم: تەنیا بڕوابوون بە ئایین و، چاو لەسەر چڕداگرتنی و لا نەکردنەوە بەلای زانیاریی دا، دووەم: بەس بڕوابوون بە زانیاریی و خۆ لەسەر کورت هەڵێنانی و، گوێ نەدان بە ئایین.

بەڵام مرۆڤی مسوڵمان ئەم دوو ڕایەی هەردووك پێ هەڵە و لاتەڵن و، ئەو دەڵێ:

لەنێوان ئایینی نەگۆڕاوو دەستکاریی نەکراوو، زانیاریی ڕاست و تەواودا، هیچ جۆرە ناکۆکیی و دژایەتییەك نیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە: تەواوکەری یەکدین، چونکە لەڕێی زانیارییەوە، پەی بە یاسا و دەستوورەکانی گەردوون و دەوروبەر دەبەین و، ئایین و بەرنامەی خواش ڕێڕوونییمان دەکات و تێمان دەگەیەنێ: چۆن بیربکەینەوە و چی بکەین

www.alibapir.com

و چی نەکەین و، لەگەڵ خواداچۆن بین و لەگەڵ خەڵکی دا چۆن ڕەفتار بکەین؟ بە واتایەکی دیکە دەڵێین: ئایین و زانیاریی هەردووکیان (شارەزایی)ین، ئایین شارەزاییەکە لەبەر تیشکی قسە و وتاری خوادا وەدەست دێ، زانیاریی (علم)یش شارەزاییەکە لەبەر تیشکی پەیبردن بە نهێنییەکانی دروستکراوی خوادا، دەستگیر دەبێ، ئنجا بێگومان وتار و کرداری خواش، مەحاڵە پێکەوە دژ و نەگونجاو بن.

کەواتە مرۆڤی مسوڵمان:

(خاوەنی ئایینی نەگۆڕاوو[1]، زانیاریی ڕاست و تەواوە).

٥- ئافرەت لەنێوان هەبوون و بێ ناو بوون دا:

یەکی دیکە لەو مەسەلانەی، کە مرۆڤایەتیی بەهۆی دوورکەوتنەوەیەوە، لە ئایین و ڕێڕوونیی خوا، تێیدا دووچاری زۆر تێنووسان (إفراط) و بەزایەدان (تفریط) بووە و، بەجارێکی کارەکەی لە گرێژەنە بردوە، مەسەلەی سەرنجدانی ئافرەتە:

أ- لەلایەکەوە دەستەیەك کە من ناوم لێ ناون: (دەردە ئافرەت گرتوو) بەناوی داواکردنی مافی ئافرەت و ئازادکردنی ئافرەتەوە، ئافرەتی

---

(١) مەبەستمان لە (ئایینی نەگۆڕاو) ئەو بەرنامە و ئایینە کۆتاییەی خوایە، کە دەستکاریی نەکراوە و نەگۆڕراوە، لە کتێبی پێنجەمی مەوسووعەی (بیرکردنەوەی ئیسلامی لەنێوان وەحیی و واقیع دا) باسێکی سەربەخۆمان لەو بارەوە کردوە و، خستوومانەتەڕوو کە نە ئایین (ئیسلام) هەمووی وەستاوە و، نە ژیانیش هەمووی گۆڕاوە.
هەروەها لە کتێبی: [تەوژمی ئیسلامیی و عەلمانیی...]یش دا بەهەمان شێوە.

www.alibapir.com

کڵۆڵیان لەزۆر جێیان ـ لەوە هەر گەڕێ، کە کە کردۆتە بووکەشووشە و شمەك و کەل و پەل ـ دووچاری دەردی پڵیشانەوە و بێ ناویی و، کەسایەتیی لەدەستدان کردوە، چونکە لە ئەرکە سروشتییەکەی خۆی، هەڵیان ئەنگاوتوە و ملیان پێ وەبەر ئیش و کاری پیاوەوە ناوە، ئنجا لەئەنجامی ئەو ڕوو پێ وەرگێڕران و لە ڕێ لادرانەدا، لە سەرێکەوە، نەیتوانیوە ببێتە پیاو و، لە سەرێکی دیکەشەوە، بەهۆی جێ بەجێ نەکردنی ئەرکی سروشتیی خۆی و، خۆ تێ هەڵقورتاندنی لە ئەرکی پیاوەوە، خەسڵەت و ئیمتیازەکانی ئافرەتایەتیی لەدەست داون، وەك سۆز و بەزەیی و، ئەندام نەرمیی و، دەنگ ناسکیی و، منداڵ بوون و، دڵ بە ماڵ و مێردان خۆش بوون و، پەروەردە و بارهێنانی منداڵ و...هتد!!

ب- لەلایەکی دیکەشەوە: دەستەیەکی دیکە بەناوی ئایین و عورفی خێڵەکیی و بنەماڵەییەوە، ئافرەتیان لەو مافە ڕەوا و سروشتییانەی کە خوا و پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) داویانەتێ، بێ بەش کردوە[1]و، هەتا کچە و لە ماڵێ بابیەتی، هیچ جۆرە مافێکی نیە لە هەڵبژاردن و دیاریی کردن و، ویستن و نەویستنی هاوسەری دا و، کە دەچێتە لای مێردیش، هیچ حیسابێکی بۆ ناکرێ و، زیاتر وەك مەڕ و ماڵات، یان (پاڵیتی پاش مێشان)[2] سەیر دەکرێ، ئنجا ئەو جۆرە ڕەفتار و هەڵس و کەوتە نا شەرعیی و بێ ویژدانانەیە، بە

---

(١) ئەوە کاتی خۆی زیاتر وابوو و، ئێستاش واقیعەکە وەك باری لاری سەر پشتی وڵاخ، بە لایەکەی دیکەدا لاربووە! لادانیش لە شەریعەت، بەهەر لایەك دابێ، هەر لادانە، چ لێی تێپەڕێنی، چ لێی بەجێ بمێنی.

(٢) (پاڵیتی پاش مێشان) بەو پەڕۆ و پاڵتەیە دەڵێن، کە دەئاخنرێتە دواوەی ئەو خەڵیفەوە کە پوورە هەنگی تێ دەکرێ.

www.alibapir.com

گێڕانەوەی چەند قسەیەکی هەڵبەستراوی بەناو فەرموودە (حدیث) ئاڕاستە دەکرێ و، ڕەشەرع دەخرێ، وەك:

(عقولهن في فروجهن، يعني النساء) واتە: عەقڵیان لە کۆشیان دایە یانی ئافرەتان).

جا ئەم قسەیە بە فەرموودە لەقەڵەم دراوە، بەڵام درۆیە، وەك خاوەنی (کشف الخفا ومزيل الإلباس عما اشتهر من الأحاديث على ألسنة الناس) دەڵێ.[1]

یان (شاوروهن وخالفوهن) واتە: ڕاوێژیان پێ بکەن، بەڵام بەقسەیان مەکەن!!

ئەمەش دیسان بەناو فەرموودە (حدیث)یە، بەڵام وەك خاوەنی کتێبی ناوبراو دەڵێ، فەرموودە نیە.[2]

ئنجا مرۆڤی مسوڵمان دەڵێ: نەخێر، نە زۆر تێنووسان، نە بەزایەدان، ئافرەت پێویستە لە جوغزی ئەنجام دانی ئەرکی سروشتیی خۆی دا، ئازادبێ، بەڵام ئازادییەك نا، کە لە شیرازەی شەرع دەربچێ، دەنا ئەوکاتە لە (ئازادیی) دەشۆرێ و، دەبێتە بەرهەڵدایی و بێ بەندوباریی.

بەکورتیی هەڵوێستی مرۆڤی مسوڵمان، سەبارەت بە ئافرەت ئەوەیە کە: (نە پڵیشانەوە و بێ ناو بوون، نە کۆیلەیی و ژێردەستە بوون).

---

(١) بڕوانە ب٢ لاپەڕە (٨١).

(٢) بڕوانە ب٢ لاپەڕە (٤).

www.alibapir.com

٦- ڕێزگرتن لە بیروڕای پێشینان و، بڕوابوون بە گۆڕانکاریی و داهێنان:

مەسەلەیەکی دیکە، کە بەڵگەی هاوسەنگیی بیروبڕوای مرۆڤی مسوڵمانە، چۆنیەتی بیروڕا و هەڵوێستیەتی سەبارەت بەو کەلەپوورەی کە پێشینانمان بۆیان بەجێ هێشتووین و، ئەو شتانەی کە لەئەنجامی گۆڕانکاریی و پەرەستاندن و گەشەکردن دا دێنە کایەوە.

چونکە خەڵکی لە ئاقار ئەم مەسەلەیەش دا، وەك زۆر مەسەلە و بابەتی دیکە، دیسان دووچاری زیاد تێنووسان و، بەزایەدان و، دوو هەڵوێست و بیروڕای نارێك و دژ بە یەك بوو ون:

أ- هەندێك کەس پێیان وایە: سەنگی مەحەکی چاکیی و خراپیی، کۆنیی و نوێیەوە، شت هەتا کۆنتر بێ و تەمەنی پتر بێ، ڕاستتر و چاکتر و متمانەپێکراوترە!! بۆ وێنە: هەندێك نیمچە خوێندەواری (بەناو مەلا) هەن کە کتێب هەتا زەردتر و شرتر بێ و، مێژووی نووسینی کۆنتر بێ، زیاتریان بەدڵەوە دەنووسێ!!

ئەو جۆرە کەسانە پێیان وایە: کە زانیاریی و شارەزایی بەس پێشینانمان هەیانبووە و، تێگەیشتن لە قورئان و سوننەت، لەسەر چەند زانایەکی کۆن و ڕابردوو تاپۆکراوە، کە بە ژمارەی قامکان دەژمێردرێن![1] تەنانەت هی وایان هەبووە و هەیە، کە پێی وایە هەرکەسێك بەبێ بەدەستەوە گرتنی تەفسیرێکی کۆن، دەست لە مانا

---

(١) لە کتێبی: (زانایانی ئیسلام کێن و چۆنن؟)دا، تێڕوانینی ڕاست و دروستی مرۆڤی مسوڵمانمان، دەربارەی زانایان و بەرهەمەکانیان خستۆتەڕوو.

www.alibapir.com

لێکدانەوەی قورئانێ وەربدات، ئەوە کارێکی یەکجار بێ شەرعیی و نارەوای کردوە، با مانا لێکدانەوەکەشی ڕاست و دروست بێ و، خەڵکیش سوودی لێ وەربگرێ!

تەنانەت (کۆلکە مەلای) وامان دیوە، پێی وابووە: گەورەترین گیروگرفتی گەلی کوردی مسوڵمان ئەوەیە، کە لەم ڕۆژگارەدا، خەریکە قورئانی بە زمانی کوردیی بۆ تەفسیر بکرێ و، لەکتێبی پەڕ سپیی دا، باسی ئیسلامەتیی بۆ بکرێ[1]!!

بەڵام هەیهوو هەیهوو! نەزانان لەبێ ئاگاییەکی چەند بێڕەزا دان.!!

ب- هەندێکی دیکە هەن، کە ڕاست بە بەراوەژووەوە دەڵێن: سەنگی مەحەك و نیشانەی ڕاستیی و چاکیی هەر شتێك، ئەندازەی تازەیی و نوێیەتی و شت هەتا نوێتر و تازە بابەتتر بێ، چاکتر و تەواوتر و ڕاستترە! بەکورتیی دەڵێن: چونکە ماددە و ژیان و ئینسان و هەموو شتێك، لە گۆڕان و گەشەکردن و پەرەستاندن دایە، هەموو شتێکی ئەمڕۆ لە هی دوێنێ و، هی دوێنێ لە هی پێرێ، چاکتر و تەواوترە!

بەڵام مرۆڤی مسوڵمان کە لەبەر تیشکی قورئان و سوننەت و، چاودێریی عەقڵ و، یارمەتیی زانیاریی دا بەڕێوەدەچێت، دەڵێ:

نەخێر، نە کۆنەپەرستیی و نە تازەپەرستیی، بەڵکو هەق ویستیی و ڕاستیی دۆستیی!

---

(١) ئەوەش باسی ماوەیەکی زۆر لەوەوپێشە و، وەك پێشتر گوتمان: ئەم نووسینە هی زیاتر لە سی (٣٠) ساڵ لەمەوبەرە!

www.alibapir.com

سەنگی مەحەکی چاکیی و خراپیی هیچ شتێك، کۆنیی و تازەیی ئەو شتە نیە، چونکە شت هەیە کۆنەو چاکیشە و، شتیش هەیە تازەیە و خراپیشە و، چاکیی و خراپیی، دوو شتی زاتیی شتانن و، پەیوەندییان بە کۆنیی ونوێیانەوە نیە، کەواتە بۆ دۆزینەوەی چاکیی، یان خراپیی هەر شتێك، دەبێ لە خودی ئەو شتە ڕامێنین و وردبینەوە، نەك لە ئەندازەی تەمەنی، یان لە بەساڵان دا چوویی و گەنجیی خاوەنەکەی، عەلی خوا لێی ڕازی بێ گوتەنی: (لا یعرف الحق بالرجال، وإنما یعرف الرجال بالحق) واتە: «ڕاستیی» بەهۆی پیاوانەوە ناناسرێ، بەڵکو پیاوان بەهۆی «ڕاستیی» یەوە دەناسرێن.

بەڵێ لەوەتەی ئینسان لەسەر زەوی دەژی: (٢+٢) هەر کردوویەتە (٤) و، (ڕاستیی و، وەفاداریی و، فیداکاریی و، خۆبەکەمزانین) هەر بە ڕەوشتی پەسەند و، (درۆ و، بێ نمەکیی و، ترسنۆکیی و، خۆبەزلگریی) هەر بە ڕەوشتی دزێو لەقەڵەم دراون و، مەحاڵە لە داهاتووش دا گۆڕانیان بەسەردا بێت.

کەواتە مرۆڤی مسوڵمان بڕوای وایە کە:

لاساکردنەوەی کوێرانەی پێشینان، یان فڕێ دانی بەرهەم و کەلەپووریان، هەروەها: بڕوانەهێنان بە شتی نوێ، یان بەڕاست زانینی هەر شتێك کە تازە دادێ، هەردووکیان هەڵە و ناتەواون و، هەڵوێست و بۆچوونی ڕاست و تەواو ئەوەیە، کە ئێمە عەودالی هەق و ڕاستیی و چاکە بین، لە هەر جێیەك بێ و، چ کۆن بێ چ نوێ.

www.alibapir.com

بواری سێیەم

هاوسەنگیی کەسایەتیی مرۆڤی مسوڵمان، لە بواری جم و جۆڵ و چالاکیی دا

١- قسە و وتار و، کردەوە و ڕەفتار:

مرۆڤی مسوڵمان، وەك چۆن لەبواری بووناسیی و تێڕوانین و بیروبڕوادا، هاوسەنگ و تەرازووە، لە بواری ئەو جم و جۆڵ و چالاکییانەش دا، کە زادە و بەرهەمی بووناسیی و تێڕوانینی و، لەسەر بنچینەی بیروبڕوایەکەی هەڵدەچنرێن، هەر هاوسەنگ و ڕێك و ڕاستە.

یەکەمین مەسەلەش، کە بەڵگە و نیشانەی هاوسەنگیی کەسایەتیی مرۆڤی مسوڵمانە، مەسەلەی قسە و کردەوەیەتی.

مرۆڤی مسوڵمان، هەرگیز قسەی بێ کردەوە و، لاف لێدانی بێ بەجێهێنانی، لێ ناپشکوێتەوە،- بەمەرجێك مسوڵمانی کامڵ بێ- چونکە ئەو دەزانێ کە قسەی بێ کردار و وتاری بێ ڕەفتار، سەرەڕای ئەوەی کە خوا قەدەغەی کردوە و بە پیشەی جوولەکە و دەغەڵانی حیساب کردوە[1]، هیچ بەرهەمێکیشی نیە و بگرە زیانی پترەو! کورد گوتەنی: (بنەتۆوی خۆشی ناکاتەوە)!!

---

(١) خوا بە جوولەکەکانی فەرمووە: ﴿أَتَأْمُرُونَ ٱلنَّاسَ بِٱلْبِرِّ وَتَنسَوْنَ أَنفُسَكُمْ وَأَنتُمْ تَتْلُونَ ٱلْكِتَٰبَ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿٤٤﴾﴾ البقرة: ٤٤. هەروەها بە کەسانێکی دەغەڵ و دڵنەخۆشی فەرمووە: ﴿...لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ ﴿٢﴾ كَبُرَ مَقْتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُوا۟ مَا لَا تَفْعَلُونَ ﴿٣﴾﴾ الصف: ٢ - ٣.

www.alibapir.com

زانایەك دەربارەی بێ بەرهەمیی قسەی بێ کردەوە، گوتوویەتی: (من وعظ بقوله، ضاع كلامه، ومن وعظ بعمله، نفذت سهامه) واتە:

هەرکەسێك بەقسەی- ڕووتی- ئامۆژگاریی خەڵك بکات، قسەکانی خەسار دەبن و، هەر کەسێك بە کردار ئامۆژگاریی بکات، تیرەکانی- نیشانە- دەپێکن.

زانایەکی دیکەش گوتوویەتی: (عمل رجل في ألف رجل، أبلغ من قول ألف رجل في رجل) واتە: کردەوەی پیاوێك لە هەزار پیاودا، کاریگەرترە لە قسەی هەزار پیاو لە پیاوێك دا.

بەڵێ مرۆڤی مسوڵمان (وەستای قسان و کۆڵەواری دەستان) نیە، بەڵکو هەم شێری قسان و، هەم هی کردەوانە.

٢- هەم تەقوا و هەم غەزا:

مەسەلەیەکی دیکە کە هاوسەنگیی جم و جۆڵ و چالاکییەکانی مرۆڤی مسوڵمان دەردەخات، ئەوەیە کە، هەم تەقوای هەیە، هەم غەزا، واتە: هەم لە ڕژاندنی خوێنی جەرگ و هەناوان داو، هەم لە هەڵچۆڕاندنی فرمێسکی چاوان دا، بەش و پشکی هەیە!

یانی: نە سۆفیلکەیەکی بەستەزمان و فەقیرحاڵ و سەرکزەڵەیە؛ نە جەنگاوەرێکی زەبردەست و چەك بەشانی پڕ پەڵەیە!

دڵی لە بواری تەقوا و نوێژ و پاڕانەوە و زیکر و فیکردا، لە شووشە ڕووتتر و، لە بەفر سپی تر و، لە لۆکە نەرمتر و، لە دایکی جوانەمەرگ

www.alibapir.com

مردوو بەکوڵترە، بەڵام لەبواری جەنگ و خەبات و، کوشت و کوشتار و زۆردار ڕەتاندن و، کافری، دوژمن بەزاندن دا، دڵی لە شاخ ئەستەمتر و لە پۆڵا ڕەقترە!

چونکە خوا فەرموویەتی ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ ٱلۡكُفَّارِ وَلۡيَجِدُواْ فِيكُمۡ غِلۡظَةٗۚ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلۡمُتَّقِينَ ١٢٣ ﴾التوبە: ١٢٣.

واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! لەگەڵ ئەو بێبڕوایانەدا بجەنگن کە لێتانەوە نزیکن و، با زبریی و پتەوییتان پێوە شك بەرن و، بزانن کە بێگومان خوا لەگەڵ پارێزکاران دایە.

وەك دەبینین: خوای بەرز و مەزن (زبریی) و (تەقوا) یان (جەرگداریی) و (پارێزکاریی) پێکەوە گرێ داون و، لە پەنای یەکدی داناون، بۆ ئەوەی کەس زەینی خلیسکەی پێ نەبا و، گومان نەبات، کە تەقوا و تەقە، یان جەرگداریی و پارێزکاریی، پێکەوە دژن!

٣- هەم عیبادەت و هەم سیاسەت[1]:

زۆر لەمێژە گەلێك جۆرە بیروبۆچوونی خواروخێچ و هەڵە و بەراوەژوو، دەربارەی ئیسلام، لەنێو گەلانی ئیسلام دا بڵاوبوونەوە، ئنجا یەکێك لەو جۆرە بیروبۆچوونە هەڵە و خواروخێچانە، مەسەلەی دژایەتیی نێوان ئایین و سیاسەت، یان عیبادەت و سیاسەتە.

---

(١) لە مەوسووعەی: (ئیسلام و دەوڵەتداریی)دا کە چوار کتێبە، بەدرێژیی باسی ئەو بابەتەمان کردوە.

www.alibapir.com

ئنجا یەکی دیکەش لەو بەڵگە و نیشانانەی کە هاوسەنگیی کەسایەتی مرۆڤی مسوڵمان دەسەلمێنن، لەبواری جم و جۆڵ و چالاکیی دا، بریتیە لە هەڵوێست و چۆنیەتیی چارەسەریی، سەبارەت بە مەسەلەی سیاسەت و عیبادەت و، پەیوەندیی نێوانیان.

لە ڕوانگەی مرۆڤی مسوڵمانەوە: سیاسەت (بەڕێوەبردن و مشورخواردنی کاروباری وڵات) نەك هەر لە گەڵ خواپەرستیی (العبادة) دا، پێکەوە دژ نین و تێك ناگیرێن، بەڵکو دوو شتی تێکهەڵکێشن و یەکدی تەواو دەکەن، چونکە وشەی (عبادة) دوو واتای هەن، یەکیان فراوان و گشتییە و، ئەوی دیکەیان تەسك و تایبەتیی.

١- واتای یەکەمیان، ئەم ئایەتە دەلالەتی لەسەر دەکات:

﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾﴾ الذاريات: ٥٦.

واتە: جند و مرۆڤم بەس بۆ ئەوە خوڵقاندوون، کە بمپەرستن.

وەك دەبینین: خوای بێ وێنە لەم ئایەتەدا، هەموو حیکمەت و ئامانجی خوڵقێنرانی مرۆڤ و جند، لەوەدا کورت هەڵدێنێ، کە خواپەرستیی بکەن، کە بێگومان ناتوانین بڵێین: مەبەست لە (عبادة) لێرەدا چەمك و واتا تەسك و تایبەتییەکەیەتی، چونکە ماقووڵ نیە بگوترێ: ئینسان و جند دەبێ دایم و دەردم بێ پسانەوە و حەسانەوە، سەرگەرمی نوێژو و ڕۆژوو و ژیکر و دوعا و حەج و عەمرە بن، کە چەمکی تایبەتیی و تەسکیی وشەی: (عبادة) دەیانگرێتەوە.

کەواتە ناچارین بڵێین: مەبەست لە ڕستەی: (ليعبدون) - بمپەرستن - لێرەدا گەردن کەچیی و فەرمانبەریی، پان و بەرین و فراوانە، لە هەموو بوار و لایەنەکانی ژیان دا.

www.alibapir.com

٢- دووەمین چەمك و واتای وشەی (عبادە) ئەوەیە کە زۆربەی خەڵکی لە وشەی ناوبراوی دەفامنەوە، کە پێنج درووشمەکان و هەر جۆرە چالاکییەکی دیکەی مەعنەویی، وەك قورئان و خوێندن و ژیکر و پاڕانەوە، دەگرێتەوە[1].

ئنجا ئەگەر چەمك و واتای تەسك و تایبەتیی وشەی (عبادة) لەبەرچاوبگرین، ئەوە هیچ جۆرە تێکگیران و دژایەتییەك لەنێوان وی و سیاسەت دا ڕوونادات، چونکە بوار و مەیدانی هەر کامێکیان جوێ یە لە هی ئەوی دیکە.

هەروەها ئەگەر چەمك و واتای گشتیی و پان و بەرینی لەبەرچاوبگرین، کە لە ڕاستیی دا بەس ئەویش، واتای ڕەسەن و واقیعیی وشەی (عبادة)ە، ئەوە دیسان هیچ ناتەبایی و دژایەتییەك لەنێوان (عبادة) و سیاسەت دا نایەتەدی، چونکە ئەوکاتی سیاسەت و مشورخواردن لە هەڵسووڕاندنی کاروباری خەڵکی، دەبێتە بەشێك لە بەشەکانی خواپەرستیی مرۆڤی مسوڵمان، ئەمەش ئایەتێکی قورئان، کە باسی تێکهەڵکێشیی و پێکەوە جۆشدراویی عیبادەت و سیاسەت دەکات:

﴿...إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ ۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ۝٤٠﴾ یوسف: ٤٠.

---

(١) بەڵام لە ڕاستیی دا، چەمك و واتای دووەم زیاتر عورفی کۆمەڵگا دروستی کردوە و، لە مەوسووعەی: (خواپەرستیی ئیسلامیی)دا، کە چوار بەرگە، بەدرێژیی لەو بارەوە دواوین.

www.alibapir.com

واتە: حوکم بەس هی خوایە، فەرمانی کردوە کە جگە لەوی کەس نەپەرستن، ئەوەیە ئایینی ڕاست، بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن.

وەك دەبینین: خوا شان بەشانی حوکم و بەنامەدانان، باسی خواپەرستیی دەکات و، دەیخاتەڕوو: کە بەس کاتێك دەبنە خواپەرستی ڕاست و تەواو، کە حوکم و سیاسەتتان لەلایەن خواوە بۆ دیاریی بکرێ، ئنجا دوای ئەوە یەکسەر دەفەرموێ: (...ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ...)، ئا ئەوەیە ئایینی ڕاست و تەواو، ئایین و بەرنامەی ڕاست و تەواو، ئەوەیە کە ئەو سەرچاوەیەی بەرنامە و پەیڕەوی عیبادەتی لێ وەردەگرن، بەرنامە و پەیڕەوی سیاسەتیشتان بەس لەوێ وەربگرن.

کەواتە: غەیری ئەوە، کە بریتیە لە لێك پچڕاندنی عیبادەت و سیاسەت، بە ئایین و بەرنامەیەکی تەواو و ڕاست، دانانرێ، چونکە چەمك و واتای بەرفراوان و گشتی وشەی (عبادة) لە جوغز و لایەنێکی تەسك و کەم بەردا، کورت هەڵاتوە کە لایەنی مەعنەوییە.

کەواتە: مرۆڤی مسوڵمان دەڵێ:

نە ئایینی بێ سیاسەت، نە سیاسەتی بێ ئایین، خوا پەرستییەکی وا بەرین، دا بگرێ سەرانسەری ژین.

www.alibapir.com

بواری چوارەم

هاوسەنگیی کەسایەتیی مرۆڤی مسوڵمان، لە بواری خوو و ڕەوشت دا

مرۆڤی مسوڵمان ـ وەك لەپێشەوە گوتمان ـ لە سۆنگەی ئەوەوە کە شوێن کەوتووی بووننناسیی و بیروبڕوا و بەرنامەیەکی ڕاست و هاوسەنگە، خاوەنی کەسایەتییەکی هاوسەنگە، لە هەموو بوارێك دا، لە بواری بووننناسیی و تێڕوانین و چالاکیی دا و، لە بواری خووڕەوشت و ئاکاردا.

ئنجا ئێمە لە لاپەڕەکانی پێشوودا، لە هەرسێك بواری بووننناسیی و تێڕوانین و، بیروبڕواو، جم و جوڵ دا، ئەو هاوسەنگییەمان لە چەند خاڵێك دا خستەڕوو، ئێستاش لە بواری چوارەم (خوو و ڕەوشت) دا، هەوڵی خستنەڕووی ئەو هاوسەنگییە دەدەین، لە چەند خاڵێك دا:

١- یەکەمین شت کە هاوسەنگیی ڕەوشت و خووی مسوڵمانی تێدا دەردەکەوێ، ئەوەیە؛ کە تووڕەیی و بەزەیی، کە هۆی پەیدا بوونی توندیی و زبریی و، نەرم و نیانیین، وەك دوو تای تەرازوویێك هاوسەنگ ڕادەگرێ و، هەریەکەیان لەجێی شیاوی خۆی دا بەکاردێنێ، چونکە ئەو دەزانێ کە خوای کاربەجێ، هیچ شتێکی بێ هۆ و حیکمەت نەخوڵقاندوە و، دیارە تووڕەیی و بەزەیی، هەر کامێکیان ئەرکێکی تایبەتی لە ژیانی مرۆڤ دا هەیە، بۆیە خوا لە مرۆڤ دا داینناون.

www.alibapir.com

بەڵێ مرۆڤی مسوڵمان بابایەکی لاسەنگ و لاتەڵ نیە، کە وەك دڕندەخووان لە جێی بەزەیی و سۆزیش، هەر تووڕەیی و توندیی بەکاربێنێ، یان وەك فەقیرحاڵۆکە و سەرکزەڵۆکان، لەباتی تووڕەیی و هێزیش، هەر بەزەیی و نەرمیی بەکاربێنێ، بەڵکو دەڵێ: نە نەرمڕەویی نە توندڕەویی، بەڵکو شەرعڕەویی.

خوای مەزن دەربارەی هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کە مسوڵمانی هەڵبژاردەن، فەرموویەتی:

﴿مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِۚ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلۡكُفَّارِ رُحَمَآءُۢ بَيۡنَهُمۡۖ . . . ٢٩﴾

الفتح: ٢٩.

واتە: موحەممەد پێغەمبەری خوایە و، ئەوانەی لەگەڵیدان، لەسەر کافران توندوتیژن و، لەنێو خۆیان دا بەبەزەیین.

بەڵام ئەوەندە هەیە نەرمیی و بەزەیی و سۆزنواندن، بنچینەی گشتییە لە ئینسانی مسوڵمان دا و، توند و زبریی و ڕەقیی و بێ ڕەحمیی نواندن، جاروبارە و، وەك دەرمان بۆ چارەسەر بەکاری دێنێ.

بە کورتیی:

مرۆڤی مسوڵمان (دەستێکی مەڵحەمە و دەستێکی درێشەیە!).

مەڵحەم بۆ ساڕێژکردنی زامی بڕواداران و، درێشە بۆ زەبرلێدانی چاوی بەدکاران.

www.alibapir.com

٢- ترس و ئومێد (الخوف والرجاء):

مەسەلەیەکی دیکە لەو مەسەلانەی کە دروشم و نیشانەی هاوسەنگیی و تەرازوو ڕاوەستانی ڕەوشت و خووی مرۆڤی مسوڵمانن، هاوسەنگیی پاراستنیەتی لەنێوان ترس و ئومێددا.

بەڵێ مرۆڤی مسوڵمان، چونکە زانایە و خوای خۆی دەناسێ و، دەزانێ چەندە بەرز و مەزن و پایەبەرز و بێ باکە، لە بەانبەری دا، هەست بە ئەوپەڕی شەرم و ڕێز و سام و هەیبەت و ترس دەکات و، لەلایەکی دیکەوەش: چونکە دەزانێ چەندە بەبەزەیی و میهرەبان و تاوان پۆشە، هەست بە هیوا و ئومێد و دڵ ڕوونیی و پشت قایمیی دەکات.

مرۆڤی مسوڵمان، هەم ترسی هەیە و هەم ئومێد، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ترس و هیوایەکەی هاوسەنگ و تەرازوون و، تەرازووەکەی بە هیچ لایان دا سەرناکات، کەواتە: بابای مسوڵمان، نە هێندە دەترسێ کە لە بەزەیی و میهرەبانیی خوا تەمابڕاوو بێ هیوا بێ، چونکە:

﴿إِنَّهُۥ لَا يَاْيْـَٔسُ مِن رَّوْحِ ٱللَّهِ إِلَّا ٱلْقَوْمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٨٧﴾﴾ یوسف: ٨٧.

واتە: بێگومان کومەڵی بێ بڕوایان نەبێ، لە بەزەیی خوا نائومێد نابن.

دیسان نەهێندەش هیوا و ئومێدی زۆرە، کە هیچ مەترسیی لە دڵ دا نەمێنێ و، بەتەمای بەزەیی و چاکەی خوا پشتێندێی لێ

www.alibapir.com

بکاتەوە، چونکە ئەو دەزانێ کە بەتەمای چاکە و بەخششی خوا بوون، بەبێ کردەوە، لە فریودان و فێڵ و تەڵەکەی شەیتانەوەیە، خوا دەربارەی ئەو کەسانەی کە بەتەما و ئومێدی بەزەیی وین، فەرموویەتی:

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ أُوْلَٰٓئِكَ يَرۡجُونَ رَحۡمَتَ ٱللَّهِۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٢١٨﴾ البقرة: ٢١٨.

واتە: بێگومان ئەوانەی بڕوایان هێناوە و کۆچیان کردوە و، لەڕێی خوادا تێکۆشاون، ئەوانە بەئومێدی بەزەیی خوان و، خواش لێوردە و بەبەزەیی یە.

کەواتە: (مرۆڤی مسوڵمان بە دوو باڵی ترس و ئومێد، بەرەو لووتکەی ڕەزامەندیی خوا دەفڕێ).

٣- نە دەستبڵاویی نە چەنگ قووچاویی:

مرۆڤی مسوڵمان لە زۆربەی زۆری تێڕوانین و بیروبڕوا و جم و جۆڵ و ڕەوشتەکانی دا، بەوە هاوسەنگیی وەدەست دێنێ، کە لەنێوان زیادتێنووسان و بەزایەدان دا، لەسەر خەتی باریکی نێوەڕاست (وسط) ڕادەوەستێ، هەر بۆیەش خوای زانا فەرموویەتی:

﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَٰكُمۡ أُمَّةٗ وَسَطٗا.... ١٤٣﴾ البقرة: ١٤٣.

واتە: هەر بەو شێوەیە گێڕاومانن بە کۆمەڵێکی میانجیی...

www.alibapir.com

ئنجا یەکی دیکە لەو ڕەوشت و خووانەی ئینسانی مسوڵمان، کە هاوسەنگیی و میانجێتی وی تێیان دا دەدرەوشێتەوە، ئەوەیە کە لە مەسەلەی ماڵ سەرفکردن دا، نە دەست بڵاوە، نە چەنگ قووچاوە، چونکە خوا فەرموویەتی:

﴿ وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَىٰ عُنُقِكَ وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ ٱلْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُومًا مَّحْسُورًا ﴿٢٩﴾ ﴾ الإسراء: ٢٩.

واتە: نە دەستت پێوەند بکە تا گەردنت، نە تەواویش بڵاوی بکە، دەنا بە سەرکۆنەکراویی و پەککەوتەیی دادەنیشی.

هەڵبەتە دەست بەستران و پێوەندکران، کینایەیە بۆ ڕژدیی و چرووکیی، دەست بڵاوکردنیش، کینایەیە بۆ زیادەڕۆیی کردن لە ماڵ بەخشین دا، جا جێی سەرنج ئەوەیە کە خوای زانای وردبین، وشەی: (وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً)ی لەگەڵ (مَلُومًا) و وشەی: (وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ ٱلْبَسْطِ)ی لەگەڵ (مَّحْسُورًا)دا بەراورد کردوون، چونکە بابای ڕژد و چرووك و چەنگ قووچاو، دەبێتە جێی ڕەخنە و گلەیی و گازندە و سەرکۆنەی خەڵك و، بابای دەست بڵاویش، سەرەنجام خەفەتبار دەبێ و پەکی دەکەوێ!!

٤- نە فیزودەمار نواندن، نە خۆزەبوون کردن:

یەکی دیکە لەو ڕەوشتە بەرز و پەسندانەی کە کەسایەتیی مرۆڤی مسوڵمانیان هاوسەنگ کردوە و تەرازوو ڕاگرتوە، ئەوەیە کە نە لە خۆ پێ زۆربوون دا زیادەڕۆیی دەکات، بەشێوەیەك سەربکێشێ بۆ فیز و دەمار نواندن و خۆ بەزلگرتن و، نە لە خۆبەکەمگرتن (تواضع) دا، بێ

www.alibapir.com

تامی دەکات، کە سەربکێشێ بۆ خۆ پێ هیچ نەبوون و خۆ زەبوون کردن.

بەڵێ مرۆڤی مسوڵمان، خۆی پێ بەرز و بەعیززەتە، بەڵام ئەو هەستکردن بە بەرزیی و عیززەتە، وای لێ ناکات کە ببێتە بابایەکی خۆبەزلزان (متکبر) و لووتی بچێتە عاسمانێ و، فیز و کەشخە بەسەر خەڵکی دا بکات، چونکە خوا فەرموویەتی:

﴿ فَٱدۡخُلُوٓاْ أَبۡوَٰبَ جَهَنَّمَ خَٰلِدِينَ فِيهَاۖ فَلَبِئۡسَ مَثۡوَى ٱلۡمُتَكَبِّرِينَ ﴾ النحل: ٢٩.

واتە: دە جا لە دەرگاکانی دۆزەخەوە بچنە ژووری، بۆ هەمیشە تێیدا دەمێننەوە، خراپترین جێگای خۆبەزلزانان - دۆزەخ - ە.

پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (لا يدخل الجنة من كان في قلبه مثقال ذرة من كبر، فقال رجل: إن الرجل يحب أن يكون ثوبه حسناً، ونعله حسناً، قال إن الله جميل يحب الجمال، الكبر بطر الحق وغمط الناس) أخرجه مسلم:٩١، والترمذي: ١٩٩٩، وابن حبان: ٥٤٦٦.

واتە: هەرکەسێك هێندەی گرانیی گەردیلەیەك - یان مێروولەیەکی گچکە - خۆبەزلگریی لە دڵی دا بێ، ناچێتە بەهەشتێ، پیاوێك گوتی: پیاو هەیە حەز دەکات بەرگەکەی چاك بێ و، پێڵاوەکەی چاك بێ! فەرمووی: خوا جوانە و جوانیی خۆش دەوێ، خۆبەزلگریی، ڕەت کردنەوەی هەق و خەڵك بە کەمگرتنە.

لە سەرێکی دیکەشەوە، بابای مسوڵمان، لەگەڵ هەست کردنی بە عیززەت و بەرزیی دا، خۆی بەکەم دەگرێ و، ڕێزی هەموو کەس

www.alibapir.com

دەگرێ، بەڵام خۆبەکەمگرتنەکەی، لە ئەندازەی پێویست بەولاوە ناچێ، کە ببێتە: خۆ پێ هیچ بوون و خۆ زەبوون کردن، چونکە خوا فەرموویەتی:

﴿وَلَا تَهِنُوا۟ وَلَا تَحْزَنُوا۟ وَأَنتُمُ ٱلْأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٣٩﴾﴾

آل عمران: ١٣٩.

واتە: بێ هێزیی پێشان مەدەن و غەمگین مەبن و، ئەگەر بڕوادار - ی تەواو - بن، بەس ئێوە بەرزترینن.

پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (لاينبغي للمؤمن أن يُذلَّ نفسه) أخرجه أحمد: ٢٣٤٩، والترمذي: ٢٢٥٤، وابن ماجه: ٤٠١٦.

واتە: بڕوادار بۆی نیە خۆی زەبوون بکات.

کەواتە: مرۆڤی مسوڵمان، وێڕای هەست کردن بە بەرزیی و عیززەت، خۆشی بە کەم دەگرێ و، هەرچەندە فیز و دەمار بەسەر کەس دا ناکات، بەڵام خۆشی بۆ کەس زەبوون ناکات.

٥- نە باوەڕ بەخۆ نەبوون، نە لەخۆبایی بوون:

باوەڕبەخۆنەبوون (عدم الثقة بالنفس)، نەخۆشییەکی مەعنەوییە بەلای بەزایەدان (تفريط)دا و، لە بەرانبەری دا: نەخۆشیی لەخۆبایی بوون (الغرور) هەیە، ئنجا بێگومان ئەو دووانە هەردووکیان لادانن لە ڕاستەڕێ، یەکەمیان: بەزایەدان و کەمتەرخەمییە و، ئەوی دیکەیان: زیادتێنووسان و زیادەڕۆیی.

ئنجا مرۆڤی مسوڵمان هیچ کام لەو دوو نەخۆشییەی تێدانین، چونکە لە سۆنگەی ئەوەوە کە بڕوای بەخوا هەیە و، دەزانێ بەندەی

www.alibapir.com

کێیە و، سەر بە خوایەکی چەندە بەرزو مەزنە! باوەڕی بەخۆی هەیە و، خۆی پێ سفری پاش فاریزە نیە! هەروەها لە سۆنگەی ئەوەشەوە کە خۆی دەناسێ و، دەزانێ لەئاقار خوادا چەندە گچکە و بێ دەسەڵاتە و، چەندە کەم و ناتەواوە، خۆی لێ ناگۆڕێ و لەخۆی بایی نابێ، چونکە ماك و میکرۆبی نەخۆشیی خۆ لێ بایی بوون، ئاگا لەخۆ نەمان و خۆلەبیرچوونەوە و، خۆ لەلا گەورە و بێ ئیحتیاج بوونە، وەك خوا فەرموویەتی:

﴿...إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَيَطۡغَىٰٓ ٦ أَن رَّءَاهُ ٱسۡتَغۡنَىٰٓ ٧﴾ العلق: ٦ - ٧.

واتە: بێگومان ئینسان یاخیی دەبێ - و خۆی لێ دەگۆڕێ - هەر کاتێك خۆی بە دەوڵەمەند زانی، بەڵام وەك گوتمان: مرۆڤی مسوڵمان هیچ کاتێك وا هەست ناکات کە بۆخۆی هەموو شتێکە و، دایم و دەرەم هەست بە حەوجێیی خۆی دەکات سەبارەت بە خوا.

کەواتە:

مرۆڤی مسوڵمان هەرچەندە باوەڕی بەخۆی قایمە و، خۆی بەشت دەزانێ، بەڵام قەت ئەو باوەڕبەخۆبوون و خۆ پێ شتبوونەی، لە ئەندازەی سروشتیی دەرناچێ و نابێتە خۆ لێ گۆڕان.

٦- هەم بەستنەوە و گرێ دان، هەم ڕووکردنە خوا و پاڵ وێدان:

خوێنەری بەڕێز!

لێرەدا ئەو کورتە بەسەرهاتە یان قوڵە نەزیلەیە دێنین، چونکە پەیوەندییەکی پتەوی بەم باسەی ئێرەوە هەیە:

(ڕۆژێك عەرەبێکی دەشتەکیی هاتە لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کە حوشترێکی پێ بوو، پێغەمبەر لێی پرسی: کوا حوشترەکەت؟ گوتی: لە دەرێ بەرهەڵدام کردوە و بەتەمای خوا لێی گەڕاوم و، پشتم بە خوا بەستوە! ئەویش لە وڵامدا پێی فەرموو: (اعقِلْهَا وَتَوكَّلْ) أخرجه الترمذي: ٢٥١٧، والبيهقي في شعب الإيمان: ١٢١٢. واتە: بیبەستەوە و پشتیش بە خوا ببەستە.

ئنجا یەکی دیکە لەو خەسڵەت و ڕەوشتە ئیسلامییە پەسندانەی، کە دەورێکی کاریگەریان هەیە لە هێنانەدی هاوسەنگیی لە مرۆڤی مسوڵمان دا، ئەوەیە کە مرۆڤی مسوڵمان، نە هۆیەکان (الأسباب) فەرامۆش دەکات بە بەهانەی پشت بەخوا بەستنەوە و، نە خوا فەرامۆش دەکات و پشت گوێ دەخات، بەتەمای دەست بە هۆکارەکان (أسباب) گرتنەوە، بەڵکو لە عەینی دەست بە هۆیان گرتنی دا، پشتیشی بە خوا قایمە و، لە گەرمەی پشت بەخوا بەستنیش دا، هەوڵی دەستگیرکردنی هۆیانیش دەدات.

واتە: مرۆڤی مسوڵمان ئەوەندەی پێی بکرێ، لەڕێی دۆزینەوەو بەکارهێنانی یاسا و دەستوورەکانی سروشت و بوونەوەرەوە، هەوڵی بەئامانج گەیشتن دەدات، بەڵام لە دوو شتانیش بێ ئاگا نابێ:

www.alibapir.com

یەکەم: دەزانێ کە یاسا و دەستوورەکان (قوانین)ی بوونەوەر، هیچ کامیان لەخۆڕا و بەتەنێ، واتە بە کارتێکردنی زاتیی و دوور لە ویست و دەسەڵاتی خوا، هیچیان پێ ناکرێ و، مێشیان پێ لە ئاو ناکرێ، کەواتە: وێڕای دیتنی هۆیەکان (أسباب) و یاساکان (قوانین)، شێتیی و نەفامییە، ئینسان لە هۆکارساز (مُسبِّب) و یاسادانەر (مقنِّن)یش بێ ئاگابێ، ئەو (مُسَبَّب) و (مُقَنَّن)ەی، کە بوون و کاریگەریی بە (أسباب) و (قوانین) بەخشیوە.

دووەم: دەزانێ کە کاروباری دنیا، بەس لەڕێی هۆیە ماددییەکان (الأسباب المادیه)ەوە بەڕێوەناچێ و، لە پاڵ هۆیە بەرهەست و ماددییەکان دا، چەند هۆیەکی نادیار و مەعنەوییش هەن و، کاریش دەکەنە سەر شتان، مادام وابێ هیچ ماقووڵ نیە، ئینسان هەندێك لە هۆیان (أسباب) لەبەرچاو بگرێ و،هەندێکیشیان فەرامۆش بکا و بەرهەڵدا بکا!!

پوختەی مەبەست ئەوەیە: کە مرۆڤی مسوڵمان ئەوەندەی پێی بکرێ و دەستی بڕوات، لەگەڵ هۆیە بەرهەستەکان دا خەریك دەبێ و، هەوڵی دابین کردنیان دەدات، بەڵام ئەوەندەی دەستی وێڕا نەگەیشتن و، پێی دەستگیر نەکران، ئەوە لەجیاتی بەزین و کۆڵ دان و، مەیدان بەجێ هێشتن و هەڵاتن، ڕوودەکاتە خوای پەروەردگاری خۆیی و، لەبەری دەپاڕێتەوە و بەکوڵ داوای لێ دەکات، کە ئەوەی بۆخۆی - بەڵام پاش ڕەنجدان و هەوڵدان - دەستی ناگاتێ و بۆی ناکرێ، یان تەواو ناکرێ، ئەو بۆی بکات، یان تەواو بکات.

www.alibapir.com

ئنجا لە سۆنگەی ئەوەوە کە بابای مسوڵمان دەزانێ بوون (وجود) تێکڕا بە بەرهەڵست و نابەرهەستیەوە، لەژێر ڕکێفی ویست و دەسەڵاتی خوادایە، بەر لە دەست کردن بەهەر کارێکی شایانی باس، ناوی خوا دێنێ و، بۆ خوا و، بە پشت و قووەتی خوا، دەست پێ دەکات، وەك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:

(كل أمر ذي بال لايبدأ فيه ببسم الله الرحمن الرحيم، فهو أبتر) أخرجه أبو داود: ٢٨٤٠، والنسائي في عمل اليوم والليلة: ٤٩٤.

واتە: هەر کارێکی گرنگ بە (بسم الله الرحمن الرحيم) کردن دەستی پێ نەکرێ، ئەوە دوابڕاو - و بێ خێر- ە.

کەواتە: مرۆڤی مسوڵمان، کەسێکە هەم هۆیەکان ڕەچاودەکات و حوشتری کاروباری دەبەستێتەوە و بەرهەڵدا ناکات و، هەم بەس هۆیە ماددییەکان نابینێ و، هەموو شتێك بەناوی خوا دەست پێ دەکات و، کە دەستیشی لە پچکی هۆیان بڕان، ڕووی مەبەستی لە خوا دەکات.

خوێنەری خۆشەویست!

ئێستاش دوای ئەوەی لە چەند بوارێك دا و، هەر بوارەش لە چەند مسەلەیەك دا، بۆمان ڕوون بۆوە، کە مرۆڤی مسوڵمان یان ڕاستتر بڵێم: (مسوڵمانی کامڵ) خاوەنی چ جۆرە کەسایەتییەکە و، زانیمان کە بابای مسوڵمان زەقترین و ئاشکراترین و بنەڕەتییترین نیشانە و دروشم و ئیمتیازێك کە پێیەوە دەناسرێ و، پێی لە غەیری خۆی جوێ دەکرێتەوە، بریتیە لە هاوسەنگیی و ڕێك و ڕاستیی و تەرازووبوون، چونکە:

www.alibapir.com

یەکەم: لە بواری بووناسیی و تێڕوانین دا:

١- بڕوای بە سروشت و ئەودیو سروشت، یان ئاشکرا و پەنهان، هەیە.

٢- دنیا و دوارۆژان، وەك دوو تای تەرازوویك، ڕادەگرێ و شتاقیان بۆ شتاقیان فڕێ نادات.

٣- جەستە و گیانان، پێکەوە دەکاتە دوو برای تەبا و، ماف و پێداویستیی هیچ کامیان لەبیر ناکات.

٤- عەقڵ و دڵان بەکاردێنێ و، شتاقیان بەرهەڵدا ناکات و لەقیس خۆی نادات.

٥- خۆی نە بەتۆبزیی لێکرا و (مجبور)، نە هەموو شت پێکراوو ئازادی تەواو، لەقەڵەم دەدات.

٦- بڕوای بە بەرهەڵدایی تاك و، بێ سەڵایی کۆمەڵ نیە.

دووەم: لە بواری بیروبڕوادا:

١- بڕوای بە بێ خوایی، یان چەند پەرستراویی نیە.

٢- نە خوا لە سیفەتە بەرز و پەسندەکانی دادەڕووتێنێ، نە وە دروستکراوەکانیشی دەچوێنێ.

٣- نە بابایەکی ناسیۆنالیزم و نەتەوە پەرستە و، نە دژی نەتەوە و نیشتمان و، بێ هەست و نەستە.

٤- بڕوای بە تەبایی ئایینی نەگۆڕاوو[1]، زانیاریی ڕاست و تەواو، هەیە.

---

(١) یانی ئایینێکی ڕاست و ساغی نەگۆڕاوو دەستکاریی نەکراو، کە لەم

www.alibapir.com

٥- بڕوای وایە کە دەبێ ئافرەت نە دیل و زەبوون و ژێر دەست بێ، نە پڵێشاوە و بەرهەڵدا و بێ مەبەست بێ.

٦- هەم ڕێز لە بیروڕای ڕاستی پێشینانی دەگرێ، هەم بۆ گۆڕین و گەشەپێدان و بەرەوپێش بردنی کۆمەڵ، سەری دەخورێ.

سێیەم: لە بواری جم و جۆڵ و چالاکیی دا:

١- هەم مەردی قسە و وتارانە، هەم هی کردەوە و ڕەفتاران.

٢- هەم پارێزکارە، هەم شۆڕەسوارە و، بەتەقوای بێ تەقە و، غەزای بێ تەقوا قایل نیە.

٣- هەم مەردی میحڕابی عیبادەتە، هەم جوامێری مەیدانی سیاسەت.

چوارەم: لە بواری خوو و ڕەوشت دا:

١- لە کاتی بەزەیی نواندن و میهرەبانیی دا، ئەوەندەی بڵێی هێدیی و نەرمە و، کە کاتی تووڕەبوونیش هات، توندوتیژە و گوللەی گەرمە.

٢- لەخوا ترسانی و ئومێد بەخوابوونی، وەك دوو باڵی باڵندەیەك و، دوو تای تەرازوویێك، بارتەقای یەك و هاوسەنگن.

٣- نە لە ماڵ سەرف کردن دا، دەست بڵاوە، نە لە خێر و چاکەدا، چەنگ قووچاوە.

٤- نە فیز و کەشخە بەسەر کەس دا دەکات، نە خۆشی زەبوون و دەستە پاچە پێشان دەدات.

ڕۆژگارەدا تەنیا ئیسلامە.

www.alibapir.com

٥- باوەڕ بەخۆبوون و عیززەت و بەرزیی لێ دەچۆڕێ، بەڵام هەرگیز لەخۆی بایی نابێ و خۆی لێ ناگۆڕێ.

٦- هەم کاروباری بە پەتکی هۆیان دەبەستێتەوە و گرێ دەدات، هەم ڕووشی لە خوایە و، داوای لێ دەکات و پاڵی وێدەدات.

بەڵێ ئێستا دوای ئەوەی ئەم باسانە ڕابردن، سوپاس بۆ خوا بێ پێچ و پەنا، سەلمێنرا، کە ئەگەر ئینسانێك هەبێ، خاوەنی کەسایەتیی (شخصیة)یەکی تێروتەواو هاوسەنگ بێ، بەس مرۆڤی مسوڵمانی کاملە.

بەرهەمەکانی دانەر

ژ	کتێبەکان	بەروارو چاپ	تێبینی
	أ / کتێبە کوردییەکان		
	قـورئـان و سـونـنـەت		
١	پوختەیەك دەربارەی ئیسـلام لەبەر ڕۆشنایی سـورەتی فاتیحەدا	چاپی یەك/١٩٨٤ چاپی دوو/٢٠٠٦	
٢	با لە خزمەت قورئاندا بین، {کۆی هەردووك کتێبی: (چۆن باشتر لە قورئان بەهرەمەند دەبین؟) و (ئەرکی سەرشانمان بەرانبەر بە قورئان)ە}	چاپی یەك/٢٠٠٨ چاپی دوو/٢٠١٥	
٣	تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز، بەرگی یەکەم:سوورەتەکانی:(الفاتحة)و(البقرة)	چاپی یەك/٢٠١٢	
٤	تەفسـیری قورئانی بەرزو بەپێز، بەرگی دووەم : سـوورەتی: (آل عمران)	چاپی یەك/٢٠١٢	
٥	تەفسـیری قورئانی بەرزو بەپێز، بەرگی سێیەم: سـوورەتی: (النسـاء)	چاپی یەك/٢٠١٣	
٦	تەفسـیری قورئانی بەرزو بەپێز، بەرگی چوارەم: سـوورەتی: (الـمائدة)	چاپی یەك/٢٠١٤	
٧	تەفسـیری قورئانی بەرزو بەپێز، بەرگی پێنجەم: سـوورەتی: (الأنعـام)	چاپی یەك/٢٠١٥	
٨	تەفسـیری قورئانی بەرزو بەپێـز، بەرگی شەشەم : سـوورەتی: (الأعـراف)	چاپی یەك/٢٠١٦	
٩	تەفسـیری قورئانی بەرزو بەپێـز، بەرگی حەوتەم: سوورەتی: (الأنفال)	چاپی یەك/٢٠١٦	

www.alibapir.com

١٠	تەفســیری قورئانی بەرزو بەپێـز، بەرگی هەشتەم: سوورەتی: (التوبة)	چاپی یەك/٢٠١٧	
١١	تەفســیری قورئانی بەرزو بەپێـز، بەرگی نـۆیـەم: ســوورەتی: (یونس)	چاپی یەك/٢٠١٨	
١٢	تەفســیری قورئانی بەرزو بەپێـز، بەرگی دەیـەم: ســوورەتی: (هود)	چاپی یەك/٢٠١٨	
١٣	تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێـز، بەرگی یازدەیەم: سوورەتی: (یوسف)	چاپی یەك/٢٠١٩	
١٤	تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێـز، بەرگی دوازدەیەم: سوورەتەکانی: (الرعد، إبراهیم، الحجر)	چاپی یەك/٢٠٢٠	
١٥	تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێـز، بەرگی سێزدەم: ســوورەتی: (النحل)	چاپی یەك/٢٠٢٠	
١٦	تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێـز، بەرگی چواردەم: ســوورەتی: (الإسرا)	چاپی یەك/٢٠٢٠	
١٧	تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێـز، بەرگی پازدەم: سوورەتەکانی: (الکهف، مریم)	چاپی یەك/٢٠٢٠	
١٨	شوێنکەوتنی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ لەنێوان کەمتەرخەمیی و زێدەڕۆییدا	چاپی یەك/٢٠١٥	
١٩	ڕێبازی پێغەمبەری خوا: پێناسە و گرنگیی و پێویستیی	چاپی یەك/٢٠١٨	
	بیـروبڕواو فیکری ئیسـلامیی		
٢٠	دەبەرێك ڕاچوونی ئیسـلام و ڕێچکان	چاپی یەك/١٩٨٥ چاپی سێ/٢٠٠٦	
٢١	ڕێبـازی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کامەیە ؟!	چـاپی یەك/١٩٨٩	دواتر خرایە نێو کتێبی (مسـوڵمانی کامل: بەشی یەکەم: بیروباوەڕی مسـوڵمان)

www.alibapir.com

٢٢	پرۆژەی بەرنامەی پەروەردەو فێرکردنی ئیسلامییانە	چـاپی یەك/١٩٩٥	دواتر خرایە نێو کتێبی: (پرۆژەی بەرنامەی فیکریی کاری ئیسـلامیی)
٢٣	پرۆژەی بەرنامەی فیکریی کاری ئیسـلامیی	چاپی یەك/١٩٩٦	
٢٤	بنەما شەرعییەکان و هێڵە گشتییەکانی کۆمەڵی ئیسـلامیی	چاپی یەك/٢٠٠١ چاپی چوار/٢٠١٤	وەرگێڕراوەتە سـەر زمانی عەرەبییش
٢٥	چەند مەسەلەیەکی باوی سەردەم، سەرنجێکی واقیعیانەو هەڵسەنگاندنێکی شەرعییانە	چاپی یەك/٢٠٠٢ چاپی شەش/٢٠١٦	وەرگێڕراوەتە سـەر زمانی عەرەبی و تورکیی و فـارسـییش
٢٦	خواناسـیی، ئایـن، ئیمان (درەوشاوەیی ئیسلام و پووچەڵیی ئیلحاد)	چاپی یەك/٢٠٠٢ چاپی سێ/٢٠٢٠	
٢٧	ناوەهەرەجوانەکانی خوا "سبحانەوتعالی"	چاپی یەك ٢٠١٣/	
مەوسـووعەی : ئیمان و عەقیدەی ئیسـلامیی لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سـوننەتدا، (٦ بەرگ)			چاپی یەك/٢٠٠٦-٢٠٠٨ چاپی دوو/٢٠١٦
٢٨	بەرگی یەکەم: ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی چییەو چۆنە؟		
٢٩	بەرگی دووەم: خوا بەیەکگرتن لە بەدیهێنەرایەتیی و پەروەردگاریتییدا		
٣٠	بەرگی سێیەم: خوا بەیەکگرتن لە ناو و سیفەت و لەپەرستراوێتییدا		
٣١	بەرگی: چوارەم: ئیمان بە: فریشتەکانی خوا، کتێبەکانی خوا، پێغەمبەرانی خوا		
٣٢	بەرگی پێنجەم: ئیمان بە: ڕۆژی دوایی و قەزاو قەدەر		-
٣٣	بەرگی شەشەم: تایبەتمەندیی و دیدوبۆچوونەکانی پەیڕەوانی ڕێبازی ڕاست		

www.alibapir.com

٣٤	مسـوڵمـانـی کامـڵ: بەشـی یەکەم: بیـروباوەڕی مسـوڵـمان	چـاپی یەك/١٩٩٧	دواتر خراپە نێو کتێبی (ئیمان و عەقیدەی ئیسـلامیی لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سـوننەتدا)
٣٥	تەوژمی ئیسلامیی و عەلمانیی و خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانیان	چاپی یەك/٢٠٠٨ چـاپی سێ/٢٠١٥	زۆربەی بە (٢٤) ئاڵقـە لەهەفتەنـامەی (هـاووڵاتیی)و، ئەوەی دیکەش بە (٩) ئاڵقە لە هەفتەنامەی(ئاوێنە)دا بڵاوکراوەتەوە
٣٦	ڕوونکردنەوەی بنەما شەرعییەکان و هێڵە گشتییەکانی کۆمەڵی ئیسـلامیی	چاپی یەك/٢٠١٢ چاپی سێ/٢٠١٤	
٣٧	تەرجەمەی کوردیی عەقیدەی طەحاویی	چاپی دوو/٢٠١٧	
٣٨	ڕوونکردنەوەی عەقیدەی طەحـاویی	چاپی یەك/ ٢٠١٥	
٣٩	سیکۆلاریزم و دیموکراسیی لە ئەزموونی کوردستاندا (دیبەیتی ساڵ)	چاپی یەك/٢٠١٦	وەرگێڕدراوە بۆ زمانی عەرەبی و، شێوەزاری کرمانجیی
٤٠	درەوشاوەیی ئیمان و پووچەڵیی ئیلحاد، لەبەر ڕۆشنایی زگماك و عەقڵ و زانست و وەحییدا	چاپی یەك/٢٠١٩ چاپی دوو/٢٠٢٠	
مەوسووعەی: بیرکردنەوەی ئیسلامیی لەنێوان وەحیی و واقیعدا			
٤١	کتێبی یەکەم: پێناسەو چییەت و سەر گوزشتەو سەرچاوەکان و گرنگیی: بیرکردنەوەی ئیسلامیی	چاپی یەك/٢٠١٨	-
٤٢	کتێبی دووەم: هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی جەماوەری مسوڵمانان	چاپی یەك/٢٠١٨	-

www.alibapir.com

٤٣	کتێبی سێیەم: تەوژمە سەرەکییەکانی مێژووی مسوڵمانان	چاپی یەك/٢٠١٨	
٤٤	کتێبی چوارەم: پایەکانی بیرکردنەوەی ئیسلامیی	چاپی یەك/٢٠١٩	-
٤٥	کتێبی پێنجەم: چەند پرسێکی فیکریی هەنووکەیی جۆراوجۆر	چاپی یەك/٢٠١٩	-
زنجیرەی: باچاکتر ئیسلام بناسین!		ـئەم سێ ئاڵقەیە: دوایی خرانە نێو مەوسووعەی: (ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی)یەوە	
٤٦	ئاڵقەی یەکەم: سەلماندنی بوونی خوا	چاپی یەك/١٩٨٨	-
٤٧	ئاڵقەی دووەم: پێغەمبەران "علیهم الصلاه والسلام"	چاپی یەك/١٩٨٩ چاپی دوو/١٩٩٠	-
٤٨	ئاڵقەی سێیەم: ڕۆژی دوایی	چاپی یەك/١٩٩٠	
٤٩	ئاڵقەی چوارەم: ئایین	-	دوایی خرایە نێو کتێبی: (خواناسیی، ئایین، ئیمان)
٥٠	بیررو بڕوا	چاپی یەك/١٩٩٠	
فیقهی ئیسلامیی			
	مەوسووعەی: خواپەرستیی ئیسلامیی (٤ بەرگ)	چاپی یەك/٢٠٠٠ چاپی دوو/٢٠٠٩	
٥١	بەرگی یەکەم: خواپەرستیی بەگشتیی، وردە بابەتە خیلافییەکان، پاك و خاوێنیی		
٥٢	بەرگی دووەم: نوێژ بەرپاکردن یەکەمین درووشمی خواپەرستیی		
٥٣	بەرگی سێیەم: زەکات و ماڵ بەخشین		

www.alibapir.com

٥٤	بەرگی چوارەم: ڕۆژو گرتن، حەج و عومرەکردن، زیکری خواکردن		
٥٥	بنچینە گرنگەکانی هەڵسـ وکەوتی شەرعییانەو ژیرانە لەگەڵ وردە بابەتە خیلافییەکاندا	چـاپی یەك/١٩٩٩	بۆ زمانی عەرەبیش وەرگێـڕراوە
٥٦	جـەژن و یـادو بۆنەکان و هەڵسـەنگاندنێك	چـاپی یەك/٢٠١٣	
٥٧	چـەند بابەتێکی هونـەریی لەبەر ڕۆشـنایی قورئـان و سـوننەتـدا	چاپی یەك/٢٠٠٩ چاپی دوو/٢٠١٥	بۆ زمـانی فارسـییش تەرجەمـە کراوە
٥٨	چەند بنەمایەکی گرنگی ماڵ و سـامان بەخشین لەڕێی خوادا	چاپی یەك/٢٠١٣	
	تەزکیـەی نەفس و ڕەوشت و ئاکار		
٥٩	یادی خوا، گرنگیی یادی خوا لە ژیانی مرۆڤدا	چاپی یەك/١٩٨٧	
٦٠	ڕێگای صاڵح بوون و بەرەو خوا چوون، تەزکیەی نەفس لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا	چاپی یەك/١٩٩٠ چاپی پێنج/٢٠١٢	وەرگێڕدراوە بۆ زمانی عەرەبی و فارسـییش
٦١	تەزکیەو تەبایی و، یەکڕیزیی و برایی	چاپی یەك/١٩٩٨	
٦٢	مزگەوتەکانی کوردسـتان لەنێوان ئاوەدانکردنەوەو وێرانکردندا	چاپی یەك/١٩٩٩	
٦٣	گەڕانەوە بۆ لای خـوا (سـبحانە وتعالی)، بەرەو خوا وەرچەرخان و، وازهێنان لە گوناه و سـەرپێچیی و، گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەسـەر خۆدا هێنان	چاپی یەك/٢٠٠١ چاپی پێنج/٢٠١٠	
٦٤	شـەهید کێیەو چ پلـەوپایەیەکی هـەیە ؟!	چاپی یەك/٢٠٠٢	

www.alibapir.com

٦٥	باسێك لەبارەی بینینی خوای بەرزو مەزنەوە، لەدنیاو دواڕۆژدا	چاپی یەك/٢٠١٥	
٦٦	گیانی ژیـان: باش خوا پەرستن و خۆ پاك و چاك کردن	چاپی یەك/٢٠١٥	
٦٧	مەوســـوعەی: ڕەوشت و ئاکاری ئیســـلامیی لەبەر ڕۆشـنایی قورئان و سـوننەتدا	چاپی یەك/٢٠١٦	
٦٨	ئەدەب و ڕەوشتە کۆمەلآیەتییەکان لەبەر ڕۆشنایی وەحیی و عەقڵدا	چاپی یەك/٢٠٢٠	
	بانگـەوازو کاری ئیســـلامیی		
٦٩	کۆمەڵـی خـــوا	چاپی یەك/١٩٨٨	
٧٠	پێشمەرگەی ئیســلام، یان مســوڵمانی موجاهید کآیەو چۆنە؟	چاپی یەك/١٩٨٨ چاپی چوار/٢٠٢٠	
٧١	دەردو دەرمانی بزووتنەوەی ئیســلامیی	چاپی یەك/١٩٩٠	
٧٢	بزووتنەوەی ئیسـلامیی لە دووڕیانی مان و نەماندا	چاپی یەك/١٩٩٣	
٧٣	بزووتنەوەی ئیسـلامیی و قۆناغی نوێ	چاپی یەك / ١٩٩٤	
٧٤	تێگەیشتن	چاپی یەك/ ١٩٩٦	
٧٥	چەند ڕێڕوونییـەك بۆ ئیســـلامییەکانی کوردسـتان	چاپی یەك / ١٩٩٧	
٧٦	بزووتنەوەی ئیسلامیی و ئاسۆیەکی گەش و ڕوون، بنەما شەرعییەکان و بنچینە ئەخلاقییەکان	چاپی یەك/ ١٩٩٧	

www.alibapir.com

٧٧	ئیســـلام و کێشـــە هەنووکەیی یەکان	چاپی یەك / ١٩٩٨	
٧٨	زانایانی ئیســـلام کێن و چۆنن ؟!	چاپی یەك/ ٢٠٠٢ چاپی سێ / ٢٠١١	وەرگێڕراوەتە سـەر زمانی عـەرەبی
٧٩	کۆمەڵی ئیســلامیی: ئامانج و هەڵوێســتەکانی	چاپی یەك/ ٢٠٠٢	
٨٠	هەڵسـ وکەوت لەگەڵ خەڵکی دا و، چەند ئامۆژگارییەك بۆ ئەندام و موجاهیدانی کۆمەڵی ئیسلامیی	چـاپی یەك / ٢٠٠١	وەرگێڕراوەتە سـەر زمانی عـەرەبی
٨١	چۆن لە جیهاد تێ بگەین؟	چاپی یەك / ١٩٩٨	
٨٢	جیهاد لە ڕێی خواداو چەند ســەرنج و ئاگادارییەك	چاپی یەك/ ٢٠٠٢	
٨٣	جیهاد لەڕێی خوادا/ بۆ ئەوەی بەهەڵە لەجیهاد تێنەگەین و لەسەر جەنگ کردمان قەرزدار نەبینەوە	چاپی یەك / ٢٠٠١	
٨٤	جیهـاد لە ڕێی خوادا چی یەو بۆچی دەکرێ و چۆن دەکرێ ؟	چاپی یەك / ٢٠٠٢	
٨٥	چەند ڕێـڕوونییـەك بۆ خوشـك و برایانمان لە هەنـدەران	چاپی یەك/ ٢٠٠٢	
٨٦	ئیسـلام و مسـوڵمانەتیی و کاری ئیسـلامیی، لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سـوننەتدا	چاپی یەك/٢٠٠٦	
٨٧	هاوپەیمانێتی لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سـوننەتدا	چاپی یەك / ٢٠٠٩	

www.alibapir.com

٨٨	بەشداریکردن لە هەڵبژاردن و پەرلەماندا، هەڵسەنگاندنێکی شەرعییانەو ژیرانە	چاپی یەك / ٢٠٠٩ چاپی دوو / ٢٠١٣	چاپی یەکەم بە دوو ئاڵقەی جیاوازو بە دوو ناونیشانی جیاواز کراوە، بەم شێوەیە: ئاڵقەی یەکەم: بەڵگەکانی ئەوانەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن و پەرلەماندا بەشەرعیی نازانن و هەڵوەشاندنەوەیان. ئاڵقەی دووەم : بەڵگەکانی ڕەوایی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن و پەرلەماندا
٨٩	هەڵوەشاندنەوەی بیروڕاو ڕەفتارە پەرگیرانەکانی ڕێکخراوی (داعش)	چاپی یەك/ ٢٠١٥ چاپی دوو/٢٠١٧	وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسیی
٩٠	با لادان و تاوانی پەرگیران، بەرانبەر بە ئیسلام نەمانخاتە دوودڵیی و گومان	چاپی یەك/٢٠١٥	وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسیی
٩١	پەرگیریی: پێناسەی، نیشانەکانی پەرگیران، هۆکارەکانی پەرگیریی، شوێنەوارو دەرهاویشتەکانی، چارەسەری	چاپی یەك/ ٢٠١٥	
٩٢	هەڵسەنگاندنێکی کاری ئیسلامیی	چاپی یەك/ ٢٠١٩	
زنجیرەی بنەما شەرعییەکانی کۆمەڵی ئیسلامیی			
٩٣	ئاڵقەی یەکەم: بەڵگە شەرعییەکانی بنیاتنانی کۆمەڵی ئیسلامیی	چاپی یەك / ٢٠٠١	

www.alibapir.com

٩٤	ئاڵقەی دووەم و سێیەم: حوکمی لادانی خەلیفەو کاربەدەستانی مسوڵمان لەکاتی لاریی و ستەمکارییدا	چاپی یەك / ٢٠٠١	
٩٥	ئاڵقەی چوارەم : شێخ ئەبو بەصیرو هەڵسەنگاندنێکی شەرعییانەو ژیرانەی فەتوانامەکەی	چاپی یەك / ٢٠٠١	وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبیی
وتاری کۆنگرەکانی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان			
٩٦	کارو پرۆژەی ئیسلامییمان (وتاری کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵی ئیسلامیی)	چاپی یەك/٢٠٠٥ چاپی دوو/ ٢٠٠٦	
٩٧	ڕاپۆرتی : ئیمانیی، فیکریی، سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان (وتاری کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵی ئیسلامیی)	چاپی یەك/٢٠١٠	
٩٨	چاوپێداگێڕانەوەیەکی بارودۆخی نێوخۆمان و واقیعی دەرەکییمان (وتاری کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵی ئیسلامیی)، ٣٠ /٥/ ٢٠١٥	چاپی یەك/٢٠١٦	
نەتەوایەتیی و مەسەلەی کورد			
٩٩	کوردستان بۆ وێران بوو و چۆن ئاوەدان دەبێتەوە؟!	چاپی یەك / ١٩٨٩	
١٠٠	حوکمی گەڕانەوە ژێر نیری طاغوت لە ڕوانگەی ئیسلامەوە	چاپی یەك/١٩٩٠ چاپی دوو/٢٠٠٥	
١٠١	سۆزی نەتەوایەتیی و بیری ناسیۆنالیزم لە تەرازووی ئیسلامدا	چاپی یەك/١٩٩٠ چاپی سێ/٢٠٠٥ چاپی چوار/٢٠١٨	

www.alibapir.com

١٠٢	چارەســەری کێشـەی کورد لە نێوان ئیمان و پەرلەماندا	چاپی یەك/١٩٩٢	
١٠٣	حاڵەتی ئیسلامیی لە کوردستاندا	چاپی یەك/١٩٩٦	
١٠٤	جەژنی قوربان و جەنگی قەڵاتووکان	چاپی یەك/٢٠٢٠	
سیاسـەت و حوکمڕانیی			
١٠٥	چەند بابەتێکی سیاسـی هاوچەرخ لەبەر ڕۆشـنایی عەقـڵ و وەحییدا	چاپی یەك / ٢٠١٠	
مەوســووعەی: ئیســـلام و دەوڵـەتداریی، (٤ بەرگ)			چاپی یەك / ٢٠١٤
١٠٦	بەرگی یەکەم: قەوارەی سیاسیی لەئیسلامدا: بەڵگەکانی پێویستبوونی، چۆنیەتی بنیاتنانی، سروشت و بناغەی فیکریی، پێناسەی چەند وشەو زاراوەیەك		
١٠٧	بەرگی دووەم: بنەمایەکانی سیستمی حوکمڕانیی لەئیسلامدا		
١٠٨	بەرگی سێیەم: (سێ دەستەڵاتەکان): یاسادانان - جێبەجێکردن - دادوەریی		
١٠٩	بەرگی چوارەم: نا مسوڵمانان لە کۆمەڵگاو دەوڵەتی ئیسلامییدا		
١١٠	ڕوانینێکی ئیسلامییانە بۆ واقیعی ئێستامان		چاپی یەك/٢٠٠٩ چاپی دوو/٢٠١٧
١١١	قورئان و پاکسازیی و چاکسازیی لە هەرێمی کوردستاندا		چاپی یەك/٢٠١٨
١١٢	گرنگیی ڕەوشت لەسیاسەتدا		چاپی یەك/٢٠١٩
ئافرەت و خێزان			
١١٣	ئافرەتی مسـوڵمانی کورد، مافە شەرعییەکانی و ئەرکە گرنگەکانی		چاپی یەك / ٢٠٠٣ چاپی دووەم / ٢٠٠٣
١١٤	مەوسـووعەی : ئـافرەت و خێزان لە سـایەی شـەریعـەتدا		بەرگی یەکەم چاپی یەك/٢٠٠٢ بەرگی یەك و دوو چـاپی سێ/٢٠١٣

www.alibapir.com

	مـێـــژوو		
١١٥	پوختەی ژیاننامەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)، دەرس و پەندەکانـی	چاپی یەك/٢٠٠٩ چاپی سێ/٢٠١٣	
١١٦	چەند مەڵۆیەك لە خەرمانی تەمەنم (بیرەوەرییەکانم)، بەشی یەکەم (١٩٦١-١٩٩١)	چاپی یەك/٢٠١٥	
١١٧	بەرکوڵێکی کاروچالاکیی و ڕووداوەکانی ژیانم (١٩٦١-٢٠١٧)	چاپی یەك/٢٠١٨	بۆ هەردوو زمانی عەرەبیی و ئینگلیزیی وەرگێڕدراوە
	دیدارو گفت وگۆ		
١١٨	سـنوورە قەدەغەکان مەشکێنن! (چاوپێکەوتنی دکتۆرحسـین محمد عزیز)	چاپی یەك/٢٠٠١ چاپی دوو/٢٠٠٤	-
١١٩	ئەشکەنجـەو زیندان، پێشمەرگەیەك بیست و دوو مانگ لە زینـدانی داگیـرکەردا	چاپی یەك / ٢٠٠٥ چاپی سێ/ ٢٠٠٩	وەرگێڕراوەتە سـەر زمانی عەرەبی، هەروەها دوو تەرجەمەی فارسـیشی کراوەو چـاپ و بڵاوکراوەتەوە، هەروەها بۆزمانی ئینگـلیزیش وەرگێڕراوەوچـاوەڕێی چاپە
١٢٠	گەنج لە چەمکە هەنووکەییەکاندا	چاپی یەك ٢٠١٠/	
	زنجیرەی بابەتە هەنووکەییەکان		
١٢١	گەنجەکانـمان لە نێوان ڕەسەنایەتیی و لاسایی کردنەوەدا (١)	چاپی یەك/ ٢٠٠٦	بۆ زمانی فارسـییش وەرگێڕراوە

www.alibapir.com

١٢٢	با وریا بین ! داڕووخانی ڕەوشت کۆمەڵگاکەمان بەرەو هەڵدێر دەبات (٢)	چاپی یەك / ٢٠٠٢ چاپی دوو/ ٢٠٠٦	
١٢٣	بەدوورخستنەوەی ئافرەت لە ئیسلام چ زیانێك دەکەین؟! (٣)	چاپی یەك / ٢٠٠٧	-
١٢٤	چۆنیەتی بوونە پێشەنگ و بنیاتنانی بنکەی جەماوەریی (٤)	چاپی یەك / ٢٠٠٧	
١٢٥	سیاسەتی ئیسلامیی و چەند ڕوونکردنەوەیەك (٥)	چاپی یەك / ٢٠٠٧	
١٢٦	چەند بنەمایەکی گرنگی وتاربێژیی (٦)	چاپی یەك / ٢٠٠٦	بۆ زمانی فارسییش وەرگێڕراوە
١٢٧	قوتابیانی زانیاری شەرعیی و چەند سەرنج و ڕێنماییی یەك (٧)	چاپی یەك / ٢٠٠٧	
١٢٨	خوو ڕەوشتی بەرزو پەسند سەنگی مەحەکی مسوڵمانەتییە (٨)	چاپی یەك / ٢٠٠٧	
١٢٩	بانگەواز بۆ لای خودا چی یەو چۆنەو بە کا دەکرآ؟ (٩)	چاپی یەك / ٢٠٠٧	بۆ زمانی فارسییش وەرگێڕراوە
١٣٠	قوتابیان لەم هەل و مەرجەدا، پێویستە چۆن بن و چی بکەن ؟! (١٠)	چاپی یەك / ٢٠٠٨	
١٣١	واقیعی هەرێمی کوردستان ، دیدێکی ئیسلامییانە (١١)	چاپی یەك / ٢٠٠٨	
١٣٢	سروشت و پایەکانی خێزان و مەسەلەی چەندژنیی لە تەرازووی شەرع و عەقڵدا (١٢)	چاپی یەك/٢٠٠٩	ئەم نامیلکەیە بە(١٤) ئاڵقە لە ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) دا بڵاوکراوەتەوە
١٣٣	کاری ئیسلامیی و ڕەواندنەوەی چەند تەم ومژێك (١٣)	چاپی یەك / ٢٠١١	

www.alibapir.com

١٣٤	حوکمی لە ئیســـلام هەڵگەڕانەوەو هەڵســـەنگاندنێك (١٤)	چاپی یەك/ ٢٠١١	
١٣٥	مەلای گەورەی کۆیەو تەفسیرەکەی و چەند سەرنجێك (١٥)	چاپی یەك / ٢٠١١	
١٣٦	لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی : هەبوون و نەبوونی نەسخ لە قورئاندا (١٦)	چاپی یەك / ٢٠١٢	
١٣٧	تاقیکردنەوەی خوا بۆ بەندەکانی چی یەو چۆنە؟ (١٧)	چاپی یەك/ ٢٠٠٣ چاپی دوو/ ٢٠١٢	
١٣٨	ڕەوەندی کورد لە هەندەران و ئەرکی سەرشانی (١٨)	چاپی یەك / ٢٠١٢	
١٣٩	خاتوون مەلاژن : ئافرەتێکی هەڵکەوتوو و هاوسەرێکی ناوازە (١٩)	چاپی یەك / ٢٠١٢	
١٤٠	گەنج و قەیرانی ڕووحیی: هۆکار، شوێنەوار، چارەسەر (٢٠)	چاپی یەك ٢٠١٧	
١٤١	ژیان لەسایەی ئیمانداو ڕەواندنەوەی گومانەکان (٢١)	چاپی یەك/ ٢٠١٧	
ب/کتێبـە عـەرەبییەکان			
	موسوعة : الإســـلام كما يتجلّى في كتاب الله	ط الاولى/٢٠١٥	
كە لە چـاپی یەکەمدا (٨) بەرگـەو، لە چـاپی دووەمیدا لە (١٢) کتێبدا دەبـێ، بەم شـێوەیە:			
١٤٢	الكتاب الأول: الإســلام: معرفة صحيحة بالخالق عز وجل والخلق	ط الثانية/٢٠١٦	
١٤٣	الكتاب الثاني: تعريف الإيمان	ط االثانية/٢٠١٧	

www.alibapir.com

١٤٤	الكتاب الثالث: الإيمان بالله تبارك وتعالى: الخالق الرب المالك الإله ذي الأسماء الحسنى والصفات العلى	ط الثانية/٢٠١٧	
١٤٥	الكتاب الرابع: الإيمان بالملائكة و بالجن	ط الثانية/٢٠١٧	
١٤٦	الكتاب الخامس: الإيمان بكتب الله الحكيم	ط الثانية/٢٠١٧	
١٤٧	الكتاب السادس: الإيمان برسل الله تعالى وأنبيائه الكرام	ط الثانية/٢٠١٧	
١٤٨	الكتاب السابع: خاتم النبيين محمد صلى الله علية وسلم: موجز سيرته وبراهين نبوّته	ط الثانية/٢٠١٨	
١٤٩	الكتاب الثامن: الإيمان باليوم الآخر وموجز عن القدر	ط الثانية/٢٠١٨	
١٥٠	الكتاب التاسع: إهتداء الإنسان بهدى الله، أو الإلتزام الفردي بشريعة الله	ط الثانية/٢٠١٨	
١٥١	الكتاب العاشر: إلتزام المجتمع بشريعة الله تعالى	ط الثانية/٢٠١٩	
١٥٢	الكتاب الحادي عشر: تطبيق المجتمع للشريعة و معالم الدولة في الإسلام	ط الثانية/٢٠٢٠	
١٥٣	الكتاب الثاني عشر: الإسلام: نظرة سديدة تجاه الناس وتعامل صحيح معهم	ط الثانية/٢٠٢٠	
١٥٤	نقض فكرة التطرف	ط الاولى/٢٠١٦-لندن-، ط الثانية/ ٢٠١٧، -القاهرة (نقض التطرف ودحض أفكار المتطرفين)	

www.alibapir.com

١٥٥	ضـيف و قضـية (مقابلة مع قنـاة العربية)	ط الاولى/٢٠٠٦	-
١٥٦	لقاء خاص (مقابلـة مع قنـاة العـالم)	ط الاولى/٢٠٠٦	
١٥٧	حديث مختصر حول مايجري على الساحة العراقية	ط الاولى /٢٠١٦	
١٥٨	طريق الصلاح والسير الى الله / تزكية النفس في ضوء القرآن والسنة	ط الاولى/٢٠١٢	
١٥٩	أمير وراء القضبان	ط الاولى/ ٢٠٠٩ ط الثاني/٢٠١٣	
١٦٠	مسائل عصرية رائجة	ط الثانية/٢٠١٤	
١٦١	قواعد مهمة في التعامل الشرعي الحكيم مع المسائل الفرعية الخلافية	ط الاولى/ ٢٠١١	
١٦٢	علماء الإسلام من هم وماهي صفاتهم؟	ط الاولى/ ٢٠٠٥ ط الثالثة/ ٢٠٢٠	
١٦٣	الأُصول الشرعية والخطوط العامة للجماعة الإسلامية	ط الأولى/٢٠٠١ ط الثالثة/ ٢٠١٢	
١٦٤	كيف نتعامل مع الناس؟	ط الأولى/٢٠٠٢	
١٦٥	حوارات ساخنة حول قضايا راهنة، في ميادين الفكر والفقه والدعوة والسياسة	ط الاولى والثانية/٢٠١٨	
١٦٦	الديموقراطية والعلمانية في تجربة كوردستان	ط الأولى /٢٠١٧	
١٦٧	خلاصة أحداث حياتي ونشاطاتي الفكرية والسياسية (١٩٦١-٢٠١٧)	ط الأولى /٢٠١٨	
١٦٨	نظرات فاحصة في قضايا شاخصة: الإسلام والأُمة، القضية الكوردية، الوضع العراقي	ط الأولى /٢٠١٨	

www.alibapir.com

	ئەو کتێبانەی لەژێر چاپـن
١٦٩	تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز/: تاکو سوورەتی: (التکاثر) خوا پشتیوان بێ کارکردن تێیدا بەردەوام دەبێ تا کۆتایی قورئان
	مەوسووعەی: بەرەو باشتر تێگەیشتن و پێگەیشتن
١٧٠	بەرگی یەکەم: واقیعی دژواری ئۆممەت: هۆکارو چارەسەر
١٧١	بەرگی دووەم: هەڵسەنگاندنێکی کاری ئیسلامیی
١٧٢	بەرگی سێیەم: چۆنیەتی گۆڕینی کۆمەڵگا و پاکسازیی و چاکسازیی تێداکردنی
١٧٣	بەرگی چوارەم: بەرەو بانگەوازێکی ڕاست و ڕەسەن
١٧٤	بەرگی پێنجەم: پایەکانی بووناسیی و، ڕوونکردنەوەی ئیمان
١٧٥	بەرگی شەشەم: خواپەرستیی, تەزکیە, تەقوا
١٧٦	بەرگی حەوتەم: بنەما گشتییەکانی ڕێبازی جەماوەری مسوڵمانان
١٧٧	بەرگی هەشتەم: تایبەتمەندییە ئیمانیی و فیکرییەکانی جەماوەری مسوڵمانان
١٧٨	بەرگی نۆیەم: ڕەوشتبەرزیی دروشمی سەرەکیی جەماوەری مسوڵمانان
١٧٩	بەرگی دەیەم: چوار بابەتی سیاسی گرنگ و هەستیار
١٨٠	بەرگی یازدەیەم: بنچینە گرنگەکانی تەبایی و یەکڕیزیی مسوڵمانان
١٨١	بەرگی دوازدەیەم: بنەڕەتەکانی مسوڵمانەتییەکی ڕاست و هاوسەنگ

www.alibapir.com

کورتەیەك لە مێژووی ژیانی مامۆستا عەلی باپیر

ناو: عەلی باپیر وەتمان

لەدایکبووی: ساڵی (١٩٦١ز)دا لەقەزای پشدەر سەر بەپارێزگای سلێمانیی.

• زانیارییە ئیسلامییەکانی لە پەیمانگای ئیسلامیی (ڕانیەو سلێمانیی)و لە لای زانایانی کوردستانی عێراق و «دواتریش کوردستانی ئێران» بەدەستهێناون، لەساڵی (١٩٨٠ز)دا قورئانی بەپێزی لەبەر کردوە.

• لەساڵی (١٩٨١ز)دا لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بڕیاری دەستگیرکردنی دراوە، هەربۆیە ئەوکات عێراقی جێهێشتوەو ئاوارەی ئێران بووە، کە ئەوکاتە لە قۆناغی دووەمی زانکۆ بووە، کۆلیجی شەریعەت.

• لەساڵی (١٩٨٣ز)دا گەڕاوەتەوە کوردستانی عێراق و لە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی هەولێر تاقیکردنەوەی ئیمامەتی داوەو، لە مزگەوتی (نۆڕسیی) لە شاری ڕانیە دامەزراوەو، بەردەوام بووە لەسەر دەرس گوتنەوەو بانگەوازی ئیسلامیی و...هتد.

• یەکەمین بەرهەمی لەساڵی: (١٩٨٣)زدا نووسیوە بەناوی: (پوختەیەك دەربارەی ئیسلام) پاشان کتێب و بەرهەمەکانی بەردەوام بوون کە ئێستا

www.alibapir.com

ژمارەیان لەسەد (١٠٠) تێپەڕیوە، لە مەوسووعەو کتێب و نامیلکەو، بەزمانی کوردیی و عەرەبیی و، هەندێك لە کتێبەکانیشی کە بەزمانی کوردیی نووسیونی، بۆ زمانەکانی: عەرەبیی و، فارسیی و، تورکیی و، ئینگلیزییش وەرگێڕراون.

• لەساڵی (١٩٨٧ز)دا پاش ساڵانێك لە خەباتی ئاشکراو نهێنیی پەیوەست لەگەڵ {بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامیی}دا، کە لەکۆتایی حەفتایەکانی سەدەی پێشوودا ڕێکخستنە نهێنییەکانی دامەزران، چۆتە چیاو دەستی بەخەباتی چەکداریی کردوە لە چوارچێوەی بزووتنەوەی ئیسلامییدا، کە لەچەند ناوچەیەکی کوردستاندا بنکەو بارەگای سەربازیی هەبوو دژی ڕژێمی بەعس و، هێزی حەمزەی لە بناری چیای قەندیل دامەزراند.

• لە ساڵی (١٩٨٨ز)دا بووە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامیی.

• لەساڵی (١٩٩١ز)دا ڕۆڵی هەبووە لەڕاپەڕینی ئازاری (١٩٩١ز) داو وریاکردنەوەی خەڵکی کوردستان، لە مەبەست و ئامانجەکانی ڕاپەڕینی جەماوەریی و ناساندنی بزووتنەوەی ئیسلامییدا.

• تاکو ساڵی (٢٠٠١ز) لەنێو بزووتنەوەدا درێژەی بەخەباتی خۆی داوەو، لەهەمان ساڵدا لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری هێزو مەڵبەندەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی لەبەر چەند هۆکارێکی مەنهەجیی (کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان) ڕاگەیانراو بەئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی هەڵبژێردرا.

www.alibapir.com

• لە (٢٠٠٣/٧/١٠ز) لەسنووری سلێمانیی لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە بەتۆمەتی نارەوا دەستگیرکراو، بۆ ماوەی (٢٢) مانگ لەزیندانداا مایەوەو، هەر لەزیندانداا مەوسووعەی: (الإسلام كما يتجلي في كتاب الله)ی لە دوازدە کتێب و زیاتر لە چوار هەزار (٤٠٠٠) لاپەڕەدا نووسیی و، لە (٢٠٠٥/٤/٢٨ز)دا لەزیندان ڕزگاری بوو.

• تا ئێستا زیاتر لە (١٠٠) بەرهەمی هەیە لە: مەوسووعەو کتێب و نامیلکە، لەبوارەکانی: (فیکری ئیسلامیی و عەقیدەو فیقهو حوکم و سیاسەت و تەزکیەی نەفس و ئەخلاق و، بەرپەرچدانەوەی بیرو ڕێچکە نامۆیەکان و...هتددا.

• لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠١٠-٢٠١٤ز)دا، بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر بازنەی پارێزگای هەولێر کاندید بووەو، دەنگی یەکەمی هێناوە، زیاتر لە (٦٠،٠٠٠) دەنگ.

• کۆمەڵی ئیسلامیی تائێستا سێ کۆنگرەی بەستوە، لەساڵانی: (٢٠٠٥ و ٢٠١٠ و ٢٠١٥ز) داو، لەهەموویاندا، بەئەمیر هەڵبژێردراوەتەوە.

• ئێستا پڕۆژەی تەفسیرکردنی قورئانی بەرزو بەپێزی دەستپێکردووەو، تا ئێستا چەند بەرگێکی لێ چاپ و بلاوکراوەتەوە.

بۆ زانینی زیاتر لەسەر ژیانی دانەر، سەردانی لینکی خوارەوە بکەن:

www.alibapir.net

www.alibapir.com

نێوەڕۆک

پێشەکی و ڕێ خۆشکردن.....٩

بەشی یەکەم : حەوت پایەی کۆکەرەوەی ئیسلام.....١٥

دەستپێك.....١٧

پایەی یەکەم: بوونناسیی ئەو بناغەیە، کە کۆی ئیسلامی لەسەر بنیاتنراوە....١٩

شەش بنەما سەرەکییەکەی بوونناسی لەم ئایەتەدا:.....٢١

پایەی دووەم: ئیمان بەرهەمی بوونناسییە ٢٣

پایەی سێیەم: خواپەرستیی هەڵقوڵاوی ئیمانە ٢٥

پایەی چوارەم: تەزکیەو تەقوا بەرهەمی خواپەرستیین ٢٦

پایەی پێنجەم: ڕەوشتی پەسند، بەرهەمی ئیمان و خواپەرستیی و تەزکیە و تەقوایە ٢٨

پایەیی شەشەم: خێزان بناغەی کۆمەڵگای ساغ و تۆکمەیە ٢٩

پایەی حەوتەم: بنیاتنانی قەوارەی سیاسیی: دوا ئاڵقەی پابەندییە بە ئیسلامەوە ٣١

بەشی دووەم: هەشت بنەمای پێویست، بۆ ڕاست تێگەیشتنی ئیسلام٣٥

دەستپێك.....٣٧

بنەمای یەکەم: ئیسلام، تەنیا لە قورئان و سوننەت دا بەرجەستەیە ٣٩

بنەمای دووەم: بەبێ تێگەیشتنی قورئان، نازانین ئیسلام چییەو، بەبێ گرتنی ڕێبازی پێغەمبەریش نازانین قورئان چۆن جێبەجێ بکەین ٤٢

www.alibapir.com

بنەمای سێیەم: بناغەی دینداریی ڕاست و کاری ئیسلامی بەجێ، ڕاست تێگەیشتنی ئیسلامی بەرجەستەیە لە قورئان و سوننەت دا ٤٥

بنەمای چوارەم: ئیسلام، بەبێ نوێ کردنەوە (تجدید) ـ تازەکردنەوەی لێ تێگەیشتنی ـ لەژیان بەجێ دەمێنێ.....٤٧

بنەمای پێنجەم: بناغە لە بواری ئیمان و خواپەرستییدا: شوێنکەوتنی وەحییە، بەڵام لەبواری هەڵسوکەوتەکاندا، بناغە دەستکراوەیی و داهێنانە، مەگەر لەگەڵ وەحییدا دژ بوەستێ.....٥٠

بنەمای شەشەم: شەریعەت لە بواری چەسپاوەکان (الثوابت)دا چۆتە نێو وردەکارییەکانەوە، بەڵام لە بواری گۆڕاوەکان (المتغییرات)دا، بە کورتیی و گشتیی (إجمال) دواوە.....٥٢

بنەمای حەوتەم: وەك چۆن ئەسڵ لە شتاندا، پاکییە و، لە هەڵسوکەوتاندا، ڕەواییە و، لە کەسەکاندا، ئەستۆ پاکییە، بەهەمان شێوەش: ئەسڵ لە مسوڵمانانیشدا، مسوڵمانەتییە، هەتا پێچەوانەکەی بەبەڵگەیەکی دڵنیاکەر دەچەسپێ:.....٥٧

بنەمای هەشتەم: قورئان کردنە پێوەرو تەرازوو، بۆ ڕێژەی گرنگیی و بایەخ پێدانی بابەتەکان.....٥٩

بەشی سێیەم: هەشت پایەی سەرەکیی، بۆ دروست پێکەوە مامەڵەکردنی مسوڵمانان.....٦٥

دەستپێك.....٦٧

پایەی یەکەم: بێجگە لە ناوی مسوڵمانان (مسلمون) بەکارهێنانی هەر ناوونیشانێکی دیکە، - وەك بناغە بۆ دۆستایەتیی (موالاة) - ناڕەوایە، مەگەر وەك ناوونیشانی سیاسیی و بۆ خەڵکێکی دیارییکراو.....٦٨

www.alibapir.com

پایەی دووەم: دڵسۆزیی و بە تەنگەوە بوون (نُصْح) بۆ خوا (عزوجل) و خەڵك، جەوهەری دینداریی ڕاست و ساغە ٧٠

پایەی سێیەم: هاوسەنگیی (إتّزان) هەوێن و هۆکاری دینداریی ڕاست و ڕەسەنەو، مایەی پارێزرانە لە زێدەڕۆیی و بە زایەدان (إفراط والتفريط)..... ٧٢

پایەی چوارەم: گەڕان بەدوای خاڵە هاوبەشەکانداو، هاوکاریی یەکدی لەسەر کردنیان و، ڕێزگرتن لە تایبەتمەندییەکانی یەکدی..... ٧٦

پایەی پێنجەم: ئیمان و فەرمانبەریی و ڕەوشتی پەسەند، سێ پێکهێنەری بنەڕەتیی موسڵمانەتیی تاکن ٨٠

پایەی شەشەم: بانگەواز بۆ چاکەو، فەرمان کردن بە پەسەند و، ڕێگریی کردن لە ناپەسەند، سێ پایەی سەرەکیی کۆمەڵگایەکی سەرفرازن ئەوە بە نسبەت تاکەوە، بەڵام بە نسبەت کۆمەڵگایەکی مسوڵمانەوە: ٨٢

پایەی حەوتەم: دۆستایەتیی و پشتگیریی یەکدی کردنی بڕوادارانی، مایەی بۆ ئەنجامدرانی ئەرکی فەرمان بە پەسند کردن و ڕێگریی لە ناپەسەند کردنیان و، نوێژ کردن و زەکاتدان و، فەرمانبەریی کردنی خواو پێغەمبەر و (صلى الله عليه وسلم)، هۆکاری بەزەیی خوایە بۆیان ٨٥

پایەی هەشتەم: حەقی ڕەها (الحق المطلق) تەنیا لەلایەن خوای پەروەردگارەوەیە و، پێغەمبەری خاتەمیش (صلى الله عليه وسلم) گەیەنەرو ڕوونکەرەوەو چەسپێنەری ئەو حەقە بووە، بۆیە زاناو پێشەوایان، وێڕای ڕێزو پێزانینمان بۆیان، بەڵام هیچ کامیان پارێزراو (معصوم) نین و، دەمارگیریی و تەسلیم بوونی ڕەها بۆ ڕاو بۆچوونی هیچ کەس، دروست نیە و، بەرهەمی فیکریی هەر کام لە زانایانیش، زیاتر پەیوەستە بەو واقیع و بارودۆخەوە کە تێیدا ژیاون ٨٧

www.alibapir.com

بەشی چوارەم: حەوت ڕۆشنکەرەوەی کاری: پاکسازیی و چاکسازیی.... ٩٣

دەستپێك.....٩٥

ڕێڕۆشنکەرەوەی یەکەم: هەموو مسوڵمانێك لەسەری پێویستە مشووری کۆمەڵگا و دەوروبەری خۆی بخوات و، پاکسازیی و چاکسازیی تێدا بکات، نەك لەهەڵە و پەڵە و لادان و تاوانەکانیەوە ڕابمێنێ، بەڵام دەبێ زۆر وریابێ و وردەکاریی زۆر لە شێوازەکانی گۆڕانکارییەکەی دا بکات، چونکە مەحاڵە ئایینی تێر و تەواوی ئیسلام، بەشێواز و ئامرازە ناشەرعییەکان، خزمەتی بکرێ:... ٩٧

ڕێڕۆشنکەرەوەی دووەم: پێکهێنانی قەوارەی سیاسیی، وێڕای عەقڵ و واقیع، سروشتی ئیسلام و دەقەکانی شەریعەتیش دەیخوازن و، شێوازی شەرعییانە و سروشتییانەی بنیاتنانی دەوڵەتیش ـ لە ئیسلام دا ـ ئەوەیە کە لەڕێی بانگەواز و هۆشیارکردنەوە و بێدارکردنەوەی خەڵك و کۆمەڵگاو، پەروەردەکردنیانەوە، زەمینەسازیی بۆ بکرێ و، نابێ بەهیچ جۆرێك بیر لەبەکارهێنانی هێز و خۆسەپاندن بکرێتەوە، بۆ بنیاتنانی قەوارەی سیاسیی.....١٠١

ڕێڕۆشنکەرەوەی سێیەم: گۆڕانی واقیع ئەنجام و بەرهەمی خۆگۆڕینە.... ١٠٦

ڕێڕۆشنکەرەوەی چوارەم: هەڵوێستی ڕاست و دروست لە بواری گۆڕانکاریی لە کۆمەڵگادا، موداراکردن و خۆڕاگریی و سوربوونە لەسەر چاکسازیی تێدا کردنی و بەرەو بەختەوەریی و سەرفرازیی بردنی:..... ١٠٨

ڕێڕۆشنکەرەوەی پێنجەم: جێبەجێکردنی زۆربەی شەریعەت، بەتاك و کۆمەڵگاوە پەیوەستەو، جێبەجێکردنی کەمێکی بە دەوڵەتەوە پەیوەستە: ١١٠

ڕێڕۆشنکەرەوەی شەشەم: قەوارەی سیاسیی لە ئیسلام دا، لە هەناوی کۆمەڵگا دێتەدەرێ ١١٢

www.alibapir.com

ڕێڕۆشنکەرەوەی حەوتەم: بەهرەمەندبوونی مسوڵمانان لە غەیری خۆیان لە بوارەکانی: حوکم و سیاسەت و ئیدارەو ئابووریی و تەکنۆلۆژیاو ... هتددا، مادام لەگەڵ دەقێکی وەحیی دا دژنەوەستێ، نەك هەر دروستە، بگرە فەرز، یان پەسندە، بە پێی پلەی پێویستیی پێبوونەکەی:..... ١١٤

بەشی پێنجەم: هاوسەنگیی بناغەی کەسایەتیی (شخصية)ی مسوڵمانە.... ١١٧

زەقترین نیشانەی کەسایەتیی مسوڵمان هاوسەنگیی یە ١٢٦

بواری یەکەم: هاوسەنگیی کەسایەتیی مسوڵمان، لە بواری بووناسیی و تێڕوانین دا ١٢٩

١- سروشت و ئەودیو سروشت:..... ١٢٩
٢- دنیـــا و دواڕۆژ:..... ١٣١
٣- جەستە و گیان (الجسم والروح): ١٣٣
٤- عەقڵ و دڵ:..... ١٣٤
٥- نە تۆبزیی لێکران و، نە هەموو شت پێکران:..... ١٣٦
٦- نە تاکی بەرهەڵدا و، نە کۆمەڵگای بێ سەڵا:..... ١٣٧

بواری دووەم: هاوسەنگیی کەسایەتیی مرۆڤی مسوڵمان لەبواری بیر و بڕوادا..... ١٣٩

١- نە بڕوا بە خوا نەهێنان، نە هاوبەش بۆ خوا دانان (لا الإلحاد ولا الشرك): ١٣٩
٢- نە داڕووتاندن نە وێچواندن (لا التجريد ولا التشبيه):..... ١٤٠
٣- نە نەتەوەپەرستیی، نە بێ هەست و نەستیی:..... ١٤١
٤- ئایینی نەگۆڕدراوو، زانیاریی تەواو:..... ١٤٢
٥- ئافرەت لەنێوان هەبوون و بێ ناو بوون دا:..... ١٤٣

www.alibapir.com

٦- ڕێزگرتن لە بیروڕای پێشینان و، بڕوابوون بە گۆڕانکاریی و داهێنان: ... ١٤٦
بواری سێیەم: هاوسەنگیی کەسایەتیی مرۆڤی مسوڵمان، لە بواری جم و جۆڵ و چالاکیی دا ١٤٩
١- قسە و وتار و، کردەوە و ڕەفتار: ١٤٩
٢- هەم تەقوا و هەم غەزا: ١٥٠
٣- هەم عیبادەت و هەم سیاسەت: ١٥١
بواری چوارەم: هاوسەنگیی کەسایەتیی مرۆڤی مسوڵمان، لە بواری خوو و ڕەوشت دا ١٥٥
٢- ترس و ئومێد (الخوف والرجاء): ١٥٧
٣- نە دەستبڵاویی نە چەنگ قووچاویی: ١٥٨
٤- نە فیزودەمار نواندن، نە خۆزەبوون کردن: ١٥٩
٥- نە باوەڕ بەخۆ نەبوون، نە لەخۆبایی بوون: ١٦١
٦- هەم بەستنەوە و گرێ دان، هەم ڕووکردنە خوا و پاڵ وێدان: ١٦٣
بەرهەمەکانی دانەر ١٦٩
کورتەیەك لە مێژووی ژیانی مامۆستا عەلی باپیر ١٨٦

بنەڕەتەکانی مسوڵمانەتییەکی ڕاست وهاوسەنگ

ئەم کتێبە ئامانج لێی دەستنیشانکردنی ئەو پایە و بنەڕەتانەیە، کە مسوڵمانەتیی و دینداریەکی ڕاست و هاوسەنگیان لەسەر بنیات دەنرێ، لە ژیانی تاك و کۆی مسوڵمانان دا، بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە، ئنجا من هەوڵم داوە گرنگترین و سەرەکییترین ئەو بنەڕەتانە، لە سی‌و یەك (31) دانەدا، کورت بکەمەوە.

بۆیەش گوتوومانە: {مسوڵمانەتییەکی ڕاست و هاوسەنگ} چونکە:

مسوڵمانەتیی و دینداریەك لە لای خوای تاك و پاك، پەسندە، کە لە ڕووی خودو چییەت (ذات و ماهیَّە)ەوە، ڕاست و تەواو بێ و، لە ڕووی شێوەو چۆنیەتیی (شکل وکیفیة)ەوە، هاوسەنگ و نەلەخشاو بێ، هەڵبەتە هەتا لە کتێبی موبارەکی خواوەش نیزیکتر بین و، کارلێکی چاکتری لەگەڵدا بکەین، دینداریی و مسوڵمانەتییەکەمان ڕاستتر دەبێ و، هەتا بە ڕێبازی(محمد) پێغەمبەریشەوە صلی الله علیه وسلم، پابەندتر بین، پێی ئاشناتر بین، مسوڵمانەتیی و دینداریەکەمان، هاوسەنگتر دەبێ.

www.alibapir.net

/alibapir1

/alibapir

نوسینگەی تەفسیر

بۆ بڵاوکردنەوە

هەولێر - شەقامی ٣٠مەتری تەنیشت منارەی چۆلی

+964 750 818 08 66

www.al-tafseer.com

tafseeroffice@yahoo.com

/TafseerOffice

www.alibapir.com